# دڵنیابن ئەم ئەزموونە تێکناچێت

((من لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی جەماوەرم، لەگەڵ حکومەت بەجدی خەریک دەبین جێبەجێیان بکەین، خۆمان هەڵگری ئاڵای چاکسازیین و سوپاسی هەر کەسێک یا هەر لایەنێک دەکەین لەوەدا یارمەتیمان بدات و ڕۆڵی خۆی ببینێت، ئامادەم گوێ لە داواکانی هەموو کەسێک بگرم، من هەموو تاکێکی ئەو کوردستانە بە براو خوشکی خۆمی دەزانم و ئەرکی منە خزمەتیان بکەم)).

**سەرۆکی کوردستان**

هەولێر لە ١١ی ئادار و لەبیرەوەری دوو بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی و مەزندا دووپاتی کردەوە کە بێجگە لە ڕۆڵەکانی خۆی کەس بۆی نییە بەناویەوە قسە بکات، دووپاتی کردەوە ئەم ئەزموونە کەبۆتە چقڵی چاوی دوژمنان لە ئامادەباشیدایە بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و خۆی بۆ ئاهەنگی سەرکەوتنی یەکجارەکی ئامادە دەکات، هەولێر سەلماندنی ئەو لەسەرخۆ و ئارام هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام هەنگاوەکانی بۆ پێشەوەن و گەڕانەوەی بۆ داواوە تێدا نییە، هەربۆیە بەهەموو هێزی ڕۆڵەکانیەوە لەدەوری سەرۆك و ئەو حکومەتەی بەدەنگی ڕۆڵەکانی شەرعیەتی وەرگرتووە، کۆدەبێتەوە و بڕیاری داوە بەرگری لە شەرعیەت و ئەزموونە دیموکراتیەکەی کوردستان بکات.

ئاهەنگی یادکردنەوەی ١١ی ئادار و یادکردنەوەی ڕاپەڕینی خەڵکی هەولێر، یادکردنەوەی هەموو دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، لەبەرئەوەی بە ئازادکردنی هەولێر ڕاپەڕین تاجی سەرکەوتنی لەسەر نا، دەسپێکی ڕاپەڕینی لەدەروازەی ڕاپەڕین پیرۆز کرد و پەیامی سەرفرازی بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی ناردو بووە هاندەرێك بۆ ئەوەی لە بادینانەوە پەیامی ڕزگاری بۆ کەرکوکی دڵی کوردستان بنێرێت.

لەم بۆنە نیشتمانیەدا بە بەشداری بەڕێز مسعود بارزانی لەگەڵ جەماوەری شاری هەولێر بۆ یادکردنەوەی ئەم دوو بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییە، هێندەی دیکەی ساڵیادی ڕاپەڕینی



# و كەسیش ناتوانێ تێكی بدات

هەولێر و یادی ڕێككەوتننامە مێژووییەكەی شۆڕشی ئەیلوولی بەهادار و بەنرختر كرد، كە تیایدا جارێكی دیكە سەرۆكی كوردستان ڕووی لە ڕۆڵەكانی كوردستان كرد و بەزمانێكی ڕاشكاوانە پەنجەی خستە سەر هەموو گرفتەكان و بەڵێنی بەجەماوەری خۆپیشاندەری سلێمانیدا كە بەرێزیان لەگەڵ هەموو داواكارییەكانی خۆپیشاندەرانە و لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرنامەیەكی چاكسازی بنەڕەتی و هەمیشەیی داڕێژراوە و پشتیوان بەخوا لە چەند مانگی دادێ هەموو هاووڵاتیان ئاكامەكەی دەبینن و ئەوكات دەزانن كە سەرۆكی كوردستان بەشەخسی خۆی هەڵگری ئاڵای چاكسازییە.

سەرۆكی كوردستان لەم بۆنەیەدا جارێكی دیكە ئەوەی دووپاتكردەوە، بەوەی پێویستە داخوازی خۆپیشاندەران و ئەجیندای سیاسیی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن لێكجیابكرێنەوە، ئەگەر لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن بەكردەیی ئامانجیان ئەوەیە كە پرۆسەی چاكسازی لەهەرێمی كوردستان ئەنجام بدەن، ئەوە دەرگا كراوەیە و دەتوانن ڕۆڵی خۆیان لەم بوارە بگێڕن، تەنانەت ئەگەر خواستی ئەوەشیان هەیە بەشداری حكومەت بكەن، سەرۆكی كوردستان ڕایگەیاند، ئەمەش هیچ گرفتێك نییە و با لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ پارتی و یەكێتی بكەونە وتووێژەوە، سەرۆكی كوردستانیش پشتگیریان لێدەكات و دروستكردنی حكومەتێكی بنكە فراوانی نیشتمانی بە پەسەند دەزانێت.

سەبارەت بە بەرز نرخاندنی ئیرادەی گەلی كوردستانیش، سەرۆكی كوردستان جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە مەرجەعی ئەخیر ئیرادەی گەلی كوردستانە و ئەم دەسەڵاتە بەئیرادە و دەنگی ئەو جەماوەرە وەرگیراوە و هەر ئەو جەماوەرەش دەتوانێت بیگۆڕێت و بۆیە لەمبارەشەوە جەماوەری كوردستانی دڵنیاكردەوە، با بفەرموون دەگەڕێینەوە بۆ گەلی كوردستان و ئەوەی گەلی كوردستان بڕیاری لەسەردا، دەبێت هەموو لایەك قبوڵی بكەن.


ئەوەی ماوەتەوە لەم وتارە كورتە ئاماژەی پێبكەین، دڵنیایی كردنەوەی خەڵكی كوردستانە لەلایەن سەرۆكی كوردستانەوە كە بەجەماوەری كوردستانی ڕاگەیاند(دڵنیاتان دەكەمەوە ئەو ئەزموونە تێكناچێت و كەسیش ناتوانێ تێكی بدات) ئەم پەیامە لەگەڵ ئەوەی لە ڕووكاردا تەنیا دڵنیایی بۆ وەزعی ڕاهینی ئێستا لێدەخوێنرێتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆكدا مژدەی ئاسۆیەكی گەشی هەڵگرتووە كە چاوەڕێ دەكرێت لە ئایندەیەكی نزیكدا ڕەنگبداتەوە.



### لەساڵیادی لە دایکبوونی مستەفا بارزانی دا

# ڕێبازی بارزانی گەوهەرێکی دەگمەن و بەرپرسیاریەتیەکی مەزنە






## ((ئەو هێزەی یەکمان دەخات، بەهێزترە لەو هێزەی یەکرێزیمان تێکدەدات))

### ئەبراهام لنکۆڵن

ئەبراهام لنکۆڵن یەکێك نییە لە باوکانی دامەزرێنەر (Father's Foundation)ی کۆماری ئەمریکای ئازاد و داڕێژەرانی دەستووری ئەمریکا، بەڵام کاتێك پرسیار دەکرێت ئایا ئەبراهام لنکۆڵن بۆ گەلی ئەمریکا چی دەگەیەنێت؟ وەڵامەکەیان ئەوەیە لنکۆڵن میراتی ئازادییە بۆ ئەمریکیەکان، باراك ئۆباما کە لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ وەك ٤٤ەمین سەرۆکی ئەمریکا سوێندی یاسایی خوارد، لە ١٢ی شوباتی هەمان ساڵ (دوای تێپەڕبوونی تەنیا ٢٢ ڕۆژ بەسەر ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا ) و لە دووسەدەمینساڵیادی لەدایکبوونی لنکۆڵندا دەڵێت: (دەمەوێت ئەبراهام لنکۆڵن بکەمە چیرۆکی کارکردنی خۆم) ئەمەش واتە دەیەوێت بە خەڵکی ئەمریکا بڵێت: (من بانگێشە بۆ ئەوە ناکەم کە لەو خەڵکانەی لەم بۆنەیە ئامادەن، زیاتر لە ژیانی لنکۆڵن دەزانم، بەڵکو دەمەوێت پێتان بڵێم کە ئەم کەسایەتیە دەگمەنە بە چەندین ڕێگە بۆتە چیرۆکی ژیانی من و بەچەندین شێوازی جیاواز بۆتە چیرۆکی سەرکەوتنی ئەمریکا).



ئاماژەکردن بە لنکۆڵن وەك میراتی ئازادی بۆ ئەمریکیەکان و جیاکردنەوەی لە باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئەمریکا و داڕێژەرانی دەستووری ئەمریکا، لەچەند ڕوویەکەوە لە مستەفا بارزانی و ڕێبازی بارزانی دەچێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چۆن لنکۆڵن یەکێك نەبووە لە دامەزرێنەرانی دەستوور، بەهەمان شێوە مستەفا بارزانیش یەکێك نەبووە لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبازە، بەڵکو درێژەپێدەر و بە کردەییکردنی ئەو ڕێبازە بووە، بە هەمان شێوە لنکۆڵنیش هیچی لە دەستووری ئەمریکا زیاد و کەم نەکردووە، بەڵکو بەتێگەیشتنی قووڵی خۆی بۆ خوێندنەوەی دەستووری ئەمریکا، گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەو دەستوورەی کۆماری ئەمریکا کە لەسەر بنەمای ئازادی دامەزراوە، بۆ ئەوە نییە بەشێك لە ئەمریکییەکان لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا ئازاد بکات، یان بۆ ئەوە نەنووسراوە دوای ئازاد بوونی ئەمریکا لە ژێر دەستی بەریتانیا، بەشێك لە ئەمریکیەکان بەشێکی دیکە وەك کۆیلە سەیر بکەین، بەڵکو مانای ئازادی لە دەستووری ئەمریکادا بەوجۆرە هاتووە کە هەموو ئەمریکیەکان ئازادبن و سەردار و کۆیلە لەنێوان ئەمریکیەکاندا نەمێنێت، ئەم هەڵوێستەی لنکۆڵن کە لە پێناویدا شۆڕشی دژی کۆیلەیەتی ڕاگەیاند، بووە هۆکاری ئەوەی کە ئێستا ئەمریکیەکان لنکۆڵن وەك سەرچاوە و پارێزەری ئازادی سەیر بکەن. ڕاستە سەرچاوەی بونیادی ئازادی لە دەستووری ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لنکۆڵن لە دوای سەربەخۆیی ڕێگەی نەدا ئەو سەرچاوەیە لێڵ بکرێت یان تەفسیری جۆراو جۆری بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی ئەمریکای بۆ بکرێت.


ئەگەر لەم ڕوانگەیەو لە سەدو هەشتەمین ساڵیادی مستەفا بارزانی وەك سەرکردەیەکی دەگمەن بۆ پیادەکردنی ڕێبازی بارزانی سەیر بکەین، ئەوا دەکرێت ڕاشکاوانە ئەوە بەخوێنەری خۆمان بڵێین، ڕێبازی بارزانی لەگەڵ خەباتی مستەفا بارزانی دەست پێناکات، بەڵکو خەباتی مستەفا بارزانی لەناو ڕێبازی بارزانییەوە دەست پێدەکات، لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو، مستەفا بارزانی پێش ئەوەی وەك سەرکردەیەکی لۆکاڵ لە ناوچەی بارزان بناسرێت، ڕێبازی بارزانی فەرمانی پێداوە بۆ پشتگیری شێخ مەحمودی حەفید و دروست بوونی کیانێك بۆ کورد ڕووبکاتە

**چۆن لنكۆڵن یەكێك نەبووە لە دامەزرێنەرانی دەستوور، بەهەمان شێوە مستەفا بارزانیش یەكێك نەبووە لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبازە، بەڵكو درێژەپێدەرو بە كردەییكردنی ئەو ڕێبازە بووە**

سلێمانی و پشتگیری و پشتیوانی لە حكومەتەكەی شێخ مەحمود بكات، كەواتە دروست بوونی كیانێك بۆ كورد ئەوجا چ (مەملەكەت بێت یان دەوڵەت) یەكێكە لە بنەماكانی ڕێبازی بارزانی، ئەم كیانە هەر كەس و لایەك دروستی بكات، ڕێبازی بارزانی یەك ئەركی هەیە، ئەویش پاراستنی ئەو كیانەیە، كەواتە كاتێك لە مستەفا بارزانییەوە فێر دەبین كورد مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات و مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، ئەمە مانای ئەوە نییە، پێش مستەفا بارزانی و لەدەستووری ڕێبازی بارزانیدا ئەم مافە بوونی نەبووە، لەبەر ئەوەی مێژوو پێمان دەڵێت ئەم خواستە لە سەرەتاكانی سەدەی ڕابردوو شێخ عەبدولسەلامی بارزانی هەوڵی بۆداوەو هەر لەو پێناوەشدا لە سێدارە دراوە، بەڵام پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو هۆكارانە چین كە مستەفا بارزانی لەهەموو سەركردەكانی دیكەی سەدەی ڕابردوو جیادەكاتەوە، بەو سەركردانەشی كە ڕێبازی بارزانیان بونیاد ناوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا مێژوو پێی نادرێتەوە، بەڵكو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ناو ڕووداوەكانی مێژوو سەرلەنوێ ڕووداوەكان وەك خۆیان بەپێی شوێن و زەمەنی خۆی بە قسە بهێنینەوە، بەقسە هێنانەوە بەو مانایەی چۆن مستەفا بارزانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو بڕیارانەی دەیدات دواتر چۆن دەشكێنەوە، پابەند بووە بە ڕێبازی بارزانییەوە، باشترین نموونە بۆ ئەم باسە سووربوونی مستەفا بارزانی بووە لەسەر ناسنامەی كوردستانی بوونی كەركوك، كە شۆڕشی ئەیلوولی لەسەر كرایە قوربانی، مستەفا بارزانی كاتێك ئەو بڕیارەیدا كە سازش لەسەر كوردستانییەتی كەركوك ناكرێت، بێجگە لە بەرژەوەندی نەوەكانی ئێستا و داهاتووی گەلی كوردستان هیچ بەرژەوەندیەكی دیكەی ڕەچاو نەكردبوو، ڕاستە ئەم بڕیارە بوێرانەیەی مستەفا بارزانی بۆ ماوەیەكی كاتی دووچاری چەندین كارەسات و چەرمەسەری كردین، بەڵام مستەفا بارزانی دڵنیابوو لەوەی لە لێپرسینەوەی لەبەردەم مێژوودا سەربەرز و سەرفراز دەبێت، بەداخەوە مەرگ بواری مستەفا بارزانی نەدا، ڕۆژی ٢١ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ببینێت كە چۆن كەركوك ئازاد كرا، بەڵام گەلی كوردستان بەشێوەیەكی دیكە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو سەرۆكە پیشاندایەوە كە لە ١٩٩٣/١٠/٦ تەرمەكەی هێنرایەوە بۆ كوردستان، هەموو گەلی كوردستان لە باشماخ تا بارزان بە پێوە ڕاوەستان، لە زاخۆ تا خانەقین فرمێسك بەچاویاندا هاتە خوارەوە، دیمەنی ئەو ڕۆژە پێمان دەڵێت (پارتی دیموكراتی كوردستان ئەو هێزەی نییە كە ئەو كەرنەڤاڵەی پێ ڕێكبخرێت و بتوانێت لە زاخۆ تاخانەقین و لە باشوورە بۆ باكوور و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا هەموو تاكێكی ئەم كوردستانە لەسەر كۆمەڵێك پرانسیپی كوردایەتی لە چوارچێوەی فەلسەفەیەكی میللیدا یەكبخات) هەروەها (هیچ هێزێك نییە و دروستیش نابێت كە بتوانێت ئەو یەكڕیزییەی نێو ماڵی كوردستانییەكانی تاسەر پێ تێكبدرێت، هەتا ڕەگ و ڕیشەی ڕێبازی بارزانی و خۆشەویستی مستەفا بارزانی لەناو ئەم گەلەدا بوونی هەبێت)، ئەمە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت (ئەو هێزەی كە یەكمان دەخات زۆر بەهێزترە لەو هێزەی كە هەوڵدەدات یەكڕیزیمان تێكبدات)، لێرەدا پرسیاری دیكە ئەوەیە كە ئەو هێزە بوونی هەیە، بۆچی بەردەوام هەڕەشە لەسەر یەكڕیزی كورد دروست دەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە ڕاشكاویەكی لەڕاددەبەدەر هەیە، ئەویش ئەوەیە كە ناتوانین وەك مستەفا بارزانی پابەندبین بە ڕێبازی بارزانییەوەو ناتوانین بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەكانی خۆمان لەناو ڕێبازی بارزانییەوە بڕیار بدەین، ئەم ڕەخنەیە كە لەهەموولایەك زیاتر ڕووی پارتی دیموكراتی كوردستان دەگرێتەوە، پارتی دیموكراتی كوردستان دەخاتە دووڕیانێكەوە یان دەبێت ئەو كەموكورتیانەی خۆی ڕاستبكاتەوە كە زۆر جار ڕێبازی بارزانی ڕەتیدەكاتەوە، یان دەبێت بانگێشەی ئەوە نەكات كە میراتگری ڕێبازی بارزانی-یە، ئێستا لە چەندین بۆنە گوێبیستی ئەوەبووین، كە هەڵە و كەموكورتیەكانی بەرپرسەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لەسەر ڕێبازی بارزانی حساب نەكرێت، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە و پێویستە پارتی ڕێبازی بارزانی بكاتە دەستووری پارتی و ئەوەی لەو دەستوورە لایدا لێپرسینەوەی بەهەمان لۆژیك و شێوازی مستەفا بارزانی لەگەڵدا بكرێت، ئەو دەستوورە چ سزایەكی سەپاند دەبێت وەك خۆی جێبەجێ بكرێت، ئەمە داوایەكی قورس نییە لە پارتی و سەركردایەتیە تازەكەی دوای كۆنگرەی ١٣ كە بەسێ دروشمی ڕێبازی بارزانییەوە (ئاشتی، دادپەروەری، پێكەوە ژیان) هاتۆتە دەرەوە و بەڵێنیان بە خەڵكی كوردستان و هەوادارانی پارتی داوە كە ئەو سێ دروشمە

**مستەفا بارزانی پێش ئەوەی وەك سەركردەیەكی لۆكاڵ لە ناوچەی بارزان بناسرێت، ڕێبازی بارزانی فەرمانی پێداوە بۆ پشتگیری شێخ مەحمودی حەفید و دروست بوونی كیانێك بۆ كورد ڕوو بكاتە سلێمانی و پشتگیری و پشتیوانی لە حكومەتەكەی شێخ مەحمود بكات**

جێبەجێ دەكەن، بەڵام دەبێت سەركردایەتی نوێی پارتی لەو ڕاستیە دڵنیابن، ئەم سێ دروشمە بەبێ ڕێبازی بارزانی جێبەجێ ناكرێت، كاتێكیش لەناو ڕێبازی بارزانییەوە بڕیار بۆ جێبەجێكردنی ئەم سێ دروشمە دەدەین، دەبێت لەوە دڵنیابن بڕیارەكان ئاسان نین و بڕیاری قورسن و دەبێت شانی بدەنەبەر بەبێ ئەوەی ئاوڕ بۆ ئەو لایەنە بدەنەوە، ئایا ئەم بڕیارانە لەبەرژەوەندی ئەوانە وەك تاك و وەك ئەندامانی سەركردایەتی پارتی، یان لەبەرژەوەندی پارتیدایە وەك حزب، بەڵام دڵنیابن هەریەك لەو بڕیارانە لەبەرژەوەندی خەڵكی كوردستاندا دەبێت، ئەمەش نەك تەنیا خەڵكی ئەم پارچەیەی كوردستان، بەڵكو هەر چوار پارچەكەی كوردستان.




**مستەفا بارزانی کاتێك ئەو بڕیارەیدا کە سازش لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك ناکرێت، بێجگە لە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و داهاتووی گەلی کوردستان هیچ بەرژەوەندیەکی دیکەی ڕەچاو نەکردبوو**

### ڕێبازی بارزانی
### وەك فەلسەفەیەکی میللی

ئەگەر لەناو دێڕەکانی مێژوو بەراوردێك لەنێوان ئەو بزووتنەوە و شـــۆڕش و حزبانە بکەین کە لەناو ڕێبازی بارزانییەوە دروست بوون، لەگـــەڵ ئەو بزووتنـــەوە و حزب و شۆڕشانەی لەسەر بنەمای ئایدلۆژیەتێکی دیاریکراو دروست بوون، هەست بە جیاوازییەك دەکەین، ئەم جیاوازییە لەوانەیە وەك ڕەخنە لەســـەر ئەو لایەنانە بخوێنرێتەوە کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی دروست بوون، بەڵام بە قازانج یان پیاهەڵدان بۆ ڕێبازی بارزانیش ناشـــکێتەوە، بەڵکو بۆ ئیـــرادەی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەمە بەو مانایەی پێناســـەی حزب یان بزووتنەوە یان شۆڕش لەناو ڕێبازی بارزانیدا، شـــۆڕش بزووتنەوە و حزب دەکاتە هۆکارێك بۆ هەڵســـوڕانی ئیـــرادەی گەل، بـــەڵام ئایدلۆژیا حزب و بزووتنەوەکـــە دەکاتە ئامانـــج و بەئیرادەی گەڵ هەڵیدەســـوڕێنێت. ئەم ئاراســـتەیە پرســـیارێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت ئەویش ئەوەیە چـــۆن ڕێبازی بارزانی ئەم جیاوازییـــە دروســـت دەکات؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە پێویســـتی بەوەیە بەچەند خاڵێك وەڵامی بدەینەوە:

١- ڕێبازی بارزانی توانای ئەوەی نییە وەك حزبـــە ئایدلۆژییەکان بانگێشـــەی بۆ دەکەن، خەڵك ڕۆشـــنبیر بکات بۆ ئەوەی بتوانن ئایدلۆژیەتەکە بە ڕێکوپێکی هەڵیان سوڕێنێت، بۆیە هەموو کات ئەوانەی خۆیان بە پـــەروەردەی ڕێبـــازی بارزانی دەزانن، خەڵك بە مامۆســـتا و ڕێگە پیشـــاندەری خۆیان دەزانن، ئەم حاڵەتە، حاڵەتێکی تەواو پێچەوانە لە پێناسەی چەمکی حزب دروست دەکات، کە زۆر جار حزبەکانی ڕۆژئاواش دوچاری هەڵـــە دەکات، بەواتایەکی دیکە حزب بەپێی پرانسیپەکانی ڕێبازی بارزانی، واتە ئەوەی گەل بەگرنگی دەزانێت، دەبێت حزبیش بە گرنگی بزانێت، ئەگەر لەســـەر ئەم ئاراستەیە پارتی دیموکراتی کوردستان بە نموونە وەربگرین، ئەوا دەبێت پارتی گوێ لە خواستی خەڵك بگرێت نەك خەڵك گوێ لەپارتـــی بگرێت، ئەمـــە لەوانەیە لەلایەن کادران و ئەندامانـــی پارتـــی دیموکراتی کوردســـتانەوە بەوجـــۆرە بخوێنرێتەوە کە ئەرکێکی قورس دەخەینە ســـەر شـــانیان، بەڵام بۆ ئەوەی خۆیان لەو ڕاستیە دڵنیابن، ئەوە ڕێبازی بارزانی-یە ئەو ئەرکە دەخاتە ســـەر شـــانیان نەك ئێمە، ڕاشکاوانە پێیان دەڵێیـــن، ئێوە پێویســـتە بگەڕێنەوە بۆ ناو ڕێبـــازی بارزانی و بزانن ئەنـــدام و کادر و بەرپرســـانی ئەو حزبەی بەپێی ڕێبازی بارزانی دروست دەبن، ڕێبازی بارزانی چ

**هەموو کات ئەوانەی خۆیان بە پەروەردەی ڕێبازی بارزانی دەزانن، خەڵك بە مامۆستا و ڕێگە پیشاندەری خۆیان دەزانن**



ناوێکی بۆ داناون؟ بێگومان بەرزترین پلە لە ڕێبازی بارزانی بۆ هەموو ئەندامان و کادران و بەرپرسان و تەنانەت سەرۆکی کوردستانیش، خزمەتکاری میللەتە، ئەوجا ئەم سیفەتەش یان ئەم پلەیەش، پلەیەکی ئاسان نییە و هەموو کەس پێی ناگات، مستەفا بارزانی دەڵێت(چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە و دەبێت ئەندامان و کادرانی پارتی بزانن مستەفا بارزانی وشەی خزمەتکاری بە چ مانایەك بەکار هێناوە، ئەو مانایەش پڕ بەپێستی واتای خزمەتکارە، واتە خزمەتکار لەبەردەم سەردارەکەی خۆیدا هیچ ڕایەکی نییە، هیچ فەرمانێکی نییە، بێجگە لە جێبەجێکردنی فەرمانی سەردارەکەی، لەمەش زیاتر خزمەتکار پاسەوان و دەست پێشخەرە بۆ بەرژەوەندی سەردارەکەی نەك بەرژەوەندی شەخسی خۆی، پرسیار ئەوەیە چ سەردارێك خزمەتکارێك ڕادەگرێت، کە لەگەڵ ئەم سیفەتە پێچەوانە بێتەوە. بۆیە ئەندام و کادرانی پارتی پێویستە لەم ڕۆژە کە یادی لەدایکبوونی بارزانی نەمرە و سەردانی مەزاری نەمران دەکەن، لەسەر گڵکۆی بارزانی هەڵوەستەیەك بکەن و لە خۆیان بپرسن ئایا گۆڕەکەی بارزانی لەگەڵ گۆڕی خزمەتکارێك چ جیاوازیەکی هەیە؟

٢- ئەو حزبانەی ئایدلۆژین لە کۆبوونەوە تایبەتیەکانی خۆیان بڕیاردەدەن و پاشان هەوڵدەدەن خەڵك بە حیکمەتی بڕیارەکەیان قانع بکەن و هەڵمەتی بۆ دەست پێدەکەن بۆ ئەوەی بەخەڵکی جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەم شێوازە پێچەوانەی ئەو حزبەیە کە لەناو ڕێبازی بارزانیدا بڕیار دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەو حزبەی لەناو ڕێبازی بارزانیدا بڕیار دەدات، سەرکردایەتیەکەی توانای بڕیاردانی نییە، یان لەو پێگەیەدا نییە بتوانێت بڕیار بدات، هەر بۆنموونە بارزانی چ ئەو کاتەی ڕێبەرایەتی شۆڕشی دووەمی بارزانی کردووە و چ ئەو کاتەی سەرۆکی لیژنەی ئازادی بووە و چ ئەو کاتەشی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی پێسپێردراوە، هیچ کاتێك لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا خۆی یان مەکتەبی سیاسییەکەی بڕیاری نەداوە، بەڵکو بڕیاری گەلی کوردستانی جێبەجێ کردووە، بەڕێز مسعود بارزانی لە کتێبی بارزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر بە بڕیاری مستەفا بارزانی بوایە دەبوو شۆڕشی ئەیلوول لە ١١ی ئەیلوول دەستی پێنەکردایە، لەبەر ئەوەی مستەفا بارزانی

**بەرزترین پلە لە ڕێبازی بارزانی بۆ هەموو ئەندامان و کادران و بەرپرسان و تەنانەت سەرۆکی کوردستانیش، خزمەتکاری میللەتە**

**لە ڕێبازی بارزانی دا، شۆڕش بزووتنەوە و حزب دەکاتە هۆکارێك بۆ هەڵسوڕانی ئیرادەی گەل، بەڵام ئایدلۆژیا حزب و بزووتنەوەکە دەکاتە ئامانج و بەئیرادەی گەل هەڵیدەسوڕێنێت**



کۆمەڵێك بەرنامەی مابوو هێشتا تەواوی نەکردبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی گەل فەرمانیکرد شۆڕش دەست پێبکات و بۆ ڕێبەرایەتی ئەو شۆڕشەش ئەویان تەکلیفکرد ڕێبەرایەتی بکات، بۆیە مستەفا بارزانی ناچار بوو بڕیاری گەلەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەگەر چی بەپێی بۆچوونی ئەو کاتەکەش گونجاو نەبووە، لەمەش زیاتر مستەفا بارزانی وەك ڕێبەری شۆڕش و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولی لەو پێگەیەوە نەبینیووە بڕیاری ئاشتی بدات، بۆیە لەیەکەم دانوستاندنی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، مستەفا بارزانی کۆبوونەوەی کۆیەی گرێدا بۆ نوێنەرانی گەلی کوردستان، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا فەرمانی پێدەکەن دانوستاندن بکات یان نەء، کەواتە لێرەدا کە ڕۆدەچین بە ڕێبازی بارزانیدا تەنیا لە ڕوانگەی ئەو بەشەوە بەراورد دەکەین کە مستەفا بارزانی جێبەجێی کردووە، هەست دەکەین پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێك لەناو ئەو ڕێبازە هیچ دەسەڵاتێکی نییە و هەموو دەسەڵاتێکیشی هەیە، بێگومان ئەمە دیسان لوغزێکی دیکەی سیاسیی

■ ■ ■

**بارزانی چ ئەو کاتەی ڕێبەرایەتی شۆڕشی دووەمی بارزانی کردووە و چ ئەو کاتەی سەرۆکی لیژنەی ئازادی بووە و چ ئەو کاتەشی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی پێسپێردراوە، هیچ کاتێك لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا خۆی یان مەکتەبی سیاسییەکەی بڕیاری نەداوە، بەڵکو بڕیاری گەلی کوردستانی جێبەجێ کردووە**

■ ■ ■

دروست دەکات و ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئایا چۆن پارتی هیچ دەسەڵاتێکی نییە و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە؟ لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین پارتی لە خۆیەوە وەك حزب ناتوانێت بڕیار بدات هەتا گەل فەرمانی پێنەکات، ئەوجا ئێستا وەك پارتی لەم لایەنە کەموکورتی هەیە ئەوەیان شتێکی دیکەیە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنمان لە ڕێبازی بارزانی، پارتی (وەك حزبێك کە نوێنەرایەتی ڕێبازی بارزانی بکات) ناتوانێت هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز دەربکات، بەبێ ئەوەی گەل فەرمانی پێبکات، بەڵام کاتێك گەل فەرمانی پێدەکات، واتە گەل پارتی بۆ نوێنەرایەتی کردنی خۆی ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا پارتی هەموو دەسەڵاتێکی دەبێت، بەڵام دیسان ئەم دەسەڵاتەش دەسەڵاتی خۆی نییە و دەسەڵاتی گەلە. سەبارەت بەم لایەنەش لەوانەیە زۆر لە ئەندامان و کادرانی پارتی بڵێن چۆن ئەم لایەنە تیۆرییە پراکتیزە دەکرێت؟ یان بەشێوەیەکی دیکە بڵێن چۆن سەردەمی ئێستا بەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول پیادە دەکرێت؟ لە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بەجێیە دەڵێین، یەکەم ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی تیۆری نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی پراکتیکیە، ئەو لایەنە پراکتیکیەش بەچەند خاڵێك ئاماژە پێدەکەین:

• لە شۆڕشی ئەیلوولدا دیوارێك لە نێوان هاووڵاتیان و پارتیدا نەبووە و هەموو کات هاووڵاتیانی کوردستان لە ئەندامانی



Photo by: Fransowa Lovat

پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر بوون، بەڵام زۆر جاریش هاووڵاتیان لە ئەندامان و کادرانی پارتی، بۆ پارتی و شۆڕشی ئەیلول دڵسۆزتر بوون، ئەمە موبالەغە نییە و بەدەیان بەڵگە و ڕووداوی مێژوویی هەیە، کە زۆر کەس نە پێشمەرگە بووە و نە ئەندامی پارتیش بووە، بەڵام ئامادەبووە بە زیندوویی بخرێتە ژێر گڵەوە، بەڵام ئامادە نەبووە تەنیا یەك وشەی ناشرین بە پارتی و شۆڕشی ئەیلول و مستەفا بارزانی بڵێن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هیچ حزبێك هەیە بتوانێت بەو ئاستە کادرانی خۆی پەروەردە بکات نەك هاووڵاتیەك لەدەرەوەی حزبەکەی؟ بێگومان حزب لەوانەیە بتوانێت ئەندام و کادرانی خۆی بۆ قوربانیدان پەروەردە بکات و بیکاتە ئەفسانەی ئایدلۆژیەتەکەی خۆی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت هاووڵاتیەکی ئاسایی بە ئایدلۆژیەتەکەی خۆی بەو ئاستە پەروەردە بکات، بۆیە لەناو پارتی وەك حزبێك لەناو ڕێبازی بارزانیدا، هاووڵاتیانی ئاسایی دەبنە ئەفسانەی بەرخۆدان و قوربانیدان، ئەمەش مانایەکی دیکەی هەیە کە بەرخۆدان و قوربانیدانی پارتیش هەر لە خەڵکەوە فێری دەبێت.

**بۆ دروستبوونی ئیرادەی خێر جیاوازی لەنێوان سەردەمەکان نییە، هەر بۆنموونە زیاتر لە سەد ساڵ لەمەو پێش شێخ عەبدولسەلامی بارزانی خۆزگە و ئاواتی گەلی کوردستانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پۆلێن کردووە، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو ساڵە بەڕێز مسعود بارزانی-ش وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە پۆلینی دەکات**

• لایەنێکی دیکەی شۆڕشی ئەیلول، بەشداری زانایانی ئیسلامی کوردستانە لەو شۆڕشەدا، کە بەشداریان لە شۆڕشی ئەیلولدا بە ئاستێك خاڵی پڕشنگدارە لەو شۆڕشەدا، کە فەتوایان دابوو زەکات بە پێشمەرگەو شۆڕشی کوردستان بدرێت، ئەگەر پێشمەرگە و ڕێبەرەکەشیان کە مستەفا بارزانی بووە، خزمەتکارێکی بەئەمەکی ئەو خاکە نەبوونایە، زانایانی ئیسلامی کوردستان ئەو فەتوایەیان دەدا، کە ئێستا هەندێك لایەنی ئیسلامی سیاسی دروست بوون، گومان لەسەر شەهادەتی پێشمەرگە و سردووی نیشتمانی ئەی ڕەقیب دروست دەکەن.

• هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و خوێندکاران و قوتابیان، ئەندامیەتی ڕێکخراوەکانی خۆیانیان لە ئەندامیەتی پارتی بەگرنگتر زانیوە، هەوڵیانداوە بوونی خۆیان لە ئەندامان و کادرانی پارتی لەناو شۆڕشی ئەیلولدا بسەلمێنن، ئەوانەی دەیانەوێت باشتر لەم ڕاستیە تێبگەن، ئێستا ئەو تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرانە لە ژیاندا ماون، کە هەموویان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوون و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانیش نەبوون.

• فرەیی سیاسیی دیاردەیەکی دیکەی ناو شۆڕشی ئەیلول بووە، زۆر کەس کە باسی فرەیی لە شۆڕشی ئەیلول دەکەن، بەو جۆرە پێشانی دەدەن لەبەر ئەوەی نفوزی پارتی زیاتر بووە لەناو شۆڕشدا و ئەو

**لە شۆڕشی ئەیلوولدا زۆر کەس نە پێشمەرگە بووە و نە ئەندامی پارتیش بووە، بەڵام ئامادەبووە بە زیندوویی بخرێتە ژێر گڵەوە، بەڵام ئامادە نەبووە تەنیا یەك وشەی ناشرین بە پارتی و شۆڕشی ئەیلوول و مستەفا بارزانی بڵێت**

حزبانەی دیکە بچـــووك بوون، بەڵام بۆ مێژوو ئەو کاتەی حزبی شــیوعی عێراقی لەناو شۆڕشی ئەیلوولدا بووە وەك هاوپەیمانی پارتی و بەشــدار لەو شۆڕشــەدا، نفوزی سیاســیی حزبی شــیوعی لە عێراقدا لە پارتی زیاتر نەبوویێت کەمتر نەبووە، لەمەش زیاتر ئەو پشتگرییە نێودەوڵەتیەی کە حزبی شیوعی عێراق هەیبووە، لەو کاتەدا پارتی ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتیەی نەبووە، ئەگەر بگەڕێینــەوە بۆ ئەو مێــژووە و بە وردی دێڕەکانی مێژوو بخوێنینەوە، هەســت بەو ڕاستیە دەکەین، ئەوانەی بەو جۆرە سەیری فرەیی شۆڕشــی ئەیلوول دەکەن، ئەو کاتە چۆن هەوڵیانداوە بە ئاســتی دژایەتیان بۆ پارتی، دژایەتی حزبی شــیوعی عێراقی بکەن، هەر بۆیــە فرەیی و پێکەوە ژیانیش کە پارتی وەك حزبێکی سیاســیی شانازی پێوە دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی بارزانی کە هەموو کات دەستووری پارتی بووە.

ئەگەر ئەم خاڵانــە تاڕاددەیەك وەڵامێك بێت بۆ ئەوەی ڕێبازی بارزانی ڕێبازێکی پراکتیزەکــراوە و تیــۆری نییــە، ئەوا بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەشــی ئایــا جیاوازی لەنێــوان ســەردەمی شۆڕشــی ئەیلوول و ســەردەمی ئێستا هەیە یان نەء؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشــدا دەڵێین، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین لەنێوان ســەردەمی شۆڕشــی ئەیلوول و سەردەمی ئێســتا جیاوازییەکە، جیاوازی نێوان ئاســمان و ڕێسمانیش بێت، ئــەوا لەلایەکی دیکەوە بۆ دروســتبوونی ئیرادەی خێر جیاوازی لەنێوان سەردەمەکان نییە، هەر بۆنموونە زیاتر لە ســەد ســاڵ لەمەو پێش شــێخ عەبدولسەلامی بارزانی خۆزگــە و ئاواتی گەلی کوردســتانی بە دامەزراندنــی دەوڵەتی کوردســتان پۆلین کــردووە، ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو ســاڵە بەڕێز مســعود بارزانی-ش وەك سەرۆکی هەرێمی کوردســتان بەهەمان شێوە پۆلینی دەکات، پرســیار ئەوەیە ئایــا ئەو هەوڵەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ گەیشتن بەم ئاواتە داویەتی، ئایا دەبێت بەڕێز مســعود بارزانی-ش هەر هەمان ئەو هەوڵانە دووبارە بکاتــەوە؟ بێگومان نەخێر ئەم ســەردەمە لەگەڵ سەردەمی شەهید شێخ عەبدولسەلام بارزانــی جیــاوازە، بەڵام ئــەوەی کە بە نەگۆڕی ماوەتەوە ئەو ئیرادە خێرەی شــێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ ئەم ئاواتە هەیبووە، لەلای بەڕێز مسعود بارزانی گۆڕانکاری بەســەردا نەهاتووە، ڕاســتە ســەردەمەکە گۆڕاوە و جیاوازە، بــەڵام ئیرادەی خێرەکە نەگۆڕاوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە لەسەری ڕابووەســتین و دەبێت بەگرنگیەوە جەختی لەســەر بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە ڕاســتە ســەردەم دەگۆڕێت، بەڵام گۆڕانی سەردەم پێوەنــدی بە ئیرادەی خێــرەوە نییە، باراك ئۆبامــا کاتێــك داوا دەکات لنکۆڵن بکاتە بەرنامەی سەرۆکایەتی خۆی، ئەو دەزانێت ١٥٠ ســاڵ پێش ئەو لنکۆڵن ســەرۆکی ئەمریکا بووە و ئەمریکای ئێستا ئەمریکای ســەردەمی لنکۆڵن نییە، بــەڵام دڵنیایە لەوەی ئەو ئیرادە خێــرەی لنکۆڵن ئەگەر بتوانێت زیندووی بکاتەوە، ئەمڕۆ لەهەموو کاتێــك زیاتر ئەمریکا پێویســتی پێیەتی، لێرەشدا قسەی ئێمە لەسەر گۆڕانی سەردەم و کارەکتەرەکان نین، بەڵکو لەســەر دووبارە زیندوو کردنــەوەی ئەو ئیرادە خێرەیە کە لە پیادەکردنــی ڕێبازیــی بارزانییەوە بەرهەم دێت، زیندوو کردنەوەی ئەو هێزەیە کە نەك ئێمە، بەڵکو لەوانەیە مســتەفا بارزانی-ش بەو ئاســتە مەزندەی بۆ نەکردبێت، کاتێك دروســت بوو، نەك هەر توانــی یەکڕیزی لەنێوان هاووڵاتیانی ئەم بەشەی کوردستان دروســت بــکات، بەڵکو هەموو ســنوورە دەستکردەکانی سڕییەوە و کوردستانی کردەوە بەیەك پارچە، ئەم هێزە بوو مستەفا بارزانی وەك ڕێبەری بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازی هەموو کوردستان پێناسەکرد و لە وتارەکەی باکۆدا بەرنامەی بۆ کۆماری کوردستانی یەکگرتوو ڕاگەیاند.

## عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یاسای ئەخلاقی

چۆن فەلســەفەیەکی میللــی دەبێتە یاســایەکی ئەخلاقی و هەموومان پێکەوە کۆدەکاتەوە؟ ڕێبازی بارزانی پێمان دەڵێت

**زانایانی ئیسلامی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوولدا فەتوایان دابوو زەکات بە پێشمەرگەو شۆڕشی کوردستان بدرێت، ئەگەر پێشمەرگە و ڕێبەرەکەشیان کە مستەفا بارزانی بووە، خزمەتکارێکی بەئەمەکی ئەو خاکە نەبوونایە، زانایانی ئیسلامی کوردستان ئەو فەتوایەیان نەدەدا**

بە گۆڕینی فەلســەفەی ئەخلاقی میللی بۆ یاسای ئەخلاقی کۆمەڵگە، بەڵام پرسیار ئەوەیە فەلسەفەی ئەخلاقی میللی چییە؟ ئەمانۆئیــل کانــت دەڵێت: (ئەگەر هەموو ئەو دەنگانــە کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کامیان لە ڕیزی مەعریفەی ئەقڵی خالیس دادەنرێــن، ئەوا دەزانین کــە دابوو نەریتی کۆمەڵگە وەك فەلســەفەیەکی پراکتیکی میللــی دەردەکەوێت، لێرەشــدا دەزانین کە تــای تەرازووەکە بەکام لادا هاوســەنگ دەبێت)، کەواتە ئــەم وتەیەی کانت پێمان دەڵێــت هەموو مەعریفەیەکــی دابونەریتە میللییەکانی کۆمەڵگە، بەرهەمی ئەقڵی خالیســی تاکەکانــی کۆمەڵگەیە، بەڵام لە پراکتیزە کردنــدا وەك بەرهەمی ئەقڵی عەمەلی پراکتیــزە دەبن، کەواتە گۆڕینی مەعریفەی پێشــوەختی ئەقڵی خالیس بۆ مەعریفــەی ئەقڵی عەمەلــی، گۆڕینی فەلســەفەی ئەخلاقی میللی کۆمەڵگەیە بۆ یاســای ئەخلاقی لەکۆمەڵگەدا، واتە گۆڕینی ئەو ئەخلاقە میللیەی لە ئەقڵی تاکەکانــدا هەیە، بەڵام هێزێك ئەم فیکری ئەخلاقە لەنێو ئەقڵی خالیســەوە دەگۆڕێت بۆ ئەقڵی عەمەلی کۆمەڵگە.

ڕێبــازی بارزانــی پێشــتر (واتە پێش مستەفا بارزانی) کاری لەسەر ئەوەکردووە، ئەو ئەخلاقە میللیەی لەنێو ئەقڵی تاکەکاندا بوونی هەیە، بگۆڕێت بۆ یاسای ئەخلاقی لە ناوچەیەکی کوردستاندا، هەر بۆ نموونە پێش بوونی مســتەفا بارزانی بەیەکێك لە سەرکردەکانی نێو ئەو ڕێبازە، لە کۆمەڵێك بــواری کۆمەڵایەتیدا ئەو ئەخلاقە میللیە گۆڕدرابوو بۆ یاسای ئەخلاقی، بۆ نموونە وەك سەربەســتی ئافرەت لــە هەڵبژاردنی

**باراك ئۆباما كاتێك داوا دەكات لنكۆڵن بكاتە بەرنامەی سەرۆكایەتی خۆی، ئەو دەزانێت ١٥٠ ساڵ پێش ئەو لنكۆڵن سەرۆكی ئەمریكا بووە و ئەمریكای ئێستا ئەمریكای سەردەمی لنكۆڵن نییە، بەڵام دڵنیایە لەوەی ئەو ئیرادە خێرەی لنكۆڵن ئەگەر بتوانێت زیندووی بكاتەوە، ئەمڕۆ لەهەموو كاتێك زیاتر ئەمریكا پێویستی پێیەتی**

هاوسەر، قەدەغەكردنی ڕاو و نەبڕینی دار... تاد)، بەڵام بە دەركەوتنی مستەفا بارزانی لەدوای شۆڕشی بارزان و دواتر دەسپێكردنی شۆڕشی ئەیلوول، مستەفا بارزانی هەوڵیدا سنووری پیادەكردن و گۆڕینی ئەخلاقی میللی بۆ یاسای ئەخلاقی فراوان بكات و سەرانسەری كوردستان بگرێتەوە، هەر بۆ نموونە پێش دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلوول كۆمەڵێك دابونەریتی كۆمەڵایەتی هەبوون وەك دیاردەی ژن بەژن و گەورە بە بچووك و چەندین شێوازی دیكە كە بەرامبەر ئافرەت پیادە دەكران، هەوڵدرا ئەو ڕەتكردنەوەیەی لەنێو ئەقڵی تاكەكانی كۆمەڵگە بۆ ئەم دیاردە ناشرینانە لەكۆمەڵگە بوونی هەبوو، دەسنیشان بكرێن، لە نێو ئەقڵی بێگەردی تاكەكاندا هەڵبكێشرێن، پاشان نەگەڕانەوە بۆ ئەو دیاردە ناشرینانە ببێتە كارێكی خۆویست و یاسای ئەخلاقی كۆمەڵگە ڕێگەیان لێبگرێت، لەلایەكی دیكە پابەندبوونی كۆمەڵگە بەو یاسا ئەخلاقیانەی كە ڕێبازی بارزانی وەك بەرهەمی ئەقڵی تاكەكانی كۆمەڵگە بەرهەمی هێناوە، واتە زیندووكردنەوەی ئیرادەی تاك و سنووردار كردنی ئیرادەی تاكەكان لە چوارچێوەی ئەو یاسا ئەخلاقیانەی كە تاك بە بەرهەمی ئیرادەی خۆی دەزانێت، ملكەچبوونی بۆ ئەو یاسایە وەك ملكەچبوونی بۆ ئیرادەی خۆی دەخوێنێتەوە، كەواتە كاتێك كە دەگاتە ئەو ئاستەی یاسا ئەخلاقیەكان بەرهەمی ئیرادەی خۆیەتی و ئەوە ئیرادەی خۆیەتی فەرزی دەكات بەسەریدا، بەشێك لە ئیرادەی خۆی بۆ بەرژەوەندی كۆمەڵگە سنووردار بكات، ئەوا كۆی ئەو ئیرادانە، ئیرادەیەكی گەورەتر بەرهەم دەهێنێت، كە هیچ تاكێك بەدوای ئەوەدا وێڵ نابێت ئایا لە بەرژەوەندییەكانی سوودمەند دەبێت یان زیانی پێدەگات، ئیرادەیەكیش بەبێ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە شەخسیەكان، یان بەبێ ئاگایی لە بەرژەوەندییە شەخسیەكان بڕیار بدات، ئەوا ئەو ئیرادەیەی لێ بەرهەم دێت كە پێی دەوترێت ئیرادەی خێر و بێجگە لەم ئیرادەیەش ناتوانرێت هیچ شتێكی دیكە لەم كۆمەڵگەیە بە خێر بژمێرێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئیرادەی خێر بەرهەم هاتووە و ئەم ئیرادە خێرەش ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هیچ كەسێك نییە وەك تاك، بەرژەوەندی هەموانیش وەك یەك دەپارێزێت، ئەوا لەم كاتەدا هەست دەكرێت ویژدانی هەموان ئاسوودەیە، ڕاستە هەموو تاكەكان یەكسان نین، بەڵام هیچ لایەكیش لەبەرامبەر ئەوی دیكە بێ ویژدان نییە، یان ئەوەی هەیەتی لەسەر حسابی بەرژەوەندی بەرامبەر یان ئەوی دیكە دەستی نەكەتووە، كاتێك ئەم هەستەش لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگە دروست دەبێت، لە ناخی تاكەكاندا هەستكردن بەعەدالەت وەك ئارامیەكی ویژدانی بوونی دەبێت و بواری هەلی كاركردن بەیەكسانی لەبەردەمی هەموان فەراهەم دەبێت و تاكەكان هەست بە ئاسوودەیی دەكەن، كەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كەبڵێین ئەو بڕیارانەی لەنێو ڕێبازی بارزانی دروست دەكرێن(لێرەدا گرنگ نییە لەچ سەردەمێك و كێ دروستیان دەكات)، ئەگەر پابەند بێت بە هەردوو بنەمای ئەقڵانی و ئەخلاقی، ئەوا ئەو بڕیارانەی كە دەدرێن، لای تەواوی خەڵك بڕیاری ماقووڵ دەبن، هەر بۆ نموونە لە ڕێبازی بارزانیدا ڕاوی ئاژەڵە كێوییەكان (نەك دڕندەكان) وەك یاسایەكی ئەخلاقی قەدەغە كراوە، ئەم یاسایە تائەو كاتە لای خەڵكی ناوچەی بارزان ماقووڵ دەبێت كە هەموو پێكەوە پابەند بن بەم یاسا ئەخلاقیەوە، خۆ ئەگەر بەشێك پێوەی پابەند بوو بەشێكی دیكە پێوەی پابەند نەبوو، یان پاكانەی بۆ هێنرایەوە، ئەوا لەوانەیە یاسا ئەخلاقیەكە بۆ ئەوانە بە پەسەند سەیر بكرێت كە ڕێگەیان پێدەدا ئەو كارە بكەن، بەڵام تەواوی یاساكە مەعقولیەتی خۆی لەدەست دەدات و جۆرە بێ ویژدانییەك دەردەكەوێت، ئەوجا گرنگە لێرەوە وەك خۆی لە ڕێبازی بارزانی تێبگەین

**شۆڕشی ئەیلوول نەیدەتوانی بۆ هەموو تاكێكی لاوەكانی كوردستان ژیانی هاوسەری دروست بكات، بەڵام پرۆسەی هاوسەرگیری لاوەكانی ئاسان دەكرد، شۆڕشی ئەیلوول نەیدەتوانی مووچەی مانگانە بۆ هەر تاكێكی كوردستان ببڕێتەوە، بەڵام ڕێگەی كاسبی كردنی ئاسان دەكرد و بوارەكانی بەیەكسانی بۆ هەموو لایەك دەڕەخسان و شار و لادێیەكانی كوردستانی وەك تەواوكاری یەكتری سەیر دەكرد**

و سەیری ئەو شێوازی پراكتیزە كردنە بكەین كە لەسەردەمی مستەفا بارزانی كراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەردەمی مستەفا بارزانی كوردستان یان ناوچە ئازادكراوەكانی شۆڕش بەهەشت بوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەڕاشكاوی هەیە و دەبێت بڵێین: نەخێر لەو سەردەمە كوردستان یان ناوچە ئازادكراوەكان بەهەشت نەبوون، بەڵام مستەفا بازرانی ڕێگەشی نەدەدا كە ببێتە دۆزەخ، بە مانایەكی دیكە شۆڕشی ئەیلوول نەیدەتوانی بۆ هەموو تاكێكی لاوەكانی كوردستان ژیانی هاوسەری دروست بكات، بەڵام پرۆسەی هاوسەرگیری لاوەكانی ئاسان دەكرد، شۆڕشی ئەیلوول نەیدەتوانی مووچەی مانگانە بۆ هەر تاكێكی كوردستان ببڕێتەوە، بەڵام ڕێگەی كاسبی كردنی ئاسان دەكرد و بوارەكانی بەیەكسانی بۆ هەموو لایەك دەڕەخسان و شار و لادێیەكانی كوردستانی وەك تەواوكاری یەكتری سەیر دەكرد، كەواتە ئەوەی لەو دیاردەیە فێری دەبین ئەوەیە، مەرج نییە پارتی یان حكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو شتێك بۆ خەڵكی كوردستان دابین بكات و خەڵكی كوردستانیش ئیمكانییەتی حكومەت و وڵاتی خۆی دەزانێت چەندە و دەزانێت چی داوا دەكات، بەڵام گرنگە نییەتی ئەوە هەبێت وەك ڕێبازی بارزانی پێمان دەڵێت ئاستەنگەكان لەبەردەم قورسی ژیان لاببات.



داڤید کۆمێنز بۆ گوڵان:

# هاووڵاتیان پێویستیان بە سیمبولێک هەیە بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونەکانیان بێت

پرۆ فیسۆر داڤید کۆمێنز ئوستادی مێژووە لە زانکۆی میشیگان، سەبارەت بە بایەخی سەرکردەکان لە مێژوودا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ئەم لایەنەی بۆ خستینەڕوو:

(پێموایە سەیرکردنی «جۆرج واشـــنتن» وەکو سیمبولێك پاش ســـاڵانێکی زۆر هاتەکایەوە. بەڕای من «باوکانی دامەزرێنەر» بریتییە لە کۆمەڵـــە پیاوێك کە ســـەرکردەگەلێکی زۆر گرنگ بوون لەبارەی وەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی وڵات و دامەزراندنی پرەنســـیپەکانی حوکمڕانیی وڵات، هەروەها ڕزگارکردنی وڵات لە شەڕێکی ناوخۆیی، بۆ نموونە لە سەردەمی «ئەبراهام لینکۆڵن». هەربۆیە، بەڕای من ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە بارودۆخەکان. هیچ پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ «باوکانی دامەزرێنەر»، بۆ نموونە لە وڵاتی «هندیســـتان»، «نەهرۆ» لـــە بیرەوەرییەکانی خەڵکدا دەرکەوتووە وەکو پاڵەوانێك و وەکو دامەزرێنەری «هندیســـتان»، ســـەبارەت بە «پاکســـتان»یش « محەمەد عەلی جناح» وەکو باوکی دامەزرێنەری «پاکســـتان» دەژمێردرێت، دەرکەوتنی ئەم سیمبولانە بەڕای من لەبەرئەوەیە کە خەڵك پێویستیان بە سیمبولێك هەیە کـــە نوێنەرایەتیی بۆچوونە ئاڵۆزەکان و بارودۆخە ئاڵۆزەکان بکات. ئەگەر بێین و باسی دەستوور بکەین، کەس ناتوانێت ماددە و بڕگەکانی دەستوور لەبەربکات لەبەرئەوەی زۆر و درێژە، بەڵکو هاووڵاتیان پێویســـتیان بە سیمبولێك هەیە بۆئەوەی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونەکانیان بێت، لەوانەیە ئەو سیمبولە لە ئاڵا-یەك بێت، یان سروودێکی نیشتمانی، یان بە وێنەی سەرکردەیەکی مەزن. هەربۆیە، بەڕای من هاووڵاتیان پێویســـتیان بە ســـیمبول هەیە بۆ ئاسانکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکانیان. خەڵك پێویستیی بە سیمبول هەیە، هەر بۆیەش سیمبول هەڵدەبژێرن.



مارکۆس پرۆش بۆ گوڵان:

# لە پرۆسەی بونیادی نەتەوەدا سیمبولی نەتەوەیی بوونی زۆر گرنگە

پرۆ فیسۆر مارکۆس پرۆش ئوستادی فەلسەفەی مێژوو لە زانکۆی هلنسکی لە فنلەندە، سەبارەت بە پێوەندی نێوان نەتەوە و دەوڵەت و ئیرادەی نەتەوە بۆ بونیادی دەوڵەتی نەتەوەیی لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

(زۆرجار «نەتەوە» و «دەوڵەت» وەك هاو واتا بەکاردەهێنرێت. بەهەرحاڵ، وێڕای پێناسەکانی تر، من پێناسەی «دەوڵەت» دەکەم وەکو هەرێمێکی جوگرافی کە پێکهاتەیەکە بۆ ناوچەی دەوڵەتێکی خاوەن ســـەروەری یان بەشـــێکی سیاسیی بچووك لەچوارچێـــوەی هەرێمێکـــی جوگرافـــی. لەبەراوردکردندا، «نەتەوە»، پێموایە واتای کۆمەڵگەیەك دەگەیەنێت لە خەڵك کە خاوەن چەند خەســـڵەتێکی هاوبـــەش لەڕووەکانی ناوچە و حکومەت و زمـــان و رەگەز و نەژادی و مێژوو، بەڵام مەرج نییـــە خاوەن دەوڵەتێکی ســـیادی بن. هەروەها «ســـیمبولی نەتەوەییش» شـــتێکی زۆر گرنگە، تاڕادەیەك پێویستییەکە کە دەبێ هەبێت، لەمیانی پڕۆسەی بونیادنانی نەتەوە. ئەگەر و چۆنیەتی تێکەڵبوونی بۆچوونەکانی سەرکردە لەگەڵ نەتەوە مەســـەلەیەکی ئاڵۆزە. نەك تەنیـــا لەبەرئەوەی کە «نەتەوە» بریتییە لـــە پێکهاتەی جیاواز، بەڵکو زیاتـــر لەبەرئەوەیە کە لەوانەیە بەتێپەڕبوونی کات بۆچوونەکانی سەرکردە بگۆڕێت، بەڵام وێڕای ئەوەش، ئەو شتە راستە کە بۆچوونەکانی سەرکردە — یان بەشـــێك لە بۆچوونەکانی — لەوانەیە ببێتە بەشێك لە «بۆچوونی هاوبەش»ی نەتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵك پێیانوایە کە بۆچوونەکان بەسوود و باش و نموونەییە بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکانی تەواوی نەتەوە.



هایم ساندبێرگ بۆ گوڵان:

# سەرکردە سیمبولەکان ڕەنگدانەوەی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوون وەک مستەفا بارزانی کە سەرکردەی ئێوە بووە

هایم ساندبێرگ ئوستادی مێژووی یاسا لە زانکۆی حەیفا سەبارەت بەرۆڵ و بایەخی سیمبول لە چرکەساتەکانی پێویستی نەتەوەدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

(بەدرێژایی مێژوو، سەرکردەکان ڕەنگدانەوەی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو بوون. سەرکردەی سیمبول ئەو کەسەیە کە چۆنیەتی ڕابەرایەتی دەزانێت و هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنی هاووڵاتیان بەرەو ژیانێکی باشتر و بەرەو سەربەخۆیی...و تاد. هەموو نەتەوەیەك خاوەن سەرکردەیەکە کە درووستی کردووە. ئێوە لە هەرێمی کوردستانەوە قسەم لەگەڵدا دەکەن، بەپێی زانیارییە گشتییەکانم ئێوەش خاوەن سەرکردەیەکن، «موستەفا بارزانی»، هەربۆیە، ئێوە دەتوانن بۆمی شیبکەنەوە واتای سەرکردە چییە نەك من. نموونەیەکی دیارتر هەیە، «بسمارك»، کە دامەزرێنەری «ئەڵمانیا»ی مۆدێرنە. هەورەها «گاندی» نەك تەنیا بۆ «هندستان» بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سیمبولێك بوو. «گاندی» سەرکردەیەکی تایبەت و دەگمەن بوو کە ڕێگەچارەی ئاشتییانەی گرتەبەر. بەڕای من بۆچوونەکانی سەرکردە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ رای گشتی هەیە، هەندێك لە سەرکردەکان کاریگەرییان لەسەر رای گشتی هەیە، بەڕای من بۆیە پێویستە لەسەر سەرکردەکان بەپێی رای گشتی هەڵسوکەوت بکەن و هاوکات گوێ لە هاووڵاتیان بگرن. بەهەرحاڵ، لە هەندێك لە بارودۆخەکاندا، پێویستە لەسەر سەرکردە ڕابەرایەتیی هاووڵاتیان بکات و بەرەو ئاراستەی دروست بیانبات.




ئاندرەس وۆڵکەر بۆ گوڵان:

# سیمبولی نەتەوە بایەخێکی هێجگار گرنگی هەیە بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکان

پرۆفیسۆر ئاندرەس وۆڵکەر ئوستادی یاسای دەستووری و مێژوویی یاسا لە زانکۆی سانت لویس سەبارەت بە بایەخی سیمبولی نەتەوە لەپرۆسەی بونیادی نەتەوە و ئایندەی وڵات لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی:

(سەرکردە ڕەنگدانەوەی هەستی هاووڵاتیانە، سەبارەت بە دەستەواژەی باوکانی دامەزرێنەریش لە ئەمریکا، بێگومان «باوکانی دامەزرێنەر» دەستوورەکەیان نووسی. بریتی بوون لە گرووپێکی سەرکردە کە هەڵستان بە نووسین و واژۆکردنی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام «لنکۆڵن» باوکی دامەزرێنەر نییە لەبەرئەوەی «لنکۆڵن» دواتر لەدایکبوو و لەساڵانی ١٨٦٠کاندا سەرۆك بوو، لەکاتێکدا «باوکانی دامەزرێنەر» هەموویان لە ساڵانی ١٧٨٠کاندا بوون. هەربۆیە ئەگەر بێت و سەرکردە لە ساتێکی دیاریکراودا بەپێی خواستەکانی هاووڵاتیان بجووڵێتەوە، ئەوکات بۆچوونەکانی سەرکردەکە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەی کۆمەڵگە. زۆرجار لە ڕووداوی کارەساتەکاندا ڕای گشتی و زۆرینە دێتەکایەوە، «دیگۆل» وەکو سیمبولێك دەرکەوت لەبەرئەوەی «فەرەنسا» داگیرکرابوو، «گاندی» وەکو سیمبولێك دەرکەوت لەبەرئەوەی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی هیندستانی داگیرکردبوو، لێرەدا دەتوانین بڵێین، سیمبول بایەخێکی زۆر گرنگی هەیە لە دامەزراندنی نەتەوە. هەندێك جار سیمبول دەبێتە مایەی داپۆشینی جیاوازییەکان. هەربۆیە هاووڵاتیان هەڵدەستن بە پیادەکردنی سیمبولێك لەبەرئەوەی ئەو سیمبولە دەگونجێت لەگەڵ هەموو ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان و هاوکات بە سیمبولێکی بەهێز دادەنرێت بەتایبەتی لەبەرئەوەی هەوێنی زۆربەی هەڵوێستە جیاوازەکانە. هەروەها ئەگەربێت و کارەساتێك لە ئاسۆدا هەبێت و ڕێگەنەدرێت بە ڕوودانی ئەو کارەساتە، ئەوکات سەرکردە دەبێت بە پاڵەوان. بۆ نموونە، «لنکۆڵن» و «واشنتن» و «چەرچڵ».

# دادپەروەری بۆ ؟ چۆن دابین دەکرێت ؟



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

«دادپـــەروەری»، تایبەتمەندییەکـــی خوداییـــە و دابینکردنی داوایەکی کۆمەڵایەتی وئامانجێکی ســـەرەکی گەلانە. ئامانجی نووســـینی ئەم بابەتـــە وەڵامدانەوەیەکی ســـاکاری ئەو (٢ ) دوو پرسیارەیە کە ناونیشانی وتارەکە پێك دێنن.

بۆ وەڵامی پرســـیاری یەکەم، دادپـــەروەری بۆ ؟، دەڵێین : دابینکردنـــی «دادپەروەری» بۆ ئێمە نـــەك تەنیا داوا و ئامانجە بەڵکو ئەرکە چونکە :

١ - ئێمـــەی کورد، کە بەدرێژایی مێژوو ســـتەممان لێکراوە، پتر لە هەموو نەتەوەیەکی تر قوربانی نەبوونی «دادپەروەرین » و باشترین بەڵگەیش بۆ سەلماندنی ئەم راستیە دابەشکردنی نیشتمان و نەتەوەکەمانە بەســـەر چەندین وڵاتدا و نەبوونی نەك دەوڵەتێکی یەکگرتـــووی کوردی بەڵکو نکۆڵیکردن لە بوونیشـــمان دەکرێت و ئەمڕۆ ئێمە گەورەترین نەتەوەیـــن لە جیهاندا کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان نین.

٢ - دابینکردنی «دادپەروەری» ئەرکێکی ئاینیە. خوداوەندی مەزن لە قورئانی پیروز و هەموو پەیامە ئاســـمانیەکاندا فەرمانمان پێدەکات کە ( دادپەروەر بین ).

٣ - دابینکردنـــی «دادپـــەروەری» ئەرکێکی نیشـــتمانی و نەتەوایەتیە کە گەلی کورد بـــە درێژایی مێژووی خۆی خەباتی بـــۆ کردووە و قوربانی بۆ داوە و ئامانجێکی ســـەرەکی راپەڕین و شۆڕشەکانی بووە.

٤ - «دادپەروەری» پرەنسیپ و بەهایەکی مرۆڤایەتیە. مافی تـــاك و کۆمەڵگایە کە بەشـــێوەیەکی «دادپەروەرانە» مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٥ – گەشەپێدانی بەردەوام، کە ئەمڕۆ بووتە دروشمی هەموو دەوڵەتانـــی جیهان و کار بۆ بەدەســـتهێنانی دەکەن، پێویســـتی بە دابینکردنی «دادپەروەری» هەیە. گەشەپێدانی بەردەوامی کەرتە ئابووری و خزمەتگوزاریەکان و گەشـــەپێدانی هەرێمی لە هەرێمی کوردســـتاندا پێویســـتی بە دابینکردنی «دادپەروەری» هەیە لە هەرێمدا.

٦ – نەبوونی «دادپەروەری» لە هەر شوێنێك و کۆمەڵگایەك دیاردەیەکـــی بێزراوە و شـــەرمە کە ڕازی بین بـــە بەردەوام بوونی و کارنەکەین و هەنگاوی پێویســـت نەنێین بـــۆ بەرەنگاربوونەوە و لەناوبردنی.

٧ - دابینکردنـــی «دادپەروەری» ئەمـــڕۆ داوایەکی ڕەوای خەڵکی کوردستانە کە دیارە هەســـت بە نەبوونی «دادپەروەری» دەکەن.

بۆ وەڵامی پرســـیاری دووەم، دادپەروەری چۆن دابین دەکرێت؟ دەڵێین: «کە دابینکردنی (دادپەروەری رەها ) لەتوانای مرۆڤدا نییە بۆیە لە هیچ شـــوێنێك و لەهیچ کاتێکدا بەدی نەکراوە و ناکرێت. کەوابوو مەبەســـت لە دابینکردنی «دادپـــەروەری»، دابینکردنی «دادپـــەروەری ڕێژەییـــە»، کـــە دابینکردنـــی و بەرزکردنەوەی ڕێژەکەی،(ڕێژەی دادپەروەری ) داواکاری و ئامانجی مرۆڤایەتی و کۆمەڵـــگا جیهانیەکانـــە. ڕێژەی دابینکردنـــی دادپەروەری لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت و دابینکردنی ڕێژەیەکی بەرز لە «دادپەروەری» سیمای کۆمەڵگا دروستەکانە. هەرچی تایبەتە بە دابینکردنی دادپەروەری لـــە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرێژەیەکی خـــوازراو، بە بۆچوونی ئێمە، دەکرێت بە ڕێگای ئەم خاڵانە بەدەست بهێنرێت:

١ – ڕەخســـاندنی هەلی یەکســـان، لە هەموو بوارەکاندا، بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا. بۆ نموونە ڕەخســـاندنی هەلی یەکســـان بۆ خوێندن، بۆ بازرگانیکردن، بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەگوزاری.... تـــاد. کاتێك ناتوانرێت، لەبەر هەر هۆکارێك بێت، هەلی یەکســـان بڕەخسێنرێت بۆ هاوولاتیان ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنە کە بە یاسا و ڕێنماییەکان کێشەکە چارەسەر بکات. بۆ نموونە کاتێك ناتوانین هەلی یەکسان بڕەخسێنین بۆ خوێندن، ناتوانین قوتابخانە و مامۆستا بۆ قوتابیانی شارۆچکە و شارەدێکان دابین بکەین، وەك چۆن لە ناوەندی پارێزگاکان قوتابخانەی باش و مامۆستایانی بە ئەزموون و شـــارەزامان بۆ قوتابیان دابینکردوە، پێوستە بە یاسا و ڕێنمایی بەڵانسەکە راست بکەینەوە. ئەوەی ئەمڕۆ پەیڕەو دەکرێت لەم بوارەدا و پێی دەوترێت «دابەشبوونی جوگرافی» لە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکاندا نەك هەر بەڵانسەکە راست ناکاتەوە و هەلی یەکسان نارەخسێنێت بۆ قوتابیان، بەڵکو قووڵتری دەکاتەوە.

٢ – دابەشکردنی دەسەڵات و لێپرسراویەتی لە نێوان پایتەخت و پارێـــزگاکان، لە نێوان پارێزگاکان و قـــەزا و ناحیەکان، لە نێوان وەزیر و بەرێوەبەریە گشـــتیەکان.. تاد. هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لێپرســـراویەتی کارێکی ئاســـان نییە، نازانم بۆ تا ئێستا لای ئێمە کەســـانێك هەن خۆیان بە «سوپەرمان» دەزانن و بڕوایان بە توانای خەڵکانی تر نییە ؟. هۆکارێکی ســـەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگا پێشـــکەوتووەکان دابەشکردنی دەسەڵات و لێپرســـراویەتیە لەنێوان دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتە لۆکاڵیەکاندا، لە نێوان پۆستە باڵاکان و پۆستە نزمەکاندا.

٣ – دابەشکردنی سامان بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، بە ڕێگای دابەشکردنی دادپەروەرانەی پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان، لە لایەك و لە نێوان فەرمانبەران و هاووڵاتیـــان، بە ڕێگای کەمکردنەوەی ئـــەو گاپە گەورەی کە هەیە لە نێوان موچە و دەرماڵەکاندا، لە لایەکی تر. دابەشـــکردنی دەسەڵات و سامان ئەوە ناگەیەنێت کە بەشێوەیەکی یەکسان دەسەڵات و سامان دابەش بکرێت بەڵکوو دەبێت پرۆسەی دابەشکردنەکە پشت بە بنەمای دادپەروەرانە ببەستێت.


پێکهێنانـــی یەکەی کارگێری بچووك بەرووبەر و گەورە بە دەسەڵات، بۆ نموونە بە پارێزگاکردنی ناوچەکانی سەر بە هەڵەبجە، رانیە، سۆران... تاد هەنگاوێکە بە ئاراستەی راست بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و لێپرســـراویەتی و سامان دەبێت دەستخۆشی و پێشوازی لێ بکرێت نەك هانی خەڵك بدرێت خۆپیشاندانی دژ بکات !.

٤ – کاتێك دەسەڵات و لێپرسراویەتی و سامان دابەش دەکرێت پێویستە دەزگایەکی چاودێری ورد و کارا هەبێت کە لە توانایدا بێت هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ کارەکان ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بتوانرێت دەستخۆشی لە کارە باشەکان بکرێت و خاوەنەکانیان پاداشت بکرێن و سەرپێچیکەرانیش سزا بدرێن. پەیڕەوکردنی پرەنسیپی پاداشت و سزا «هۆکارێك دەبێت بۆ دابینکردنی «دادپەروەری».

٥ – یەکســـان بوون بەرامبەر بە یاسا و پەیرەوکردنی پرەنسیپی «ســـەروەری یاسا» بە کردار نەك تەنیا بە وتە. نابێت یاساکان وەك «ماڵی جاڵجاڵۆکە» بن تەنیا بەســـەر هەژاران و بێ پشـــتیواناندا جێبەجێ بکرێن و دەسەڵاتداران یاساکان پێشێل بکەن بێ ئەوەی بە سزای خۆیان بگەن.

٦ - پرۆســـەی دابینکردنی «دادپـــەروەری»، لە کۆمەڵگای ئێمـــەدا، پێویســـتە لە نێو پارتە سیاســـیەکانەوە دەســـت پێبکات. پێویستە بەرپرســـیاریەتی و ئەرك و مافەکان لە نێو ئۆرگانەکانی پارتەکاندا بە شـــێوەیەکی دادپەروەرانە بە سەر ئەندامانی پارتەکاندا دابەش بکرێت، بە پشـــت بەستن بە بنەماکانی دڵسۆزی، خەبات و قوربانـــی، لێهاتوویی. ناڕەزایی لە نێو پارتەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگا. پارتێکی «دادپەروەر و تەندروســـت» حکومەتێك و کۆمەڵگایەکی «دادپەروەر و تەندروست» دێنێتە کایەوە

# دیموکراسی بەشێکە لە پێداویستییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی



فەرید ئەسەسەرد

تا سەرەتای ئەم سەدەیە کەم بانگەشە بۆ پێوەندی نێوان دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی دەکرا بەڵام دوا بەدوای هێرشەکانی ١١ی سپتەمبەری ٢٠٠١ پێوەندی نێوان دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، لەبیرکردنەوەی ڕۆژئاوادا زۆرتر برەوی پەیدا کرد، تا ئەو کاتە ڕۆژئاوا بایەخی بەدیموکراتیبوونی وڵاتانی جیهانی دواکەوتوو نەدەدا.

ساڵی ١٩٩٣ کم ئار هۆڵمز لەمیتۆدۆلۆژییەکەیدا دەربارەی بەرژەوەندی و هەڕەشەکانی سەر ئەمریکا بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەدیموکراسی بەشێوازی ڕۆژئاواییانە لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاو باشووری ئاسیا هیچ گرنگییەکی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نییەو ئەوەشی نەشاردەوە کەهاتنە سەرکاری بزووتنەوە جەماوەرییە ڕادیکاڵە ئەنتی ئەمریکییەکان لەڕێی دیموکراسییەوە بێ چەندوچۆن بەزیانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەشکێتەوە.

بەڵام هێرشەکانی ١١ی سپتەمبەر کاریگەریی قوڵیان لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی ستراتیژییانەی ڕۆژئاوا بەجێ هێشت و هانی ڕۆژئاوایان دا پشتگیریی بەرنامەیەك بۆ دیموکراتیزەکردنی جیهانی نادیموکرات دابنێ.

نزیکەی دە ساڵە پاش هێرشەکانی ١١ی سپتەمبەر، شۆڕشەکانی تونس و میسرو ئەو بزاڤانەی هەندێ شوێنی تری ناوچەکەیان گرتۆتەوە، دووراییەکی خۆماڵییان بەپێوەندی نێوان دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی بەخشی. ئەگەر ئامانجی سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی هەر وڵاتێك پاراستنی ڕژێمی سیاسی و قەوارەی نەتەوەیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە باڵاکان بێ، هەرەسهێنانی هەردوو ڕژێمەکەی تونس و میسر لەکاتێکی لێك نزیکداو لەماوەی چەند هەفتەیەکدا، دەری دەخا کەدکتاتۆریی سەرەڕای زەبروزەنگ و مەیلی بەلای بەکارهێنانی هێزدا، لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا کۆڵەوارو دەستەوسانە. هەر ئەم لایەنەی مەسەلەکەشە کەدەمانباتەوە سەر پێوەندی نێوان دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی.


ڕژێمە دیموکراتەکان بەشێوەیەکی گشتی لەبەردەم بزووتنەوەکانی نارەزاییدا لاوازن بەڵام نەك تا ئەندازەی ڕووخان. لەڕژێمە دکتاتۆرەکاندا بەشێکی گرنگی هەوڵی بزووتنەوەکانی نارەزایی بۆ ئامانجی ڕوخاندنی دکتاتۆری تەرخان دەکرێ، لەکاتێکدا لەڕژێمە دیموکراتەکاندا بزووتنەوەکانی نارەزایی زۆرتر بۆ دروست کردنی فشارو بەدیهێنانی دەستکەوتی سیاسی هەوڵ دەدەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەدەشێ لەسایەی دکتاتۆریدا بزووتنەوەکانی نارەزایی ببنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر تەواوی سیستمی حوکمڕانی و ئاسایش و سەقامگیری.

لەوتارەکەیدا بەناونیشانی «چی لەجیهانی عەرەبدا دەقەومێ؟» کە لەگۆڤاری ئەمریکیی فۆرن پۆلسی بڵاوکرایەوە، دۆڤ زکیم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەڕەوشی ئابووری نەك هەوڵی بەدیهێنانی دیموکراسی، هاندەری دوو شۆڕشەکەی تونس و میسر بووەو لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەقۆرخ کردنی ئابووری لەتونس لەلایەن بنەماڵەی بنعەلییەوەو پەرەسەندنی بێکاری و هەڵئاوسان و بەفیڕۆچوونی دارایی گشتی لەمیسر، بوونە مایەی وروژاندنی شەقامی نارازی دژی دەسەڵاتی هەردوو وڵات.

بوونی دیموکراسییەکی کرچ و کاڵ لەم دوو وڵاتەدا پەراوێزی ئازادیی ڕادەبڕینی بەرادەیەك تەنگەبەر کرد کە هیچ دەرفەتێکی جگە لەهانا بردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بۆ شەقام نەهێشتەوە. دیموکراسی بەهۆی چەردەیەك میکانیزمی گونجاوەوە، دەرفەتێکی زۆر بۆ پاراستنی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەرەخسێنێ. بوونی سانسۆڕێکی کارا بەسەر هەڵسوڕانی دامو دەزگاکانی دەوڵەتداو ڕاییکردنی میکانیزمی دەستاودەستی ئاشتییانەی دەسەڵات و دابین کردنی پانتاییەکی فراوان بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادکردنی بازاڕ، لیبرالیزمێکی سیاسی-ئابوریی وا دێنێتە کایەوە کەدەوڵەت لەوە دوور دەخاتەوە کەببێ بەدەوڵەتێکی ئەمنی و لەهەمووشی گرنگتر پێوەندی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان بەشێوەیەك ڕێکدەخا کەمتمانە نەك گومان بەردی بناغەی ئەو پێوەندییە بێ. بەدڵنیاییەوە، دیموکراسی سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی لەدکتاتۆری خۆڕاگرترو باشتر بەکەڵکی پێداویستییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دێت.

لە ساڵیادی ١١ی ئادار و ئازادکردنی هەولێردا جەمال مورتکە بۆ (گوڵان):

# هەولێر قەڵایەکە بۆ پارێزگاری کردن لە دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان



**گوڵان:** قسەیەك هەیە دەڵێن لەدوای شەڕی خواكوركەوە سەرۆك بارزانی پێشبینی گۆڕانكارییەكی گەورەی لە ناوچەكەدا كرد، ئایا ئێوە هەستتان دەكرد ڕاپەڕین ڕوودەدا و هەولێر ئازاد دەكرێت؟

**جەمال مورتكە:** دیارە پاش قۆناغی ئەنفالەكان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ بەتایبەتی پاش كۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عیراق بارودۆخێك دروست بوو هێزەكانی پێشمەرگە و بنكەو بارەگاكانی شۆڕش لە سنوورەكان كشانەوە، لەبەرئەوەی پێش ئەو بارودۆخەش حكومەتی بەعس بەپێی ئەو بەرنامەی دایڕشتبوو كە لەشەڕی خواكورك یان پێش ١٩٨٨/٨/٨ كۆتایی بە هەموو بنكەو بارەگاكانی سەركردایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی كورد و كوردستان بەتایبەتی هی پارتی دیموكراتی كوردستان كە لە سێگۆشەی سنووری بوو بێنێت، بەڵام بەحوكمی خۆڕاگری پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان بەتایبەتی بەبەشداری و سەرپەرشتی كردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی، حكومەتی بەعس ئەو ماوە و پێوەرەی دیاری كردبوو نەیتوانی بەدەستی بێنێت، بەڵكو دوژمن قورسترین چەك و كیمیای بەكارهێناو دەتوانین بڵێین زیاتر لە نیوەی هێز و لەشكرەكەی هێنابوو بۆ كوردستان و بەرەی شەڕ، بەڵام هەر سەركەوتوو نەبوو، كەشەڕ كۆتایی پێهات جەنابی سەرۆك بارزانی لە وتارێكی مێژوویی بەرامبەر پێشمەرگەی كوردستان پێشبینی زۆر ڕوونی خستەڕوو، فەرمووی لە ئایندەیەكی نزیكدا حكومەتی عێراقی دوو ڕێگەی لەپێشە، یەكێكیان ئەوەیە كە دەبێ ئیعتراف بەواقیعی عێراق بكات و دان بە مافی ڕەوای گەلی كورد و كوردستان بێنێت، یان بەپێی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە پێشی و ئەو لەشكرە زەبەلاحەی دروستی كردووە كەپێویستی بە ئیمكانیاتەكی زۆر گەورە و فراوان هەیە بەناچاری دەبێ هەندێ هەنگاو بنێت.

یەكێك لەو هەنگاوانە ئەوەبوو كە لەشكرەكەی پەلكێش بكات بۆ شوێنێك وەكو ئەوەی كوێتی داگیركرد لەم حاڵەتەشدا بارودۆخی ناوخۆی عێراق تێك دەچێت و كورد و كوردستان سوودمەند دەبن، لەپاشان سەرۆك بارزانی تەئكیدی كردەوە هەر پێویستە كورد سەبری هەبێت

وەك پێشمەرگەیەكی دێرین (جەمال مورتكە)لەم دیمانەیەیدا زەینی لای نیشتمانەو لە هەولێرەوە یادوەرییە دێرینەكانی پێشمەرگایەتی بەرجەستەدەكاتەوە و بەیادی ڕزگاربوونی ئەم شارەوە ڕۆحی خەباتگێڕی نوێدەكاتەوە ، ڕۆحی هەولێر بەخانەدانی و بەرخودانی هەشت هەزار ساڵەیەوە زەنگیانەی ڕەنگینی خەناوكەیەكە كە هەموو شارو شارۆچكە كوردییەكانی لە ڕەسەنایەتیدا بەخۆیەوە بەستۆتەوە، هەمیشە وەك ماڵە گەورە میتافۆری ئاشتی و دڵنەوایی گشت خەڵكی كوردستان بووەو هەر تاكێكی نەتەوەی كوردیش كە لێیقەوما بێتە هەولێری بە ئارامترین مەئواو شوێنی پشوودان وحەوانەوەو تێفكرین لە داهاتووی خۆی و كوردان ناسیوە، لێرەدا گەڕانەوە بۆ زادگا گەڕانەوەیە بۆ سروشتی خاكیی و زێدی هاووڵاتیانێ كە عاقڵانە سۆزیان بۆ پرسی نیشتمانەكەیان دەجووڵێت، نیشتمانێك كە سێ بەشی چاوی ئومێدیان لە ئاوەدانی و جوانی و بەپایتەخت بوونی هەولێرە ، زۆر ڕووداوی مەزن لە مێژووی ئەم شارەدا قەوماون ، گرنگترینیان كە لە مێژووی هاوچەرخدا بایەخی زۆری بۆ داهاتووی گەلی كوردستان هەبێت ڕۆژی ١١ی ئادارە كە تێكڕای خەڵكی هەولێر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ بۆ مێژوو سەلماندیانەوە كە بۆ ئازادی و ڕزگاری نیشتمانەكەیان خاوەنی هەڵوێستن هەروەك چۆن بۆ دڵدەی لێقەوماوان و ئاوارەو تەنانەت بۆ ئەوانەی غەوارەی چەوساوەشن و لەسەر ماڵ و موڵكی خۆیان ڕاونراون ، هەڵوێستان وەرگرتووەو نەیانهێشتوە لە شارەكەدا هەست بە غەریبی و نامۆیی بكەن كە ئەمەش سەرەكیترین بنەمای دروست بوونی جڤاك و شارە ، وا لێرەدا لە زاری كەسایەتییەكی دڵسۆز بەم شارەوە هەندێ یادو بەسەرهات بەسەردەكەینەوە ..





و خۆمان ڕێك بخەینەوە، هەر لەسەر ئەو ئەساسەوە کۆنگرەی (١٠) ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٩ لە گوندی هێشماوە بەسترا، بۆئەوەی بەرنامەیەکی ڕێکوپێك و تۆکمە بۆ ئایندەی کوردو کوردستان دابرێژرێت، لەو کۆنگرەیەدا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل ئەنجامدرا بۆ ئەوەی سەرکردایەتییەکی بەتوانا و گەنج بێتە مەیدان بۆدرێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتیزانی و چەندین بابەتی تری گرنگ گفتوگۆی لەسەرکرا.

هەروەها لەسەر ئەساسی لق و لیژنەناوچە و ڕێکخستنەکانی پارتی شێوە ڕێکخستنێکی نوێ و زانستیانە دامەزرا بۆ پیادەکردنی بەرنامەی پارتیزانی، لەوانە بە نموونە لقی دوو شەش لیژنە ناوچەی هەبوو کرا بە سێ لیژنەناوچە، لیژنەی ناوچەی شەقڵاوە کە من بەرپرسی بووم لەگەڵ لیژنەی ناوچەی ڕانیە لێکدرا، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەبوو بۆ ئەوەی بەیەکەوە بتوانین کاربکەین و درێژە بەخەبات و پارتیزانی بدەین، هەیکەلەکانی لق و ناوچە و ڕێکخستنەکان هەر هەموو لەسەر ئاستی کوردستان بەم شێوەیە ڕێکخرا، بۆیە دەتوانین بڵێین بەرنامەی ڕاپەرین بەر لەساڵێك لە ڕاپەرین دیراسەت کرابوو، بەڵام نەدەتوانرا بڵێین ئەمرۆ یان بەیانی یان فلانە ڕۆژ ڕاپەرین دەبێت، لەبەرئەوەی دیراسەت و پێشبینی ئەوە کرابوو کەبارودۆخی عێراق گۆڕانی بەسەر دێت یان بۆ بەردەوامی خەباتی ئێمە وەکو کورد دەبێ خەباتێکی سەختی پارتیزانانەی خۆڕاگرانە بکەین، بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە سەختەی بەسەر کورد فەرزکراوە بیشکێنین، چونکە ئەو کات دوژمن پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە شۆڕش و پێشمەرگە نەماوە و تا دنیاش ماوە دروست نابێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە بەحەکیمانەی سەرکردایەتی و پێشمەرگەی پارتی و بەرەی کوردستانیش، بەڵکو مەیدان و واقیع شایەدە کە پارتی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری لەبەرخۆدان و شۆڕشکردن دژی دوژمن دیت، لەو کاتەدا لەلایەن سەرکردایەتی پارتی بە هەستاری و لێپرساویەتی ڕێنمایی و زانیاری بەهێزی

**لەمێژووی کورد دا (١١)ی ئادار ڕۆژێکی جیاوازە کەدوو گۆڕانکاری و ڕووداوی زۆر گرنگ تێیدا بۆ کورد هاتۆتەدی**

**بەحوکمی خۆڕاگری پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی بەبەشداری و سەرپەرشتی کردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی، حکومەتی بەعس ئەو ماوە و پێوەرەی دیاری کردبوو بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد. نەیتوانی بەدەستی بێنێ ..**



پێشمەرگە دەدرا، بۆیە هەموو کات و سات لە ئامادەباشیدا بووین بۆ هەر بارودۆخێك بێتە پێشـــەوە یان بۆ هـــەر گۆڕانکاری و ڕووداوێك، ســـەرئەنجام ئەوەبوو لە(٤-٥) مانگـــی ئادار ڕاپەڕین لە کوردســـتان دا دەستی پێکرد.

**گوڵان:**(١١)ی ئادار بۆ هەولێر ڕۆژی ســەرکەوتنی ڕاپەڕینە، بـــەڵام هاوکات ڕۆژی ئیمزاکردنـــی ڕێککەوتننامەی ١١ ئادار و ســـەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوولە، ئایـــا لای بەڕێز جەمال مورتکە ئەو ڕۆژە چییە؟

**جەمال مورتکـە** ڕۆژی (٩)ی ئادار لە شەقڵاوە بووین و(١٠)ی ئادار لە مەسیف بووین، بەرە بەیانی ١٩٩١/٣/١١ لە مەسیف هاتینە خوارەوە لە کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی لە بەستۆرە و دەوروبەری بووین، لەو کاتەدا هەندێ جموجوڵی دوژمن هەبوو، بـــەڵام زۆر بێ هێزبوو. هـــاوکات دوژمن بەتانك و تـــۆپ و هێزێکی تایبەتی زۆر بە هاوکاری کۆپتەر لە بازگەی شـــاویس هێڵێکـــی بەرگری دانابوو، لـــەو کاتانەدا جـــار جار تۆپی دوژمـــن بۆمان دەهات و کۆپتەرەکان لەســـەر سنوورەکە دەسووڕانەوە من لە ژیانمدا زۆر کەم (موتەئەسیر) دەبم، بەڵام لەو کاتەدا لەخۆشـــیان کە دەمزانی گۆڕانکارییەکی جۆری و گەورە بەســـەر کورد و هەولێردا دێت، فرمێسك لەچاوەکانم ڕانەدەوەستا، هەڤاڵانم وایان دەزانی من بۆ هەندێ کار و شـــتیتر دڵگران و خەمبارم، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خۆشیەی ئەو ڕۆژە لەلای من سەرگوزشـــتە و بیرەوەرییەك و داستانێکی گەورە و زۆر پیرۆزە.

دەبێ ئەوەش بزانیـــن لەمێژووی کورد دا(١١)ی ئادار ڕۆژێکی جیاوازە کە دوو گۆڕانـــکاری و ڕووداوی زۆر گرنـــگ تێیـــدا بۆ کـــورد هاتۆتـــەدی، یەکێکیان ئەوەبوو لـــە ســـاڵی (١٩٧٠) حکومەتی عێراقـــی لەسەردەســـتی بارزانی نەمر و هێزی پێشـــمەرگە و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دانی بە مافی گەلی کورد هێنا لەمێژوودا بۆیەکەمجار لەڕووی یاسایی دوژمن باوەڕی بەمافی نەتەوەیی کورد هێنـــا، دووەم بەدووبـــارە بوونەوەی ڕۆژی(١١)ی ئادار ساڵی ١٩٩١ کەشاری هەولێـــر ئازاد بوو، چونکە هەولێر لەڕووی مێژوویی و سیاســـییەوە جێگەی تایبەتی خۆی هەیە و شارێکی خۆراگر و پیرۆزە، بۆیـــە مانای ئازادبوونـــی هەولێر مانای ڕزگاربوونی کوردســـتان و پشت شکانی دوژمنە و بەرزگاربوون و ئازادی هەولێری پایتەختی کوردســـتان، شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشـــە یەك لە دوایەکەکانی کوردستان ســـەرکەوت، لەبەر ئەوەش بوو حکومەتی بەعسی دوژمن گەورەترین هێزی لە هەولێر دانابوو ئـــەو گرنگییەی بە هەولێری دابوو بـــە کەرکوکی دڵی کوردســـتانی نەدابوو، لەلایەکی تر دەبێ ئەوە بزانین کە هەولێر و خەڵکی هەولێر باکگراوندێکی زۆر بەهێزیان لە مێـــژووی بزووتنـــەوەی ئازادیخوازی کورددا هەیە، هەولێر هەر لەســـەردەمانی هۆلاکۆ و جەنگیزخان تا دێتە ســـەرەتای ســـەدەی(٢٠)م، تەماشا بکەیت لە هەموو کاتێـــك ئازاد و بوێرو خۆڕاگربووە و ڕۆڵی

## دوای ئازادکردنی هەولێر هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکانیش بەرامبەر بە کورد گۆڕا، بۆیە ئازادکردنی هەولێر، سەرکەوتنی کورد بوو

سیاسی خۆی وەرگرتووە و نەگۆڕە لەسەر بڕیاری خـــۆی و هیچ هێـــز و نیزامێك ناتوانێ بەرامبەری ڕابووەستێت، هەر بۆیە دەڵێین(هەولێری هۆلاکۆ بەزێن) و دەتوانم بڵێم لەسەدەی(٢٠) هەولێر حزبی بەعسی دیکتاتـــۆری بەزاند، زۆرجـــار نموونەیەك هەیە بـــاس دەکرێت دەڵێن(ئەگەر هەولێرت برد واتە کوردســـتانت بـــرد) هەر بۆیە کە هەولێر ئازادبوو من دڵنیابووم کە(١٠٠٪) کەرکوکیش ئازاد دەکەین.

هەروەهـــا دەبـــێ ئەوە بۆ مێـــژوو باس بکەین، ڕاستە هێزی پێشمەرگە ڕۆڵێکی ســـەرەکی لـــە ئازادکردنـــی هەولێـــری خۆڕاگری شـــاری قەڵا و منارە هەبوو، بەڵام کە شەوی دە لەســـەر یانزە ئێمە لە مەســـیف بووین لە کاتژمێر حەوتی شەو تا بەرەبەیان ســـێ بەشـــی هەولێر لەلایەن جەمـــاوەر و خەڵکییەوە هەولێـــر ئازادکرا، چونـــکە کە ئێمە کاتژمێـــر(٩)ی بەیانی گەیشتینە پێش پەروەردەی گشتی هەولێر تەقە تەنیا لە ســـێ تا چوار جێگە مابوو، دەنا هەر هەموو هەولێر لەلایەن کچ و کوڕ، پیـــر و گەنج و خەڵکە چاونەترس و ئازا و خۆڕاگرەکانی هەولێرەوە ئازاد کرابوو.

**گوڵان:** ئێوە وەکو بەشـــێك لەهێزەکانی بەرەی کوردستانی بەشداربوون لەئازادکردنی هەولێـــر، ئایا هەموو پێکـــەوە وەك بەرەی کوردســـتانی چۆن ســـەیری ئازادکردنی هەولێرتان کرد، ئایا ئازادکردنی هەولێر چ مانایەکی هەبوو؟

**جەمال مورتکە:** وەکو بەرەی کوردستانی ئەوکات هەســـت و ڕوحیەتی نەتەوەیی و تەبایـــی هێزەکانـــی بەرەی کوردســـتانی گەیشـــتبووە ئەو ئاســـتەی پێشمەرگەی لایەنـــەکان جیانەدەکرانەوە، کـــە هێزەکان پێشـــڕەوییان دەکرد بەیەکـــەوە بەرەو پێش دەچوون بەبێ جیاوازی.

لـــەلای ئێمە ئازادبوونـــی هەولێر واتە ئازادبوونی کوردســـتان، تا شاری هەولێر ئازاد نەکرا خودی جەنابی سەرۆك تەنانەت یەك لێدوانیشـــی نەدا، دوای ئازادکردنی هەولێـــر هەموو کۆتو بەندەکان شـــکان و ورەی دوژمنیـــش ڕووخـــا، دەتوانـــم بڵێم دوای ئازادکردنی هەولێر هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکانیش بەرامبەر بە کورد گۆڕا، بۆیە ئازادکردنـــی هەولێر، ســـەرکەوتنی کورد بوو.

**گوڵان:** یادەوەرییە خۆشەکانت لە ڕۆژی ئازادکردنی هەولێر چی بوون؟

**جەمال مورتکە:** ئەوەی ئەو ڕۆژە دیتم و سەرنجی ڕاکێشام، ئەگەر کورد ئاوا برِوا و بەوشـــیارییەوە بیر بکاتەوە و هەماهەنگ و تەبابێت، هیچ هێزێـــك نییە بتوانێت لە بەرامبەری بوەســـتێت، من پێشتر وتوومە و ئێســـتاش دەیڵێم، کورد لەڕابردوودا زۆر زوڵمی لێکراوە و ماڵوێرانی و کارەســـاتی جیاجیای بینیوە، بەڵام ئەگەر مەترسی و هەڕەشـــەی لەناوچوونی لەسەر بێت کورد یەك دەگرێت، ئافرەتان لە پیاو و گەنجەکان بەهێزتر بوون لەهێرش بردنە سەر مۆڵگەکانی دوژمن و بەچاوی خۆم دەمدیت نان و ئاو و پێداویستی بریندار و نەخۆشیان دەهێنا، ئەوکاتەی فڕۆکەکانی دوژمن بۆردومانی هەولێریان دەکرد، خەڵـــك لە ماڵی خۆی دەهاتنە نەخۆشخانە و خوێنیان دەبەخشی، پزیشـــکە ســـەربەرزەکانمان ماڵی خۆیان جێهێشـــتبوو و هاتبوونە نەخۆشخانەکان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان، دەتوانم بڵێم

**هەرکەسێك و چینوتوێژ و لایەنێك بە درێژایی مێژوو لێی قەومابێت پەنای هێنابێتە بەر هەولێر، ئەوە هەستی بە غەریبی نەکردووە و خزمەت کراوە**

ڕۆژی تەبایی و چاونەترسی بوو بەرامبەر بەدوژمن، بۆیە من هیچ کاتێك ڕەشبین نەبووم و خۆشی ئازادکردنی هەولێر هەرگیز لە یادم دەرناچێت و هەمیشە لە ڕۆژی ١١ی ئادار ئەو ئومێدە لای من گەورەتر دەبێ.

**گوڵان:** دوای ئازادکردنی هەولێر ئەرکی قورستان بوو بەخۆئامادەکردن بۆ ڕزگارکردنی کەرکوك، لەو ماوەیەدا چۆن خۆتان ئامادەکرد بۆ ئازادکردنی کەرکوك؟

**جەمال مورتکە:** بەپێی ئەو پلانەی دانرا کەمێك ئازادکردنەکەی قورس بوو، چونکە حکومەتی بەعس هێزێکی یەکجار بەهێز و زۆری لە کەرکوك کۆکردبووە و ڕۆژی (١٥)ی مانگ چووینە ئاڵتون کۆپری و ڕۆژی (١٦ و ١٧)ی مانگ لە قەلعەکانی ئەو سنوورە ماینەوە، زۆر هەوڵماندا، بەڵام ئەوکات نەتوانرا بەرنامەکەی ڕزگارکردنی کەرکوك جێبەجێ بکەین. جەنابی سەرۆك بارزانی ئێوارەی (١٤)ی مانگ هاتە ئاڵتون کۆپری و لەگەڵ برادەرانی بەرەی کوردستان دانیشت بۆ ئەوەی دیراسەی بەرنامەی ئازادکردنی کەرکوك بکەن.

ڕۆژی (١٧)ی مانگ گەڕاینەوە، ئەو کاتە جەنابی سەرۆك بارزانی بروسکەیەکی کرد بۆ هەموو لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و هەموو حزبەکان ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ بەهەر نرخێك بێت کەرکوکی دڵی کوردستان لەژێر چەنگی دوژمنان دەربێنن، لە پاشان لە ڕۆژی (١٨) مانگ ئێمە وەکو لقی دوو وەکو هەولێر و بەرەی کوردستانی بە گشتی چووینەوە بۆ ئاڵتون کۆپری لەسەر قەلعەکانی دارەمان دابەش بووین ڕۆژی (١٩) مانگ بەرنامە دانرا بۆ بەرەو ئازادکردنی کەرکوك بەهێز و توانای چەك، چونکە دوژمن زۆر بەهێز خۆی قایم کردبوو زۆر هەوڵدرا و ژمارەیەکی زۆر شەهید و برینداریش درا، بەڵام بەهۆی ئەو هێزە زۆرەی دوژمن کە لە کێشی مایکرۆی کەرکوك لەسەر لوتکەی شاخەکان هەبوو، نەتوانرا بەرنامەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵام خۆم لەگەڵ هێزێك تەماشامان کرد دەبێ لەسەر پشتی ڕێگای ئاڵتون کۆپری کە بەسەر ئەو لوتکە شاخانە کە دەڕوانێتە لای کەندێناوە و ناوچەی پەرکانە هێرش بکەین و ئەوکات دکتۆر سەعیدی خوالێخۆش بێت وەکو سوپای بارزان لەوێ بوو هەروەها کاك (عومەر عوسمان)ش لەوێ بوو شەوی (١٩لەسەر٢٠) دەستمان بەهێرشکردن کرد ڕەبایە بە ڕەبایە کە(٣٥) ڕەبایەمان

**کورد لەڕابردوودا زۆر زوڵمی لێکراوە و ماڵوێرانی و کارەساتی جیاجیای بینیوە. بەڵام ئەگەر مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەر بێت کورد یەك دەگرێت**

بەتوانای هێز و چەك گرت و شەهید و برینداریشمان هەبوو، کاتژمێر(١٠:٣٠)ی بەیانی گەیشتینە مایکرۆ، جگە لەتۆق و بازنەی دوژمن لە مایکرۆ دوو بازنەی تری بەهێزی دوژمن هەبوو، یەکێکیان لە بازگەی کەرکوك و ئەوەی تر لە پێش گەڕەکی ڕەحیماوە لەسەر پردەکان بوو، لە یادمە سێجار لەم ڕۆژەدا هەوڵماندا نەتوانرا هێزکەی دوژمن ئەوەی مایکرۆ بشکێت زیاتر لەبەر ئەوەبوو کاتەکە ڕۆژ بوو و تۆپ و تانکی زۆری لێ بوو، لەپاشان لە هێرشێکی خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە لە کاتژمێر(١١:٣٠) هێزی دوژمن لە مایکرۆ شکا، لەو کاتەدا سەیرم کرد بەهەزارەها ئۆتۆمبێلی خەڵکی هەولێر و چۆمان و حاجی ئۆمەران و سۆران و.. زۆر شوێنی دیکە کۆببوونەوە، لەو کاتەشدا سوپای بارزان شۆڕ بوونەوە بۆ ناو شریکەی نەوت، کە ئەڵقەی یەکەمی دوژمن شکا بەلێشاو پێشمەرگەو جەماوەرەکەی ڕاوەستابوون بەئۆتۆمبێل هێرشیان کرد وێنەی ئەو کاتەم لەبەرچاوە وەکو فیلمی (رسالە و عومەر موختار) دەهاتە بەرچاوم کە جەماوەر و هێزی پێشمەرگە بە تەنیشت دەبابەکان دەڕۆیشتن و هەندێ کات پێش دەبابەکانیش دەکەوتنەوە، چونکە هێزی دوژمن لەو کاتەدا شکابوو خۆی بۆ نەگیرایەوە و ڕۆژێك پێشتر(١٩ لەسەر ٢٠)ی مانگ هێزێکی پارتی بەسەرپەرشتی نەسرەدین مستەفا خوالێیخۆش بێت ولەگەڵ هێزێکی یەکێتی ڕەوانەی ناوشاری کەرکوك کرابوون، لەئەنجامدا شەڕ لەناو ڕەحیماوە دەستی پێکرد بەهاوکاری جەماوەری ڕەحیماوە لەپاش نیوەڕۆیەکەی بەشی زۆری گەڕەکی ڕەحیماوە ئازادکرا، کاتژمێر(٥:٣٠) ئێوارەی هەمانڕۆژ هێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەرەکە یەکتریان گرتەوەو بەشی زۆری کەرکوك ئازادکرا، ئازادکردنی کەرکوك زۆر شتی بۆ ئێمە بەدەست هێنا، لەوانە ئەو دوژمنکارییەی لە هەموو لایەنێکەوە بەرامبەر شارەکە و خەڵکەکە کرابوو هەر هەموو سڕایەوە و خەڵکەکە دڵشاد بۆوە و کوردستانیەتی کەرکوك پتر گەشەی کردوو چەسپا و هاتنەدی، ماددەی(٥٨) و لەپاشان مادەی(١٤٠)ی دەستوور هەر لە ئەنجامی ئەو بەرهەمی ئازادبوونی کەرکوکەوەیە و بۆ هەموو دنیا سەلمێنرا کە کەرکوك شارێکی کورد و کوردستانییە.

**گوڵان:** پێمانخۆشە لە کۆتاییدا جەنابتان

**خەڵکی هەولێر لە دروشمی بریقەدار و لابەلا دوورن و زۆر بەهێمنانە دەجووڵێنەوە بە قسەی ئەولاو و ئەملاو و گێرەشێوێنەکان باوەڕناکەن**

ئەگەر پەیامێکتان هەبێت یان قسەیەکت ماوە ئاماژەی پێی بکەیت؟

**جەمال مورتکە:** هەولێر بەپێی مێژووی کۆنی خۆی شاری دایکە، شاری نەتەوەیە و شاری سەرەورییەکانە کە لەمێژووی کورد هاتۆتە دی، کورد بەگشتی و خەڵکی هەولێر بەتایبەتی بە ئەمەك بووینە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ کورد و کوردستان ماندوبووینە، بەوەفا

> **هێزی پێشمەرگە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئازادکردنی هەولێری خۆڕاگری شاری قەڵا و منارە هەبوو، بەڵام کە شەوی دە لەسەر یانزە ئێمە لە مەسیف بووین لە کاتژمێر حەوتی شەو تا بەرەبەیان سێ بەشی هەولێر لەلایەن جەماوەر و خەڵکییەوە ئازادکرا**



جەمال مورتکە ناوچەی بارزان (١٩٨٧)

و ئەمەك بووینە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کەڕوویان لەشاری هەولێر کردووە، هەولێر بە حوکمی تەجروبەی خۆی تاڵی و سوێری و دەربەدەری و ناخۆشی زۆری دیتووە، لە هەمان کاتدا هەولێر لە پێگەیەکی سیاسی زۆر بەهێز و نەگۆڕدایە.

هەولێر بەرامبەر بارزانی و سەرکردایەتی پارتـــی دیموکراتی بە ئەمەکن و نەگۆڕن و ســـەروەرییەکانی شـــارەکەو خەڵکەکە دەگێڕنـــەوە بـــۆ دڵســـۆزی شـــۆڕش و کوردایەتـــی بارزانـــی، ئەگەر ســـەیری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکەین کە لەهەندێ شوێن ئاژاوە هەیە، بەڵام هەولێر دوور لـــە بەرژەوەنـــدی تایبەتی هەندێ کەس و لایەن ڕەچـــاوی ئاییندەی وڵات و گەلەکەی خۆی دەکات و هەڵوێســـتی جوامێرانەی خۆی هەیە و دووپاتی کردەوە کە پارێزگاری لەدەستکەوتە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکەی دەکات، خەڵکی هەولێر لە دروشـــمی بریقەدار و لابەلا دوورن و زۆر بەهێمنانە دەجووڵێنەوە بە قســـەی ئەولاو و ئەملاو و گێرەشـــێوێنەکان باوەڕناکەن، هەمـــوو کەس و لایەکیـــان خۆش دەوێت بەتایبەتی ئەوانەی لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان کاردەکەن، بۆیە پێویستە لەلایەن حکومەت و ســـەرکردایەتی سیاسی زۆر زیاتر بۆ هەولێر بکەن و پتر گەشـــەی پێ بدەن و هەولێر بەئاسانی و سادەیی یەکێك دەست نیشان ناکات، بەڵکو بەکار و کردەوە دەزانێ کێ خزمەتی دەکات و هەرکەسێك و چینوتوێژ و لایەنێك بە درێژایی مێژوو لێی قەومابێت پەنای هێنابێتە بەر هەولێر، ئەوە هەســـتی بـــە غەریبی نەکـــردووە و خزمەت کراوە.


هەولێر قورسایی و ناوەندێکی بەهێزی بیروباوەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانە و دڵســـۆزە بـــۆ ڕێبـــازی بارزانی نەمر و لەم لایەنەشەوە هەســـت و بیروباوەڕیان جێگـــر و نەگۆڕە، لـــە هەولێر زۆر لایەن و بیروبـــاوەڕ جێگـــەی دەبێتـــەوە، بەڵام خەڵکەکـــە بیروباوەڕێکـــی پتەوی خۆی هەیەو ناگۆڕێت و دڵســـۆزە. بە قســـەو جووڵەی ئەو کەســـانە هەڵناچن کەئێستا دوور لـــە داب و کەلتـــووری نەتەوایەتی و نیشـــتمانی کار دەکەن، هەولێر بەعسی بەزێنە، هەولێر شاری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و دادپەروەری و ئاشتییە، میللەتێکی خۆڕاگر و مەنگە.

# نەورۆز لەمێژووی ئیسلامیی و، لە دیدی




# زانایانی ئاینیی ناوداری کوردستانەوە

دەبا زیاتر لە جـــاران بایەخ بەجەژنی نەورۆز و تەواوی بۆنە نەتەوەییەکانی ترمان بدەین، تیایاندا شانازی خۆمان بە کوردستانی بوونمان دووپات بکەینەوە کە ناسنامەیەکی خواکردە، خۆی پێی بەخشیووین.



**دۆست و دوژمن لەو ڕاستییە دەگەن کە کردنەوەی ئاگری نەورۆز تەنیا ڕەهەندێکی سیاسی هەیە. نیشانەو هێمایەك بووە بۆ گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی (کاوە) بە ناوچەکانی دەوروبەری. ئێستاش هەر هەمان ئەو ڕەهەندە سیاسییەی جارانی هەیە**



عەبدولڕەحمان سدیق

هەموو ســاڵێك، وەکو پیشــەی ســەدان ساڵی لەمەوبەری گەلەکەمان، لەســەر لوتکەی چیاکان و گــردو تەپۆڵکەو شــوێنە بەرزەکاندا، لە ئێوارەی ڕۆژی پێش نەورۆزدا، ئاگری سەرکەوتن دەکەینەوە، بۆ یادی ســەرکەوتنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرو، کۆتایــی هاتنی لاپەڕەیەکی زوڵــم و زۆرداری لە مێــژووی نەتەوەکەماندا، ئەو نەتەوەیەی لەم ڕۆژەو لەم جەژنەدا بۆ تەواوی دنیا ئاشــکرای دەکات کە گەلێکی ســەربەخۆی خاوەن ناســنامەی تایبەتی خۆیەتی.

هەر لەبەر ئەمەشــە ڕژێمە دەســەڵاتدارەکان و داموودەزگا ســەرکوتکەرەکانیان هەمیشەو بەتوندی ڕووبەڕووی ئــەم ئاگرە بوونەتــەوەو لەهەرکوێیەك کرابێتەوە، هەوڵی کووژاندنەوەیان داوە.

ناحەزانــی گەل و نەتەوەکەشــمان، کاتێك لەم هەوڵە نارەوایەیاندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابێت، پەنایان بردۆتە بەر (ئاییــن) و لەپەنای (ئایین)دا ویستوویانە، جۆش و حەماســەتی گەلەکەمان بۆ بۆنەو جەژنە نەتەوەییەکانی سارد بکەنەوە لە ڕێگەی هەندێ قســەی نارەوای وەك ئــەوەی کە ڕواجیان پــێ دەدا گوایە نابێت بە نــەورۆز بووترێت جەژن و، نــەورۆز لەمێژووی ئیســلامدا نەبووەو، نەورۆز ناشــێت بۆ ســاڵنامەو ڕۆژژمێرو، ئاگر کردنەوەی نەورۆز داهێنراوەو، زەردەشتی نارەوای تری وەك ئەم قسەو قسەڵۆکانە!! ئەمەش لەکاتێکدا لەسەرتاسەری جیهانی ئیســلامییدا تەواوی وڵاتان، ڕۆژێکیان بۆ ئاهەنگ گێڕان تەرخان کردووەو، ناویشــیان لێناوە (جەژنی نیشتمانی).

بەڵام بۆ ئێمــەی کورد، کە نەتەوەیەکی دێرینی جیهــان و ناوچەکەین، کوردستانیشــمان لانکەی دووەمــی مرۆڤایەتییە، هێشــتا لێرەولەوێ لەگەڵ داهاتنی جەژنی (نەورۆز)دا، کە جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردستان و سەری ساڵی تازەی کوردیمانە، گوێمان لە هەندێ قسەی وەك ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەبێت.

جا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تۆمەت و هەڵەو گومانانە سەبارەت بەم جەژنە نەتەوەییە گرنگەمان، وا چاکە یەکە یەکە وەڵامیان بدەینەوە:

یەکــەم: هێشــتا هەندێــك لە مەبەســتی ئەو فەرموودەیــەی پێغەمبــەر نەگەیشــتوون کــە دەفەرموێت:

(إن لكل قوم عيدا وهــذا عيدنا) رواه البخاري ومسلم

بۆیــە وا بڕیار دەدەن کە جگە لە هەردوو جەژنی (ڕەمــەزان) و (قوربان) ڕۆژێکی تر نییە پێی بڵێن جەژن، ئەمەش لە ڕاســتیدا وا نییە، چونکە ئەگەر بڕوانینە ئەو ســەرچاوانەی کە شــەرحی (صحيح البخاري) دەکــەن، وەکو (فتح البــاري) و (عمدة القاري) و (ارشاد الساري)، ئەوا لە ڕاڤە کردنی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێن: (في قوله هذ عيدنا: وهو يوم الاضحى)، واتە: لە هەر ئایینێکدا جەژنێك هەیە کە بە ناوێکەوە ناو دەنرێت، بەڵگە بۆ ئەمەش ئەوەیە کە وشــەی (ملة واتە (دين)، واتە جەژنی (ڕەمەزان)و (قوربــان) بەم پێیە ئەو دوو جەژنەن کە ئاینەکەمان بۆی داناوین، (جەژنی ئایینی) نەتەوەکەمانە، ئەو بۆنەو یادو ڕۆژانەش کە تیایاندا گەل و نەتەوەکەمان لە زوڵم ســتەم ڕزگار بووە یان دەبێت، دەچنە ڕیزی جەژنە نەتەوەییەکانمانەوە.

(نەورۆز)یــش کە لەدروســت بوونــی دەوڵەتی (ماد)ەوە، کردوومانەتە ســەرەتای ساڵی کوردیمان، گەورەترین جەژنی نەتەوەییمانە.

بۆیــە لە ئایینــی ئیســلامدا دەتوانرێت بەهەر بۆنەیەکــی تر بوترێت جــەژن، وەك جەژنی لەدایك بوون و جەژنــی دایك و جەژنی ئافرەتان و جەژنی نەتەوەیی و نیشــتمانیی. لەم بارەشــەوە مامۆستا (عەبدولکەریــم حومادی ئەلدیــان) لە گۆڤاری (التربية الاســلامية)دا لــە وەڵامێکدا دەڵێت: (اما تسميته عيدا فليســت حراما ولا مكروهة، الا اذا اعتقدوا ان ذلك اليوم عيد وضعه الشــارع). واتە: ناولێنانی بە جەژن حــەرام نییە (مکروە)یش نییە، تەنیا لــەو کاتەدا نەبێت کە ئەو جەژنە بەجەژنێکی ئاینیی خوا کرد بزانرێت.

لێــرەوە ئــەوە ڕوون دەبێتەوە کەهــەردوو جەژنی (ڕەمــەزان) و (قوربان) جەژنــی ئاینین، چونکە خوای گەورە بۆ موسڵمانانی قەرار داوە، بەم پێیەش ئێمەی کورد، وەکو گەلێکی موسڵمان ئەو دوو ڕۆژە دەکەینە جەژن، (نەورۆز)یش جەژنی نەتەوەییمانەو وەکو نەتەوەی کــورد، ئــەو ڕۆژە دەکەینە جەژن، چونکە ڕۆژی ســەرکەوتنی گەلێك، لەدایك بوونی ئیرادەی نەتەوەیەك و، ســەربەخۆبوونی بڕیاریەتی، بۆیە هەموو ســاڵێك لــەم ڕۆژەدا یادی دەکەینەوەو دەیکەینە جەژن.

هەر ئەمەشە پێناســەی زانای بەناوبانگ (ابن تيمية) لە کتێبی (اقتضاء الصراط المستقيم)دا بۆ وشــەی (العيد)، کە دەڵێت: (العيد: اسم لما يعود من الاجتماع العام على وجه معتاد عائد اما بعود السنه او بعود الاسبوع او الشهر او نحو ذلك).

دووەم: زۆربــەی کات، لەمــاوەی حوکمڕانــی ئیســلامیدا، ئەم بۆنەیە هەر زینــدوو بووە، لە پاڵ هــەردوو جەژنــە ئاینییەکــەدا بایەخێکی زۆری پێدراوەو، لە ڕۆژی (نەورۆز)یشــدا خەڵکی خواردن وشــیرینیان بەسەریەکتردا بەخشــیوەتەوە ئاهەنگی گەورەشیان بۆ ســازداوەو، ڕۆژێکی ئەوەندە خۆش بووە، تا ئەو ڕادەیەی کــە (ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) حەزی کردووە هەموو ڕۆژێك (نەورۆز) بێت، وەك لــە بەرگی دووەمی کتێبــی (التراتب الاداريــة او نظام الحكومــة النبوية)ی (عبدالحي الكتاني)دا هاتووە کە:

(جيء الى علي بفالــوذج، فاكل منه، وقال ما هــذا ؟ قالوا، نور النيروز، فقــال: نوروزنا في كل يوم).

لە سەردەمی ئومەویەکانیشدا، (نەورۆز) کراوەتە سەرەتای ساڵ و باج و دەرامەتی دەوڵەتیش بە پێی سەرەتای ساڵ و لە نەورۆزدا کۆکراوەتەوە.

هەر لێرەشەوە، ئەو ناوچانەی کە لە وەرزی بەهاردا، بەروبوومیان نەدەهاتە بەرهەم و ئامادەی باجدان نەدەبوون، دەیانویست (نەورۆز) نەکرێتە سەری ساڵ یان دوا بخرێت بکەوێتە کۆتایی بەهارو سەرەتای هاوینەوە، کە داواکەشیان جێ بەجێ نە دەکرا، ئەچوون تۆمەت و قسەی نارەوایان بۆ (نەورۆز) دەهۆنییەوەو هەڵدەبەست.

ئەم راستی یەش ئاماژەی بۆ کراوە لە لایەن ئیمامی (البیرونی)یەوە لە لاپەڕە (٢١٦ — ٢١٧)ی کتێبی (الاثار الباقية)دا، کە دەڵێت: (ان الملاك اجتمعوا فی عهد هشام بن عبدالملك الاموي، وشكوا الى عامله (خالد بن عبدالله القسري) و شرحوا له ما يجدوه من الصعاب و سألوه ان يؤخر (النوروز) شهرا فأبى).

هۆی ئەم داوایەشیان ئەوەبوو کە باسمان لێکرد، (د. حسن ابراهيم حسن) لە لاپەڕە (٣٥٥)ی (تاريخ الاسلام)دا دەڵێت: (لان التقويم الجديد قدم يوم النوروز، فكان يجيء، والزرع اخضر فی الوقت الذی يجب ان يدفع فيه الضرائب).

لەسەردەمی عەبباسیەکانیشدا، نەورۆز کراوەتە گرنگترین جەژنی رەسمی، لەم بارەیەوە لەبەرگی دووەمی (تاريخ الاسلام)ی (د.حسن ابراهيم) دا، دەربارەی نەورۆزەوە دەڵێت: (اصبحت من اهم اعيادهم الرسمية فی العصر العباسي الاول).

بۆ دڵنیابوونیش لەوەی کە هەردوو جەژنی (رەمەزان)و (قوربان)مان ناونا بەجەژنی ئاینیی موسڵمانان، لە لاپەڕە (٣٥٤)ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: (وكان الخلفاء يحتفلون بالعيدين احتفالا دينيا، فيؤمون الناس في الصلاة ويلقون عليهم خطبة في فضايل العيد و ما يجب على المسلمين اتباعه للمحافظة على شعائر الاسلام).

دەبا ئێمەش زیاتر لە جاران بایەخ بەم بۆنە نەتەوەییە، تەواوی بۆنە نەتەوەییەکانی ترمان بدەین، تیایاندا شانازی خۆمان بە کوردستانی بوونمان دووپات بکەینەوە، کە ناسنامەیەکی خوا کردەوە، خۆی پێی بەخشیوین.

سێیەم: جێگەی خۆیەتی لێرەدا، لەبەر زۆر هۆی زاتی و بابەتی، جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ساڵنامەی کوردی و بەکارهێنانی لە فەرمانگەو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە ژیانی رۆژانەی کاروئیشدا، هەنگاوێکی مێژووییەو پێویستە کاری بۆ بکرێت، چونکە ساڵنامەی کوردی زیندوو کردنەوەی مێژووی سەدان ساڵەی لەمەوبەری نەتەوەکەمانەو، لە رووی ئاوو هەواو کەش و بارودۆخیشەوە بۆ کوردستان زۆر گونجاوەو، بەکارهێنانیشی ئاسایی و ئاسانترەو، ناوی مانگەکانیشی دەلالەت لەبارودۆخی ئەو چەند رۆژە دەکەن، بۆ نموونە:

(نەورۆز) و (گوڵان) و (جۆزەردان) مانگەکانی بەهارن و، (پوشپەڕ) و (خەرمانان) و (گەلاوێژ) مانگەکانی هاوینن و، (ڕەزبەر) و (گەڵاڕێزان) و (سەرماوەز) مانگەکانی پاییزن ، (بەفرانبار) و (ڕێبەندان) و (ڕەشەمە) مانگەکانی زستانن.

شەش مانگی یەکەمی ساڵەکەش، رۆژەکانی هەر مانگێکی (٣١) رۆژەو، شەش مانگی دووەمی ساڵەکەش، رۆژەکانی هەر مانگێکی (٣٠) رۆژە، جگە لە (ڕەشەمە) کە (٢٩) رۆژەو، چوارساڵ جارێك دەبێتە (٣٠) رۆژ.

چوارەم: بۆ ئەوانەش کە دەیانەوێت بەرگێکی نا شەرعی بکەن بە بەری بۆنە نەتەوایەتیەکانماندا، وەك ئەوەی کە هەندێك کەس دەڵێن ئاگری نەورۆز رەهەندێکی ئاینیی هەیەو بۆ پەرستن کراوەتەوە، کە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیەو دوورە لە راستییەوە، چونکە دۆست و دوژمن لەو راستیە دەگەن کە کردنەوەی ئاگری نەورۆز تەنیا رەهەندێکی سیاسی هەیە، نیشانەو هێمایەك بووە بۆ گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی (کاوە) بە ناوچەکانی دەوروبەری، ئێستاش هەر هەمان ئەو رەهەندە سیاسیەی جارانی هەیە، تەنانەت بێگانەیەکی وەکو (د.کۆنتەر وشنەر) لە کتێبی (احفاد صلاح الدين الايوبي)دا کە لەلایەن (عبدالسلام مصطفى)وە کراوەتە عەرەبی دەڵێت: (لكن عملية اشعال النيران عند الكورد، هی عمليه سياسية بحته، فهي اشاره واضحة على رغبه الكورد في اعلان كونهم شعبا مستقلا بذاته. ولذلك المغزى السياسي تتم مراقبة عملية اشعال النيران و منعها ومطاردة القائمين بها من قبل اجهزة الشرطة والامن فی البلاد المعنية).

لێرەوەو لەهەموو ئەمانەی پێشەوە، بۆمان دەرکەوت کە:

ئاگری نەورۆز رەهەندو ئاماژەیەکی سیاسییە، هێمای سەربەخۆیی ناسنامەی نەتەوایەتیمانە، (نەورۆز)یش جەژنی نەتەوەیی گەلەکەمانە، هەردوو جەژنی (رەمەزان) و (قوربان)یش جەژنی ئاینیی نەتەوەکەمانەو، (ساڵنامەی کوردی)یش بەرجەستەکردنی خواستێکی مێژوویی نەتەوەییمانە.

## نەورۆز لە دیدی زانایانی ئاینیی ناوداری کوردستانەوە

گەلی کوردی موسڵمان لەهەموو زەمان و سەردەمێکدا، کارو کردەوەو رەفتارو گوفتارو بۆنەو ئاهەنگ و شین و شایی و خۆشی و ناخۆشیەکانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیاری شەرع ، لە رێگەی زانایانی لێزان و خوێندەواریشەوە، وەڵامی پرسیارەکانی وەرگرتۆتەوە.

(مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ساڵح) نامیلکەیەکی (١٩) لاپەڕە (١٤-١٩)یشی بەزمانی عەرەبییەو، ژمارەی سپاردنی (٥١٧)ی ساڵی (١٩٧١) ی زایینی دراوەتێ، لە چاپخانەی (کامەرانی) لەسلێمانی چاپکراوە.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ : (هەر لەزووەوە لە کاتێکی کۆنەوە، وتەو باسی ئاگری نەورۆز کە هاتبێتە پێشەوەو، پرسیاری دروستیی و نادروستیی بەجێهێنانی یاسای نەورۆز کرا بێ، بەشێکی کەم لەخوێندەوارە زانا بەڕێزەکانمان وەڵامی راستەقینەی دروستیان داوەتەوە، بەڵام بەداخەوە کەوەڵامەکە یان هەر بەدەم بووە، نەخراوەتەوە سەر کاغەز تا دەنگی دروستیی بەناو گەلدا بڵاو بێتەوە، خەڵك بەتایبەتی هۆزی کورد بە بڕیارەکەیان، بیروباوەڕی روون بوو بێتەوە، دڵ دامەزراو بوو بێ) *(بڕوانە ل٣).

پاشان دەڵێت: (دوای گەڕان و لێکۆڵینەوە لە پەڕاوە ئاینییەکان، سوپاس بۆ خوای مەزن، بە یارمەتی ئەو، ئەوا بڕیاری ئاگر کردنەوەو شادی کردنی جەژنی نەورۆزم لە پەڕاوە ئاینیەکاندا بە مەزهەبی شافیعی و مەزەبی حەنەفی دەرهێنا، وە بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردەوە، تا کەس، چی کوردو، چی برا عەرەبە بەڕێزەکانمان سوودو کەڵکی لێ وەربگرن). (ل٤-٥).

پاشان هەر لە بەشە کوردییەکەی نامیلکەکەدا دەڵێت:

(ئەم جەژنەش وەکو هەموومان دەیزانین جەژنی یاد کردنەوەی رۆژێکە کە رۆڵەی کوردی نەبەز کاوەی ئاسنگەری دلێر قەومێکی رزگار کرد لە جەوری زوحاکی خوێنمژی بەدناو...). (ل٦)

پاشان دەڵێت: (بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە خۆشە کە بەزووترین کات بڵاوبێتەوە بە هەموو وڵاتانا، لە هەموو جێگایەکدا بەتایبەتی لە شوێنە بەرزەکاندا ئاگر کرایەوە، هەتا دێ دوورەکانیش گورج پێ بزانن). (ل٧)

پاشان دەنووسێت: (بەم رەنگە تێگەیشتین کە ئەم ئاگرەی کە ئێستا لە نەورۆزدا دەکرێتەوە، یادی ئەو ئاگرەیە کە لەو کاتەدا هەواڵی پێ بڵاو کراوەتەوە، ئاگرپەرستیی و ئاگری مەجوسیەت نییە، بەو ناوەوە ناکرێتەوە...). (ل٧)

پاشان دەڵێت: (١-ئەڵێن ئاگر کردنەوە لە نەورۆزدا مەجوسیەت و ئاگرپەرستییەو ئەمەش کوفرە.)

٢-جەژنکردن لەرۆژی نەورۆزدا چونکی رێکەوتی جەژنی مەجوسیەکان دەکات، ئاگر کردنەوە پەیڕەوی کردنە بۆ مەجوسیەکان...). (ل٩)

٣-تێکەڵ بوونی ژن و پیاو). (ل٩)

پاشان دەڵێت: (بێینە سەر وەڵامدانەوەی ئەو سێ هۆیە کە جەژنی نەورۆزی پێ کفر یان حەرام کرا بوو:

١-ئاگرکردنەوە خۆی بۆ خۆی لە هیچ کاتێك و لەهیچ شوێنێکدا نەکفرە، نەحەرامە، چونکی ئەگەر ئاگرکردنەوە لە حەددی زاتی خۆیا کفر یان حەرام بوایە، ئەبوو دیانەتی ئیسلامیی ئەو ئاگرەی کە برا عەرەبە بەڕێزەکانمان چەنای چەن ساڵە لە پێش ئیسلامەتیەوە تا ئێستا لەسەر جێگا بەرزەکان کردویانەتەوە بۆ میوانداریی، تا خەڵك بەدەم ئاگرەکەوە بچێت، ببێ بە میوانیان، دەبوو دیانەت ئەو ئاگرەی حەرام بکردایە، مەنعی بکردایە، دووبارە دەبوو دیانەتی ئیسلامیی ئەو ئاگرانەی حەرام بکردایە، کەلەسەر کێوەکان ئەکرانەوە لەجێگای بەرز بۆنیشانەی بینینی مانگی یەکشەوە یان بۆگەیاندنی هەواڵی جەژنەکان، وەکو لەکێوی



**ئاگرکردنەوە خۆی بۆ خۆی لە هیچ کاتێك و لەهیچ شوێنێکدا نەکفرە، نەحەرامە**

(گڵەزەردە)ئاگردەکرایەوە بـــۆ بینینی مانگ، لەسلێمانی بەو ئاگرە رۆژوویان دەگرت یان جەژنیان دەکرد)(ل٩)

٢-(دەڵێـــی جەژنی نـــەورۆز رێکەوتی جەژنی مەجوســـیەکان دەکات. من دەڵێم جـــارێ جەژنی مەجووســـی لە یەکـــەم رۆژی ئەوەڵی بەهارا نییە، بەڵکـــو بەلانی کەمـــەوە (دە) رۆژ لە پێش جەژنی نەورۆزایـــە. لەلایەکی ترەوە با بڵێین جەژنی نەورۆز رێکەوتی جەژنی مەجووسی دەکات. رێك دەکەوێ کەجەژنی دینی خۆشمان جەژنی رەمەزان یانقوربان رێکەوتی نەورۆز دەکەن، ئەبوو دیانەتی ئیسلامیی خۆشـــیی لەو جەژنانەدا کە رێکەوتی نەورۆز دەکەن حـــەرام بکردایە، قەت لە هیـــچ پەڕاوێکی ئاینیدا شتی وات دیوە، یان لە هیچ زانایەکی ئاینی وتەی وات بیستووە؟). (ل١١)

٣-(هۆی ســـێیەمت تێکەڵ بوونی ژن و پیاوە، بەڵێ منیش لەگەڵتام کە تێکەڵبوونی ژن و پیاو بەو چەشـــنە حەرامە، بەڵام ئەم تێکەڵبوونە حەرامێکی (عارضي)یە واتە لەولاوە پەیدا دەبێ و دێتە ســـەر جەژنەکەمان، ئەگینا جەژنەکەمان لەخۆیا حەرام و ناڕەوا نییە، ئەمە لەلایەکـــەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر تۆ شـــتی (عارضي) واتە لەولاوە پەیا بوو دەکـــەی بە بەهانەی حەرامیی ئیشـــێ کە لەخۆیا حەڵاڵە، دەبـــێ جەژنە دینیەکانی خۆشـــمان وەکو جەژنـــی رەمەزان و قوربـــان و جەژنی خەتەنەکردن و ژنهێنان و مەولودکـــردن، هەموویان حەرام بکەی لە بنـــەڕەت بەخـــوات ســـوێند دەدەم کام جەژن و شـــادییەك لەم جەژنە دینییانەمان تێکەڵ بوونی ژن و پیاوی تیا نییە؟ . لەگەڵ ئەمیشدا بیستووتە لە زانا دینییەکان کە (فتـــوی) بڕیاری حەرامی ئەم جەژنانەیان دابێ؟..). (ل١١)

ئینجا (مامۆســـتا مەلا عەبدوڵڵا ســـاڵح) ئەم قســـانەی خۆی لەدەقێکی عەرەبیدا دادەڕێژێ بەم شـــێوەیە لەســـەر کاغەزێك (کە وێنەیەکم لە لایە) دەڵێت:

(اذن فخروج شعب الى يوم النوروز و اظهار الفرح والسرور فيه للسبب الذى بينناه بدون وجود اى قصد من المقاصد الســـيئة وبدون وجود كفار يدخل معهم ويتحاببهـــم او يتهادى معهـــم او يدخل متعبداتهم وبـــدون ان يجيء ببال احد، احـــدى هذه المنكرات، كيف يكون كفرا وقد قال (صلى الله عليه وســـلم) (إنمـــا الاعمال بالنيات وإنما لكل امريء ما نوى) ولا ســـيما ان الشـــعب الكردى بصوره عامه ليس معروفا بســـوء العقيده، بل انه اكثر تمسكا بالديانة الاسلامية من باقى الشـــعوب والقوميات الاخرى، فكيـــف يكون احتفالهم بعيدهم النوروز، الخالي من تلك المنكرات، اثما فضلا عن كونه كفرا.؟.

هذا ما اســـتنتجته من الكتب وارجو من ســـادة العلماء الكرام لفت نظري اذا يرون مخالفة شـــرعية فيما ذكرتـــه، وتأييدى فيما اذا كنت مصيبا ولكم الاجر والثواب).

١٩٧٠/٣/٣١

عبدالله صالح اسماعيل

الكاتب الاول الاضافي فى محكمة جزاء كركوك

فەرموون با بزانین وەڵامی زانایانی بەڕێز چۆن بوون (وێنەی وەڵامەکانم بە خەتی دەســـتی زانایان لە لایە).

١ – شێخ محەمەدی خاڵ: بەدەستخەتی خۆی لە بەرواری ١٩٧٠/٤/١٦ نووسیویەتی بۆی:

(خوێندەوارانی خۆشەویست: ئەمەی جەنابی مەلا عەبدوڵڵا نووسیویەتی ڕاســـتە، ڕێکی ئاراستەی زانایانی ئیسلامە).

٢ – شێخ مســـتەفا شـــێخ نەجیب قەرەداغی، مامۆســـتا لە مزگەوتـــی (مـــەلا عەبدولرەحمان عازەبانی) نووسیویەتی:

(ان ماجى عليه الفاضـــل (الملا عبدالله) من عدم الكفر والاثـــم والحرمة الذاتية حق لاريب فيه، نعم ان موافقته دائما لشـــعار عباد المجوس يقضى الـــى كونه مكروها كما تكـــره الصلاة فى الاوقات لموافقة عباد الشمس، والعله المذكوره موجوده هنا، هذا ما لدي والله تعالى اعلم).

٣ – عەبدول حەمید ئەتروشـــی (قازی یەکەم) لە بەغدا دەڵێت: (لقد اطلعت ما كتبه الاســـتاذ ملا عبدالله، فوجدته موافقا للاصول الشـــرعية فأهنؤه على ذلك، وفقه الله لكل خير).

٤ – شـــێخ محەمەد قەرەداغـــی بەڕێوەبەری (معهد)ی سلێمانی ئەوساو، مامۆستا لە مزگەوتی گەورەی ســـلێمانی، ئەوســـا، دەڵێت: (ان ما حرره الاستاذ الفاضل عبدالله صالح اسماعيل هو الموافق للحق المطابق لواقع الدين الاسلامى الحنيف السمح. هذا الدين الذي جاء للعرب والعجم والاحمر والاصفر والابيض والاســـود. انه دين يســـر وسرور ودين علم وعقل يبشـــر الناس ولا ينفرهم يقربهم ولا يبعدهم، يوحدهم ولا يفرقهم، دين واضح المعالم سهل التقبل،

## لە زەمانی ئیمامی عەلی، ماوەی حوکمی ئەمەویەکان و عەباسییەکاندا، گرفتیان لەگەڵ نەورۆزدا نەبووە



فطـرة الله التى فطر الناس عليها، هذا الدين ارفع من ان يعتبـر امثال هذه الامور (الاحتفال بالاعياد القومية والوطنية) كفـرا، بل وحتى اثما و حراما، ومن يقول خلاف ذلك فانه لم يفهم روح الاســلام ولا تعاليم شريعته السمحاء).

٥ – مەلا ســەید حەســەن ئیمامی مزگەوتی (نائب اوغلی) کەرکوك لەو زەمانە، نوســیویەتی: (ان ما حرره الملا عبدالله موافق لدين الاسلام وغير موجب للكفر والاثم، ولا نكفر احدا من اهل القبله، ولذا وقعت عليه).

٦ – مامۆســتا حاجــی مــەلا (عبدالله)ی چرۆستانی مامۆستا لە مزگەوتی (مەولانا خالد) لەو کاتە (١٣/٤/١٩٧٠) دەڵێت:

(ان ما حرره الفاضــل الملا عبدالله افندي من التفصيــلات الرائعة والتحقيقــات الفائقه لا غبار عليها..).

٧ – مــەلا (عبدالرحیم میرزا) مامۆســتا لە مزگەوتی (شــیخ ســەلام) لەو زەمانە لە بەرواری (٢/٤/١٩٧٠) نوسیویەتی: (ما حرره الملا عبدالله، حفضــه الله، موافق للكتــب المعتمدة في مذهبي الشافعي والحنفي، وينبغي الاعتماد عليه..).

٨ – حاجــی مــەلا (معــروف عبدالکریــم) مامۆستای ئەوسا لە مزگەوتی (بن تەبەق) دەڵێت: (ان ما حرره الفاضل الملا عبدالله، وفقه الله، موافق للكتب المعتمدة في مذهبي الشافعي والحنفي فيلزم الاعتماد عليه لكن قد يترتب عليه الاثم فى ســائر الحفلات والســرورات بأمر خارجي، اعاذنا الله من الكفر والعصيان وحفظنا من سائر الذنوب).

٩ – حاجی مەلا (عبدالســلام)ی مامۆستای ئەوســا لە مزگەوتی مامۆســتا (مەلا حوسینی پیسکەندی) ئەو زەمانە، نوسیویەتی: (ان ما حرره الفاضــل الملا عبدالله، وفقــه الله، موافق للكتب المعتمده...).

ئەمانەی لە پێشــەوە ئاماژەمان بۆ کردن، رای زانایانی بەرێزی ئەو ســەردەمەی ساڵی (١٩٧٠) بوون لەبارەی ئەو روونکردنەوەی مامۆســتا (مەلا عەبدوڵلا ســاڵح) ســەبارەت بەوەی کــە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی کــوردەو، ئاگری نەورۆزیش، ئاماژەی سەرکەوتنی شۆڕشــی کاوەی ئاسنگەرە بەسەر زوڵم و ســتەمداو، نەورۆزیش سەری ساڵی نوێی کوردییە، خــۆی لەخۆیدا بۆنەیەکی رەوایەو، ئەگەر شــتی نائاســایی و ناپەســەندیش – خوا نەخواســتە – لەهەر بۆنەیەکدا روویدات، نابێت بەو هۆیەوە، بۆنــەو جەژنێکی نەتەوەیــی گەلەکەمان لەکەدار بکەین.

لــە کۆتاییدا حەز دەکەم ئامــاژە بەوە بکەم کە هەندێك لە خوێنەران لەنێو کتێبە کۆنەکاندا رێیان لە هەندێ (فتوی) دەکەوێت کە دژ وەستاوەتەوە لەگەڵ نــەورۆز، ئەوانە دێن هەمان ئەو قســانە دەڵێنەوە، بەڵام لەراستیداو لەشــەریعەتی ئیسلامدا (الفتوی تقدر زمانا و مكانا و اشــخاصا) بنەمایەکی زۆر رەسەنە.

بۆ نمونە: راستە (ابن تیمیە) لەگەڵ ئاهەنگی نەورۆزو میهرەجــان و ئەوانی تردا نییە، لە کتێبی (اقتضاء الصــراط المســتقيم.)دا ئاماژەی وای کــردووە، بــەڵام با بپرســین: بۆچی لــە زەمانی ئیمامی عەلــی، ماوەی حوکمــی ئەمەویەکان و عەباسییەکاندا، گرفتیان لەگەڵ نەورۆزدا نەبووەو، بۆچی لە زەمانی (ابن تیمیە)دا، نەورۆز بە (سلب) قسەی لەسەر هەبووە، لە کاتێکدا دەڵێن (ابن تیمیە) خۆی بە ڕەچەڵەك کوردە!!

لەوەڵامدا دەبێت بزانین کە ئەو (دوو) ســەردەمە لەیەکدی جودا بوونە، بۆیە دوو هەڵوێستی شەرعیی جیــاواز هەبــووە لــە زەمانی ئیمامــی عەلی و ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا، ئیسلام دەوڵەت بووە، بەهێــز بووە، رێگە نەبووە بــۆ (بدعە و خورافات) بۆیە کەس لەوە نەترســاوە بەهۆی نەورۆزەوە خەڵك ئاگر بپەرستێت.


بەڵام (ابن تیمیە) کوڕی زەمانێکی دییە،کاتێك دەوڵەتی عەبباسی ڕووخا ساڵی (٦٥٦)ی کۆچی بەرامبــەر (١٢٥٨)ی زایینی بــووە، واتەمەغۆل هــات و هۆلاکۆ هــات، دەوڵەت نەمــاو، عەقیدە کەوتە خەتەرەوە، (ابن تیمیە) دوای شــەش ســاڵ لە رووخانی دەوڵەتی عەباســی لــە دایك دەبێت، لەسایەی سەردەمە تاریکەکانی مەغۆلدا پێدەگات لەو سەردەمەدا راستی کردووە، کە پێویستە عەقیدە بپارێزرێــت و ئاگری نــەورۆزو عەقیدەو عیبادەتی مەجــوس نەبادا تێکەڵ ببن لای خەڵکی ســادەی سەردەمی مەغۆل، بۆیە (فتوی)ی ئاوای داوە بۆ ئەو زەمانە.

پەراوێز:

*ئەو دەســتەواژانەی کە لەنێو کەوانەدا هاتوون، قســەکانی مامۆســتا (مەلا عەبدوڵلا ســاڵح)ن، لەنامیلکەکەیەوە وەرگیراون.

# پێکهێنانی هەرێمە فیدرالیەکان دەبێتە خواستی پارێزگاکانی عێراق

کاتێك یاسای هەرێمە فیدرالیەکان لە پەرلەمانی عێراق پەسەندکرا، پەسەندکردنەکەی مەرجدار بوو، مەرجەکەش بریتی بوو لەوەی پێویستە دوای ١٨ مانگ ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، بەڵام ١٨ مانگەکەش تێپەڕی کەچی ئەم یاسایە نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، تەنانەت کاتێك پارێزگای بەسرا داوای دروستکردنی هەرێمێکی فیدرالی کرد کە هەر سێ پارێزگای ناسریە و عیمارە و بەسرا لەخۆی بگرێت، داواکەیان سەری نەگرت، لەمەش زیاتر هەرێمی باشووری بەغداش کە دەنگۆی ئەوە هەبوو ٩ پارێزگاکەی باشوور بگرێتەوە، ئەویش تاڕادەیەك دەنگی نەما، بەڵام ئەوەی لەو ماوەیەدا هەستی پێدەکرێت دووبارە سەرهەڵدانەوەی دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکانە، ئەوەی جێگە سەرسوڕمانیشە ئەمجارەیان لە پارێزگای ئەنبارەوە سەریهەڵدایەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم باسەی ئەنباریش لەلایەن زۆرێك لە کاربەدەستانی پارێزگای ئەنبارەوە ڕەتدەکرێتەوە و هێشتا ترسی ئەوەیە کە فیدرالیزم کە ماناکەی بە عەرەبی (الاتحاد)ە، هێشتا هەر بە جیابوونەوە و ( الانفصال) لێکدەدرێتەوە، بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە بە باشمان زانی کۆمەڵێك بەرپرسی هەر چوار پارێزگای ( ئەنبار و دیوانیە و نەجەف و کەربەلا) لەم ڕاپۆرتەدا بدوێنین:



## پارێزگاری ئەنبار بۆ گوڵان:

# داواکردنی بوونی ئەنبار بە هەرێمێکی فیدراڵی داوای هاووڵاتیانە و پێوەندی بە پارێزگاوە نییە



قاسم محەمەد عەبد پارێزگاری ئەنبار لە لێدوانێکی تایبەتیدا سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای پارێزگای ئەنبار و خۆپیشاندانەکان بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانی بواری خزمەتگوزاری بەگوڵانی ڕاگەیاند: (لەڕاستیدا تاڕاددەیەکی زۆر هاووڵاتیان هەقیانە خۆپیشاندا سازبکەن. ڕێژەی ٪٨٠ لە خۆپیشاندەرەکان داوای دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی گوزەرانییان دەکەن، ئێمەیش لەم بارەیەوە پشتگیرییان دەکەین، بەڵام زۆربەی داواکانیان لەدەرەوەی دەسەڵاتی پارێزگایە، هەربۆنموونە شتی زۆر کەممان پێشکەشیان کردووە، لەبەرئەوەی زۆربەی داواکارییەکانیان لەدەرەوەی توانستی پارێزگایە، بۆ نموونە خۆپیشاندەرەکان داواکارن کێشەی کارەبا چارەسەربکرێت، لەکاتێکدا کارەبا لە پارێزگا نییە، بەڵکو ئیتیحادیە. نموونەیەکی تر، داواکارن مووچەی خانەنشینان باشتر بکرێت، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەدەستی ئێمە نییە، بەڵکو بڕیارەکە بەدەستی پەرلەمانە، بەڵام هەندێك شتی سادە هەیە لە داواکارییەکانیان کە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵات و تواناکانمان هەربۆیە کارمان لەسەری کرد، بەڵام بەبێ هاوکاری حکومەت ناتوانین هەموو داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەین. ئێستاش بۆ نموونە هەماهەنگیمان لەگەڵ حکومەت هەیە بۆ زیادکردنی بەشە سووتەمەنی و زیادکردنی بەشە نەوت و زیادکردنی بڕی کارەبا...وتاد. ئەمڕۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کاردەکەین لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو لایەنانە، بەڵام ژمارەیەك کەس هەنە لەنێو خۆپیشاندەرەکان، ژمارە و ڕێژەکەیان کەمە، کە کەسانێکی ئاژاوەگێڕن و مەبەستیان خوڵقاندنی گێرەشێواوی و فیتنەیە و دەیانەوێت بارەکە بشێوێنن بۆئەوەی سوود لە بارودۆخەکە وەرگرن، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە کەسانە ڕاهاتوونە لەسەر سوودوەرگرتن لە بارودۆخەکانی گێرەشێواوی و بێ سەروبەریی)).

هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخە داواکارییەك هەیە کە پارێزگای ئەنبار ببێتە هەرێمێکی فیدرالی، دەربارەی ئەم مەسەلەیە، پارێزگاری ئەنبار پێی وتین: (هەروەك کە هەموومان دەزانین کە کردنی پارێزگایەك بە هەرێم شتێکی ئاسایی نییە و لە دەسەڵاتی پارێزگارێك یان کەسێك یان ئەنجوومەنی پارێزگا نییە، بەڵکو ئەوە شتێکە و پەیوەستە بە ئیرادەی گەل. ئەم بڕیارە بە دەستی گەلە لەبەرئەوەی بەپێی ئەو میکانیزمانەی کە دەستوور دایناوە بۆ پێکهێنانی هەرێمێك لەڕووی ڕێژەییەوە میکانیزمێگەلێکی زۆر درێژ و ئاڵۆزن. هەربۆیە ئەم مەسەلەیە لەکۆتاییدا تەنیا بەدەستی گەلە، نە بەدەستی منە و نە بەدەستی ئەنجوومەنی پارێزگایە و تەنانەت بەدەستی هیچ کەسێکی تر نییە. ئەو داواکارییانە ڕا و بۆچوونی هاووڵاتیانە و هاووڵاتیان مافی خۆیانە بەئارەزووی خۆیان بیربکەنەوە، بەڵام هێشتا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکیمان نەهاوێشتووە بەرەو ئەو ئاراستەیە. یەکەمین هەنگاو ئەوەیە کە ئەنجومەنی پارێزگا دانیشێت بەمەبەستی تاوتۆکردنی، پاشان بەرزدەکرێتەوە بۆ پەرلەمان دواتر بۆ گەل و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و لەکۆتاییدا دەکەوێتە دەنگدان و هەڵبژاردنێکی جەماوەریی بۆ سازدەدرێت، ئەمە ڕێگەیەکی دوورە)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان و سەبارەت بەڕای خۆی وەك پارێزگاری ئەنبار بۆ بوونی ئەنبار بەهەرێمێکی فیدرالی قاسم محەمەد عەبد وتی: (لەڕووی تیۆرییە بەڵێ من پێم باشە ببێتە هەرێمێك، بەپێی دەستووریش بوار هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەڕووی پراکتیکییەوە پێویستیی بە میکانیزم و هەنگاوی زۆر هەیە، مەسەلەکە تەنیا بە حەز و قسە و خواست ئەنجام نادرێت، هیچ داواکاری یان داخوازییەك سوودی نییە لەم بارەیەوە، نە بە پشتگیری و نەش بە دژایەتیکردنی. ئەمە مەسەلەیەکی دەستووریە و پەیوەستە بە خواستی گەل، ئەگەر هات و گەل ئەم شتەی ویست ئەوکات ئێمەیش لەگەڵیانداین. ئێمە لایەنێك نین لەم مەسەلەیە و بەهیچ شێوەیەك دەستێوەردان ناکەین، نە داواکاری پێشکەش دەکەین و نەش بەرهەڵستکاری دەکەین. ئێمە لە حکومەتی لۆکاڵدا لایەنی جێبەجێکارین، ئەم مەسەلەیەش پەیوەستە بە بڕیارێکی سیاسی و سەرکردایەتی و بڕیاردانی لەدەستی گەلە)).

لە دوماهیی لێدوانەکەشیدا سەبارەت بە پێوەندی دروستکردنی ئەم هەرێمە بە ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە، یان بە واتایەکی دیکە چەند هەرێمی کوردستان وەك نموونەیەك بۆ ئەم دیاردەیە سەیر دەکرێت، پارێزگاری ئەنبار وتی: (بێگومان ئەزموونی هەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر پارێزگاکان هەیە لەبەرئەوەی ئەزموونی کوردستان سەرکەوتوو بوو لەڕووی میکانیزمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای فیدراڵییەت، بەڵام هەرێمی کوردستان خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازە)).

**ئەزموونی هەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەر پارێزگاکان هەیە لەبەرئەوەی ئەزموونی کوردستان سەرکەوتوو بوو لەڕووی میکانیزمی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای فیدراڵییەت**

تاریق خیکانی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا بۆ گوڵان:

# کەربەلا ناتوانێت بەتەنیا ببێتە هەرێمێکی فیدرالی بۆ ئێمە پێمان باشە ٣ پارێزگا هەرێمێک بێت



**بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی دروستکردنی هەرێمەکان لە پارێزگاکانی باشوور سەیری ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان دەکەین وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو**

تاریق خیکانی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا سەبارەت بە کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ تاوتۆکردنی مەسەلەی دروستکردنی هەرێمەکان لە پارێزگاکانی باشوور لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (لە دوایین کۆنگرەدا کە هەموو سەرۆك ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکانی لەخۆ گرتەوە لە کەربەلا بەڕێوەچوو، ئەم بیرۆکەیەمان خستەڕوو، بەڵام کۆدەنگیی لەسەر نەبوو و هەمووان پەسەندیان نەکرد بەو ئیعتیبارەی کە ئەم بیرۆکەیە نوێیە و ترس و نیگەرانی لەم بارەیەوە هەبوو. چەند پێشنیارێك پێشکەشکرا لەبارەی پێکهێنانی هەرێمەکان، بۆ نموونە پێشنیارێك هەبوو بۆ پێکهێنانی هەموو هەرێمێك لە ٣ پارێزگا، بۆ نموونە «ناسریە» و «عیمارە»، یان «دیوانیە» و «کەربەلا» و «کوت»، یانیش «دیوانیە» و «کەربەلا» و «نەجەف»، بەڵام پارێزگای «نەجەف» بەپێش هەموو پارێزگاکان کەوت و داوای کرد بۆ کردنی «نەجەف» بە تەنیا بە هەرێمێك. پارێزگای «نەجەف» لەچەند ڕوویەکەوە خاوەن سەرچاوە و سامانە، لەبەرئەوەی بەم دواییانەدا نەوتیان لە خاکی «نەجەف» دۆزیوەتەوە، لەکاتێکدا پارێزگای «کەربەلا» ئەم جۆرە سەرچاوانەی نییە و خاوەن هیچ ژێرخانێکی ئابووری نییە. هەربۆیەش، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی دارایی، زۆر زەحمەتە پارێزگای «کەربەلا» بتوانێت هەرێمێك بەتەنیا ڕابگەیەنێت. ئێمە لەم ڕووەوە سەیری ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان دەکەین وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ پارێزگای «کەربەلا» ئەوەیە کە لە پارێزگای «کەربەلا»دا هیچ سەرچاوەیەکمان نییە و سامانەکانی نەوت و غازمان نییە. هەربۆیە لەوانەیە ڕاگەیاندنی هەرێم زیان بە پارێزگا بگەیەنێت زیاتر لەوەی کە سوودی پێ بگەیەنێت، لەلایەنێکی ترەوە هەرێمی کوردستان خاوەن ژێرخانی پێویستە بۆ پێکهێنانی هەرێم، لەکاتێکدا ئەو جۆرە ژێرخانانە لە پارێزگای «کەربەلا» بوونی نییە. هەروەکو کە پێشتریش ئاماژەم پێدا کە ئێستا چەند پێشنیارێك هەیە بۆ پێکهێنانی هەموو هەرێمێك لە ٣ پارێزگا، بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگاکان جارێ ئەم بیرۆکەیەیان ڕەتکردۆتەوە)).

باقر شـ
ئەندامی پارێزگای

# بۆ پێکهێنانی هـ
# لەگەڵ پارێزگاکانی

باقر شەعلان ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دیوانیە و سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵی لە پارێزگای دیوانیە، سەبارەت بە بەبوونی پارێزگای دیوانیە بە هەرێمێك یان چەند پارێزگایەك بە هەرێمێك، ڕای بەو جۆرەیە کە دیوانیە خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی سروشتی نییە و بۆیە ئەگەر حکومەتی فیدرالی بودجەی بۆ تەرخان نەکات، یان لەگەڵ یەکدوو پارێزگای دیکە نەبێت، ناتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (هەروەك هەمووتان ئاگادارن پارێزگای «دیوانیە» کەوتۆتە ناوجەرگەی «فوراتی ناوەڕاست»، و خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی سروشتی نین، نە لەڕووی کانزا و سامان و نەش لەڕووی گەشتیاری و لایەنەکانی تر، ئێمە تاکو ئەمڕۆش پشتمان بەو سەرچاوانە بەستووە کە لە حکومەتی ئیتیحادییەوە بۆمان دێت. هەربۆیە، داوامانکرد بەشێکمان بۆ تەرخان بکرێت لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە بۆ پارێزگاکەمان. هەروەك لای هەموومان ئاشکرایە کە پارێزگای «دیوانیە» ناوچەیەکی کشتوکاڵیە، بەڵام حکومەتی ئیتیحادی کەرتی کشتوکاڵیی بەشێوەیەکی فراوان فەرامۆشکردووە. ئەو شتانەی کە لە میدیاکاندا دەبینین و دەبیستین و دەخوێنینەوە لەبارەی دەستپێشخەرییەکان و پڕۆژەکانی حکومەتی ئیتیحادی لەبواری کەرتی کشتوکاڵی زۆر دوورە لە ڕاستی، کەرتی کشتوکاڵی بە تەواوەتی ڕووخاوە لە پارێزگای «دیوانیە». هەربۆیە، ئێمە داوای فیدرالییەتمان کردووە بەپێی پێدانی بەشی پارێزگای «دیوانیە» بۆ پارێزگاکەمان لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئەمڕۆش لە وتووێژی بەردەوامین لەگەڵ پارێزگاکانی دراوسێمان لەبارەی چۆنییەتی و شێوازی ئەم فیدرالییەتە. هەر بۆیە تا ئێستا مەسەلەی فیدرالییەتەکە تەنیا بیرۆکەیەکە و پێشنیازکراوە و خراوەتە بەردەم پارێزگاکانی تر، ئێوەیش دەزانن کە هەر بیرۆکەیەك پێویستیی بە میکانیزم و فاکتەری پتەوکەر هەیە بۆئەوەی بتوانرێت جێبەجێبکرێت. خۆپیشاندان و داواکارییەکانی هاووڵاتیان بوون بە هاندەر بۆ حکومەتی لۆکاڵ بۆ ئەوەی بیر لەم جۆرە شتانە بکاتەوە و بیر بکاتەوە لەبارەی فیدرالییەت و هەروەها جۆری فیدرالییەتەکە. لەماوەکانی ڕابردووشدا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دانیشتین و

## ـــەعلان دیوانیە بـۆ گوڵان:

# ـــەرێمێکی فیدرالی دراوسێمان لە وتووێژداین



تاوتۆی ئەم مەسەلەمان کرد، بەڵام بە تێروتەسەلی نەچووینە ناو وردەکارییەکانەوە، ئێستاش چاوەڕوانین بزانین چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە و دەگاتە چی، پاش دیراسەت و تاوتۆکردنی ئەم مەسەلەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێدا کە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان تاوتۆی ئەم مەسەلەیەمان کردووە و ئێستا چاوەڕوانی پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ پارێزگاکەمان دەکەین لەبارەی مەسەلەی فیدرالییەت)).

سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ هەرێمی فیدرالی هەرێمی کوردستان، باقر شەعلان بە گوڵانی ڕاگەیاند: (لەڕاستیدا من لەنزیکەوە ئاشنام لەگەڵ ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی من چەند ساڵێك لە هەرێمی کوردستان بووم، پاشان لەساڵی ٢٠١٠دا کوردستان-م بینییەوە، گۆڕانکارییەکی زۆر فراوانم بینی لە هەرێمی کوردستان لەنێوانی ١٩٩٩ و ٢٠١٠. هەڵبەتە ئەمەش ئەنجامی فیدرالییەتە، کە بۆتە هۆی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان و بایەخدان بە شارەکان و هاووڵاتیان، لەڕاستیدا زۆر هەستم بە دڵخۆشی کرد بۆ ئەو پێشکەوتنانە. بێگومان هەموو پارێزگایەك یان هەرێمێك خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازە و هەموویان وەکو یەك نین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من پێموایە کە ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستان زۆر سەرکەوتووە)).

## محەمەد ڕەزا فەتلاوی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەجەف بۆ گوڵان:

# ئەیەتوڵڵا سیستانی لەگەڵ بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمەکاندایە

بەپێی قسەکانی تاریق خیکانی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا، ئێستا پارێزگای نەجەف خوازیاری ئەوەیە بەتەنیا هەرێمێك دروست بکات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە بەوەی ئێستا لە نەجەف نەوت دۆزراوەتەوەو ئەمەش سەرچاوەیەکی داهات بۆ ئەو پارێزگایە دابین دەکات، سەبارەت بەم لایەنە محەمەد ڕەزا فەتلاوی ئەندامی ئەنجوومەن و ئەندامی لیژنەی ئابوری لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەجەف بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (سەبارەت بە مەسەلەی پێکهێنانی هەرێمەکان و کردنی هەموو پارێزگایەك بە هەرێمێك، بەڕای من مەرجەع بەتایبەتی مەرجەعی سەماحەتی «سەید سیستانی» لەم بارەیەوە هیچ بەرهەڵستکارییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام بەپێی تێگەیشتن و خوێندنەوەم بۆ بۆچوونەکانی، وابزانم «سیستانی» هاوڕایە لەگەڵ سەربەخۆیی عێراق لەسەرەتادا، پاشان پشتگیری لەم بیرۆکەیە دەکات، بەڵام بە مەرجێك ئەم بیرۆکەیە نەبێتە هۆی دابەشبوون، ئێمەش لەڕووی مەبدەئییەوە هاوڕاین و پشتگیریی لێ دەکەین، بەڵام ئەمڕۆ کە هێزی داگیرکەر لە وڵاتەکەدا بوونی هەیە و دەوڵەت بەپێی پێویست بەهێزنییە، دەترسین ئەم مەسەلەیە ببێتە مایەی ناکۆکی و دابەشبوونی وڵات، بەڵام وەك بیرۆکە ئێمە لەگەڵ بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمەکانین لەبەر ئەوەی بێگومان بارەکە باشتر دەبێت، ئەو بودجەیەی کە تەرخاندەکرێت باشە و لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی ناوەند لەسەر هەرێم کەمتردەبێت، بەتایبەتی لەڕووی بونیادنان و وەبەرهێنان و پڕۆژەکان، بەتایبەتی پڕۆژەکان لەبەرئەوەی بەهۆی ڕێنمایی و یاساکان وەزارەتەکان کاری پڕۆژەکانی زۆر ئاڵۆزکردووە. هەربۆیە



**لە نێو پارێزگاندا بەتایبەتی «هەولێر». لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ پارێزگاکانی تر من «هەولێر» بە باشترین پارێزگا دەزانم لە عێراقدا لەبەرئەوەی بینیوومە چۆنە**

لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە هاوڕام)).

سەبارەت بە بەراوردکردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق، فەتلاوی بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (هەرێمی کوردستان شایستەی ڕێزلێنانە و پیرۆزتان بێت و دەستخۆشییان لێ دەکەم بەتایبەتی لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و بونیادنانەوە، لە نێو پارێزگانیشدا بەتایبەتی «هەولێر»، لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ پارێزگاکانی تر من «هەولێر» بە باشترین پارێزگا دەزانم لە عێراقدا لەبەرئەوەی بینیوومە چۆنە)).

# ئەگەر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بام



مستەفا ئیبراهیم *

سەرەتا مافی دەنگدانم یان خۆ پاڵاوتنم نییە بۆ هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە کوردستان بەپێی دەستووری عێراقی و یاسای هەڵبژاردن، لەبەر ئەوەی رەگەزنامەی عێراقیم نییە، بۆیە پەنام بردوەتە بەر دەستەواژەی (ئەگەر) ئەمەش مانای ئەوەیە من وەك چاودێرێکی بێلایەن دەربارەی رووداوە هەنووکەییەکان و کاردانەوەکانیان بۆ دوارۆژ دەنووسم.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی رابردوو و ئەو ئەنجامانەی سندووقەکانی دەنگدان خستیانەروو بەبردنەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار و بە دەستهێنانی ٥٩٪ی دەنگەکانی دەنگدەران و بزووتنەوەی (گۆڕان)یش کە بە بڕبڕەی پشتی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا دادەنرێت ٢٥ کورسی بەدەستهێنا، بۆیە بەپێی عورف و گەمەی دیموکراسی کارێکی سروشتییە لە هەر سیستەمێکی دیموکراسیدا، سەرۆکی هەرێم ؛ سەرۆکی ئەو کوتلەیەی خاوەن زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانە تەنانەت بە جیاوازی یەك دەنگیش بێت رادەسپێرێت بە پێکهێنانی حکومەت، د. بەرهەم ساڵح توانی لە ماوەی دەستووریدا حکومەت پێك بهێنێت و متمانەی پەرلەمانیشی بەدەستهێنا بەزۆرینە و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ بوونی نارەزایی کە کەمێك لە سێ یەکی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بوو، من وەك کەسانی تر زۆر دڵخۆش بووم و پێشوازیم لەم پەرەپێدانە کرد بۆ هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی بەها و پرەنسیپەکانی دیموکراتی بە بوونی دەسەڵاتێکی حوکمڕان و ئۆپۆزسیۆنێکی بونیادنەر کە بەرامبەر ئەدای حکومەت و مەودای پابەندبوونی بەو بەرنامەیەی کە متمانەی لەسەری بەدەستهێناوە و بە دیاردەیەکی دروست و هەنگاوێکی سەرەتاییمان دانا بەرەو پتەو کردن وقووڵ کردنی کۆڵەگەکانی ئەم ئەزموونە ساوایەمان لە پیادە کردنی ژیانی پەرلەمانی، چونکە ئێمە وەك گەل لە هەموو گەلانی تر زیاتر کارەسات و نەهامەتیمان بەسەر هاتووە، بەڵام بەو پەڕی ڕاستگۆیی و ئەمانەتەوە دەڵێم ئەگەر ئەندامێکی سەربەخۆی نەك سەر بە دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە یان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە هەموو رەنگەکانییەوە، ئەوا دەستم بەرز دەکردەوە بۆ داواکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ بنبڕکردنی پەتای گەندەڵی لەسەر هەردوو ئاستی دارایی و ئیداری و لەریزی ئەوان دەبووم بۆ وەستان دژی ڕۆتین و بیرۆکراتیەت لە جومگەکانی هەندێك لە هەیکەلی ئیداری کە پاشماوەی سەردەمی عوسمانیەکانە و پتەو کراوە بە میکانیزمەکانی سیستەمی پێشووی لەناوچوو. ئاڵای دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆم بەرز دەکردەوە کە لێهاتوو و نەزیهـ بێت و کاری سیاسیم لە هەموو دادوەران و دەستەی داواکاری گشتی و ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و هێنانە کایەی دادوەری نەزیهو سەربەخۆ کە وڵات و کۆمەڵگا بپارێزێت لە هەموو پەتا و دیاردەیەك نەشیاو، هەروەها گرنگییەکی زیاتر بە نەوەی نوێ و داواکارییە رەواکانیان و مافیان لە ژیانێکی ئازاد و سەربەرز بە داهاتێکی هاوسەنگ لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان و لەگەڵ شوێنێکی نیشتەجێ بوونی گونجاو بەپێی نەخشەرێگایەکی روون و ئاشکرا لەڕووی کات وشوێنەوە دوور لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ناوچەگەرێتی سەرەڕای پێداویستییەکانی هاووڵاتیان لە ئاوی خواردنەوە وکارەبای بەردەوام ورێگاوبانی باش و چاودێری تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرنامەکانی خوێندن بەهەموو قۆناغەکانیانەوە، هەروەها زۆر بە توندی داوای سەندنەوەی متمانەم لە تەواوی حکومەت دەکرد ئەگەر سەرنەکەوت یان نەیتوانی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بەدی بهێنێت، لێپرسینەوە لە وەزیری بەرپرس لەم کەمتەرخەمییە بەپێی دابونەریتە پەرلەمانییەکان کە لەو وڵاتانە پیادە دەکرێت کە چەند دەیەیە ئەگەر نەڵێم بە چەند سەدەیەك لە پیادە کردنی دیموکراسیەت،لە پێشەوەی ئێمەوەن

بەڵام لە هەمان کاتدا دەستم بەرز دەکردەوە و پڕ بە دەنگ هاوارم دەکرد و زۆر بەهێز سەرکۆنەی هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنم دەکرد لەرەت کردنەوە و وەستان دژی دانانی (بودجەی پێشمەرگە) لە بودجەی وەزارەتی بەرگری لە پەرلەمانی عێراق کە بووە مایەی دڵخۆشی و پێشوازی و چەپڵەڕێزانێکی توندی هێزە عەرەبییە شۆڤینییەکان لەناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان، هەروەها ئەو رێ پێوان و ئاڕاستەی ئێستایانم ڕەت دەکردەوە کە شێوازێکی جیایە لە هەموو ئۆپۆزسیۆنەکانی جیهان کە بریتییە لە بەستنەوەی کورسیەکانی پەرلەمان و سەرکردایەتی کردنی ڕێپێوان لە شەقام و شۆستە و گۆڕەپانەکان، بۆ نموونە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا زۆر بەهێزە، هیچ کاتێك سەرکردایەتی خۆنیشاندانێك ناکات کە داوای ڕووخانی حکومەت بکات لەسەر شەقام، چونکە بە کەلتوورە دیموکراتییەکەی باش دەزانێت کەرووخانی حکومەتەکان تەنیا لەژێر قوبەی پەرلەمان دەبێت مادام ڕازی بووە بە گەمەی دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانی.

هەروەها زۆر بە توندی داوای هەڵگرتنی حەسانەم لەسەر ئەندامێکی پەرلەمانم دەکرد کە ڕازی نەبووەو رەتیکردەوە دەقیقەیەك بە هێمنی بوەستێت و فاتیحە بخوێنێت لەسەر خوێنی شەهیدەکانی کورد وکوردستان، لە کاتێکدا ئایینی پیرۆزمان بە ئەرکی دەزانێت رەحمەت و سڵاو وریز لە شوێنەکەوتووانی کتێبە پیرۆزەکان بگرین لە یەهودی و کریستیان، یان ئایا ئێمە سەرپێچی رێساکانی شەریعەتی ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەرمان بکەین کاتێك رۆژانە بەیانی و ئێوارە بڵێین (عیسا و موسا سڵاویان لێبێت) ؟؟؟

هەروەها بەبەشێك لە ئەندامە بەڕێزەکانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنم دەگوت بێ ویژدانییە ئەگەر ئەو مەترسیانەی ئێستا لەسەر کوردستان بەگشتی و شاری (کەرکوك) وناوچە دابڕاوەکانی دیکە هەیە و بە دەنگ ورەنگ دەیبینین و بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەم مەترسییە، بە شانۆگەری یان خۆدزینەوەیە لە بەرەو پێشچوون لە دەسەڵاتی حوکمڕان و ناردنە دەرەوەی گرفتە ناوخۆییەکان بۆ دەرەوە بە ئامانجی خۆدزینەوە لە بزووتنەوەی جەماوەر دابنێین، ئەم جۆرە بیرکردنەوە ئەوپەڕی زوڵم و ناحەقی و جەڵدە کردنی خودی کوردە کە عەقڵ و لۆژیك قبوڵی ناکەن، هەروەها رەخنەیەکی توندم لێیان دەگرت کە کێشە نەتەوەیی و چارەنووس سازەکانمان لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی ناوخۆمان ببەستینەوە و زۆر

جار پێشیان بخەین. دەکرێ جیایان بکەینەوە، با هەموومان دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن یەکگرتوو و هەماهەنگ بین لە یەك هەڵوێست و گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو بەرامبەر بە پرسە نەتەوەییەکانمان و خەبات کردن لەپێناو بەدیهێنانیان.

پەرلەمان چەندین دانیشتنی گرێدا و لیژنەی جیاجیا پێکهێنا و بەپیر زۆربەی بۆچوونەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە هات لەرێگای بەیاننامەیەك کە ١٧ مادده لە خۆدەگرێت، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر ئۆپۆزسیۆن لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز بۆوە و داواکارییەکانی خۆیان زیاد کرد و داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمانی کرد و بەردەوام بوو لە خۆنیشاندان لە گۆڕەپان و شەقامەکان، دیسان جارێکی تر (سەرۆك بارزانی) پەیامێکی پێشکەش کرد کە بریتی بوو لەرازی بوون لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەڵام جارێکی تر ڕەت کردنەوە لەسەر زاری نەوشیروان مستەفا هات بەوەی کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەژێر سایەی ئەو حکومەتەی ئێستا گوایە بەرپرسێکی رەهایە لە هەموو نەهامەتی و ناخۆشیەکان کە کۆمەڵگای کوردستانی بەدەستییەوە دەناڵێنێت و داوای حکومەتێکی تەکنوکراتی سەربەخۆی کرد کە پێکهاتبێت لە شەش ئەندام (بێگومان) بێ ئەوەی ناوی سەرۆکی ئەو حکومەتە ئاشکرا بکات.

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارانە لە هەرسێ هێزی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان-یەکگرتوو- کۆمەڵ) بکرێت کە وەك شاعیریان لێهاتووە ئەوەی دەیڵێن نایکەن، بەیاننامە و بەلاغی کۆبوونەوە ورێکەوتن بڵاودەکەنەوە، دوای ماوەیەك ئەم یان ئەویان خۆی لە هەندێك ماددەکانی دەدزێتەوە و بەرە لەژێر پێی ئەو نوێنەرەی دەردەهێنێت کە بەیاننامە هاوبەشەکەی ئیمزا کردووە:

پرسیاری یەکەم: میکانیزم و چۆنیەتی رێکەوتن چییە لەسەر ئەندامەکانی حکومەتێکی تەکنوکراتی سەربەخۆ؟ ئایا ئەوان ئامادەن هەر کەسایەتییەکی سەربەخۆ قبوڵ بکەن ئەگەر بۆچوون و هزرەکانی لەگەڵ بۆچوون و هزرەکانیان یەك نەگرێتەوە بە کەمترین ڕاددەش؟

پرسیاری دووەم: ئایا ئەوان رێکن و ئامادەن وادەیەکی گونجاو و کەشوهەوایەکی لەبار و بارودۆخێکی سەقامگیر بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان دابنێن.

پرسیاری سێیەم: ئایا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ئامادەن میساقی شەرەف ئیمزا بکەن و بڵاوی بکاتەوە لەرێگای هەموو هۆکارەکانی راگەیاندن و لەسەرتاسەری کوردستان بەسەر گەلدا دابەش بکرێت، کە بە ئەنجامەکانی سندوقەکانی دەنگدان رازین ئەگەررێژەی بردنەوە ئەم لایەن یان ئەویتر چەند بێت و بەڵێن بدات بەشێوەیەکی کۆتایی چیتر سەمفۆنیای ئێستایان دووبارە نەکەنەوە بەتۆمەتبارکردنی ئەندامانی حکومەتی تەکنوکرات و بەپشتگوێ خستن و کەمتەرخەمی چوونە پاڵ ئەم یان ئەو لیستە، ئەو کات ئێمە زۆر بەهێز چەپڵە بۆ پەرلەمان لێدەدەین ئەگەر پێکهاتەکەی هەرچۆنێك بێت، چونکە گەل قسەی خۆی کردووە و ئەو تاکە نوێنەری هەر دەسەڵاتێکە.

هیوادارم و تکایەکی زۆرم لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەیە کە خۆیان لە دابەشکردنی هێزە سیاسییەکان لەنێوان فریشتە و ئەهریمەنەکان دووربخەنەوە و وەك ئەو مەتەڵە شامیەی کە دەڵێت (کۆڵانەکە تەسکە و هەموومان یەکتری باش دەناسین) و پێویستە متەوازیع و واقعی بن چونکە هیچ دەستە یان بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئایینی نییە کە هەموو راستی یان راستییەکی رەهای هەبێت یان لایەنی رکابەری ناراستە و هەر کەسێکی پشتی و بەردەستی ناراستە، زوڵم و بێ ویژدانییە ئەگەر جەماوەر و دەنگدەرانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بە کۆمەڵێك لەکەسانی سوودمەند و ویژدان فرۆش دابنێن لە بەرامبەردا جەماوەر و دەنگدەر و حەریفەکانی خۆیان بە پاڵەوانی چاونەترس و خاوەن شەرەف یان شوێنکەوتوانی سەلەفی ساڵح و موژدەپێدەرانی بەهەشتی فیردەوس دابنێن.

لێرەدا دەمەوێ بەشداری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن (کە لەوانەیە بە یەك لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن) بکەم لە گەشبینی زیاد لە پێویست و خەونە گەورەکانیان بەسەرکەوتنێکی بێ وێنە لە هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی داهاتوو و بەدەستهێنانی زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمانی چاوەڕوان کراو، چونکە مافی خۆیەتی حکومەتێکی نموونەیی پێك بهێنێت، بەڵام ئەو کات دوچاری چەندین کۆست ورێگری دەبنەوە زیاتر لەو گرفتانەی کە حکومەتی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارە بەدەستییەوە دەناڵێنن ئەو حکومەتەی کە علمانییە بە بەرنامە سیاسییەکەی و پیادەکردنی رۆژانەی لەسەر ئەرزی واقع هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، ئایا ئەم حکومەتە بە چ رێباز و چ ئایدۆلۆژیایەك ئەدای خۆی پیادە دەکات لە کۆمەڵگای کوردستان کە پێکهاتووە لە پێکهاتەی ئایینی و مەزهەبی و ئیتنی جیا جیا.

بەرێبازی بزووتنەوەی گۆڕانی عەلمانی و گەنجە کاریگەرەکانی بە شارستانیەتی رۆژئاوا و تەکنۆلۆژیای نوێ (ئەنتەرنێت- مۆبایل- فەیس بووك و تویتەر) کە داوای ئازادی زیاتری تاك دەکات لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی مافی ئافرەت لە کار کردن و گەڕان بەبێ کۆت و بەند و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان و سنووردانان بۆ دیاردەی فرەژنی و ئیدانە و مەحکوم کردنی بەناو تاوانەکانی شەرەف و غەسلی عار...تاد .

لەگەڵ دوو هاوبەشی دیکە لەم هاوپەیمانیەتییەی ئێستا کە هەوڵ دەدەن بۆ دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامی و بە تەبەننی کردنی شەریعەتی ئیسلامی و ژیانی سەلەفی ساڵح وەك دەستوورێك بۆ خۆیان لە دروشم و پیادە کردنی بەلایەنی کەمیان ئەو ئایەتە پیرۆزانە (الرجال قوامون على النساء) یان (أحل لكم الزواج مثنى وثلاث ورباع وما ملكت أيمانكم) و سزادانی ئافرەتی زیناکارو رەجماندنی بە بەرد تا مردن لە مەیدانی ئازادی لەبەردەم ئەم لاوانە.. ئەمانە هەموویان کێشەگەلێکن وەك مەتەڵی بێ وەڵام ماونەتەوە لەلای هەموو پێکهاتە و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی.

ئایا ئۆپۆزسیۆن بە کوتلە جیاوازەکانییەوە لەرووی فکر و ئایدۆلۆژیا لەسەرخاڵی هاوبەش رێککەوتوونە بۆئەو کێشە زەحمەت و ئاڵۆزانە، یان گواستویانەتەوە بۆ دوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتێکی نموونەیی و ئەو کاتیش هەر ڕووداوێك قسەی خۆی دەربارە دەکرێت.

*** سیاسەتمەدارێکی کوردی سوریا**



# پایتەختی گەشتیاری لەکوردستان چۆن خۆی بۆ پێشوازی گەشتیاران ئامادەکردووە؟

## پرۆژە گەشتیارییەکان لە شەقڵاوە بە بیانووی ماستەرپلانەوە ڕاگیراون

شـــەقڵاوە یەکێکە لەو شـــارو ناوچە گەشتیارانەی کە دەکەوێتە سەنتەری هەرێمی کوردســـتان و یەکێکە لەهاوینە هەوارە بەناوبانگەکانی کوردســـتان، بە دووری (٤٨) کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری شاری هەولێر و لە هاویندا پلەی گەرمای نزمترە لەکەشوهەوای هەولێر، دەکەوێتە دامێنی چیای سەرکەشی سەفین، شەقڵاوە زۆر دەوڵەمەندە بە دارودرەخت و میوەو خواردەمەنی دروستکراوی کوردەواری.

لە ســـاڵی ١٩٥٢ بۆتە قەزا، ناحییەکانی (ســـەلاحەدین و هیران و باسرمە و بالیســـان و هەریر) و(٢١٧) گوند لەخۆ دەگرێت، ژمارەی دانیشـــتووانی (١٣٠) هەزار کەســـە، لە کۆنەوە خەڵکەکەی بە گشتی خەریکی کاری گەشتیارین و هەندێکیش خەریکی ڕەز و باخی میوەو سەوزەن، شەقڵاوە لە دوای ڕاپەڕینەوە بەگشتی و ساڵی ٢٠٠٣ بەتایبەتی ژمارەیەکی زۆر کار و پرۆژەی جیاجیای تێدا ئەنجامدراوە، بەڵام لێرەو لەوێ هاووڵاتیانی ســـەنتەری قەزاو ســـنوورەکە گلەیی و گازندەیەکی زۆریان لە بارەی نەبوونی کار و پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و گەشتیارییەوە هەیە. ئێستاکە وەرزی گەشتیاری دەستی پێکردووەو بەو پێیەی شەقڵاوەش بە پایتەختی گەشتیاریی کوردستان دادەنرێت، بۆیە پێویســـتە لەهەموو قەزایەکی تر زیاتر خۆی بۆ میوانداریی و پێشـــوازیکردنی گەشتیاران ئامادە کردبێت، ئێمە وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان لەســـەردانێکی قەزای شەقڵاوەدا ژمارەیەك هاووڵاتیانمان دواندو ئەوانیش ڕەخنە و گلەییان لەچەند لایەنێکی خزمەتگوزارییەکانی ناو سەنتەری قەزاکە گرت، لەوانە کەمی ئاوی خواردنەوەو خراپی شەقامەکان و کۆڵانەکانی زۆربەی گەڕەکەکان بەتایبەتـــی گەڕەکی بێترمەو جێگەتازەکان، بۆ خســـتنەڕووی گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیان و چەند پرســـیارێکی تر سەردانی (دلاوەر ئۆمەر) قایمقامی قەزای شەقڵاوەمان کردوو بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.





دلاوەر ئۆمەر قایمقامی قەزای شەقڵاوە بۆ (گوڵان):

# شاری گەشتیاریی سەرچیای سەفین جێبەجێ ناکرێت

**پێویستە ژمارەیەکی زیاتر لە ئوتێل و مۆتێل و خانووی گەشتیاریی لە شەقڵاوە دروست بکرێت**

سەبارەت بەکار و پڕۆژەی گەشتیاری و ئەو ئاسانکاری و هاوکارییانەی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت لەبواری پڕۆژەکانی گەشتوگوزاری لە قەزاکەدا پێشکەشی دەکات و هەروەها ئەو هۆکار و گرفتانەی کە دەبنە هۆی کەمی پڕۆژەکانی گەشتیاری، قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: شەقڵاوە پایتەختی گەشتیاری کوردستانە، هەر لە کۆنەوە بەتایبەتی لە دوای سالانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و هەندێك لە وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان لە هاوینەوهەواری شەقڵاوە کردووە، لەبەر ئەوەی لە وەرزی هاویناندا پلەی گەرمای (٨-١٠) پلە لە خوار پلەی گەرمای هەولێرەوەیە، لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان لەساڵی (١٩٩١)و بەپێی بودجەو ئەو ئیمکانیاتەی لەبەر دەستی حکومەتی کوردستان بووە، جۆرەها کار و پڕۆژەی خزمەتگوزاری و گەشتیاری بۆ کراوە، بەڵام سیاسەتی حکومەتی کوردستان لەبواری گەشتوگوزاری زیاتر گرنگیدانە بە کەرتی تایبەت و هەوڵدراوە لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری و پشتگیری و ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت بکرێت، بۆ ئەوەی پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام بدرێت، لەو هاوکارییانەش وەکو پێدانی زەوی و ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەکو ڕاکێشانی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەو ئەنجامدانی پڕۆژەکانی تری ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان و کارەبایە.

لە ساڵی ڕابردوو (٢٠١٠) ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەی گەشتیاری لە قەزای شەقڵاوە دەستی پێکرد، ئەو پڕۆژانە بەبڕی (٤٠) ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، جگە لەم پڕۆژانە خەڵکی شاری شەقڵاوە ئەوەی باخچە و خانوو و ژووری هەیە بەکرێی دەدەن، ئەمە لەلایەك داهاتێکە بۆ خەڵکەکە لەلایەکی تر هاوکارییەکی باشی کەرتی گەشتیارییە، سەرەڕای ئەمانە لە دوو ساڵی ڕابردوو لە وەرزی گەشتیاری ڕێژەی گەشتیار زۆر زیادی کردبوو، بەشێوەیەکی ئاوابوو گەشتیار لەناو باخچە و سەرشۆستەکان دەنووستن، ئێمەش بەشێوەیەکی کاتی خێمەمان بۆیان دابین کردن، بۆیە پێویستە ژمارەیەکی زیاتر لە ئوتێل و مۆتێل و خانووی گەشتیاری لە شەقڵاوە دروست بکرێت، سەرەڕای ئەمە ماوەیەك لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە بیانووی ماستەرپلانەوە کاروپڕۆژەکانی گەشتوگوزاری ڕاگیراوە، ئەگەر ئاوا نەبووایە تا ئێستا ژمارەیەکی تر لە پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام دەدرا، بۆیە بەپێویستی دەزانم بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئاسانکاری زیاتر بۆ کاروپڕۆژەی گەشتیاری بکات، ئێستا لە ناوچەی سۆرك ژمارەیەك پڕۆژەی گەشتیاری لەژێر ئەنجامدانە، هاوکات لە تەنیشت ئەم پڕۆژانەوە پڕۆژەی تر هەیە ڕاگیراوە، کە نەدەبووایە ڕابگیرێت و بۆ ئەو مەبەستە داواکاریم بەرزکردۆتەوە. هەروەها ئەو پڕۆژەی شاری گەشتیارییەی کە لەسەر چیای سەفین دیزاینی بۆ کراوە بە پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ و بەسوود و پێویست دادەنرێت، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەو پلانەی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و دەستەی وەبەرهێنان دانراوە وازوو ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ ناکرێت، لەبەر ئەوەی پڕۆژەیەکی گەورەو ستراتیژی گەشتیارییە کە بڕی زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری بۆ دانراوە، ئەو جۆرە پڕۆژە گەورانە هەموو وەبەرهێنەرێك ناتوانێ جێبەجێی بکات، چونکە هەموو وەبەرهێنەرێك جەدوەلی ئابووری خۆی حیساب دەکات، لەبەر ئەوەی دەیەوێت ئەو پارەیەی خەرجی دەکات لەماوەیەکی دیاریکراو دەستی بکەوێتەوەو قازانجیش بکات، بۆ جێبەجێ کردنی شارە گەشتیارییەکەی سەر چیای سەفین دوو پێشنیار دەخەمەڕوو، یەکەم هەر (٥ تا ١٠) دۆنم زەوی پڕۆژەکە بە پارەیەکی کەم بدرێت بەوەبەرهێنەرێك، لەئەنجامدا پارەیەکی زۆر کۆدەبێتەوە، چونکە ڕووبەری گشتی شارە گەشتیارییەکە زۆر فراوانە، دووەم بەو بڕی پارەیەی کۆ دەکرێتەوە لە فرۆشتنی زەوییەکە پڕۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان جێبەجێ بکرێت، بەپیادەکردنی ئەو هەنگاوانە دەتوانرێت پڕۆژەکە ئەنجام بدرێت و سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

**شەقڵاوە توانای وەرگرتنی ٥ هەزار گەشتیاری هەیە، کەچی ڕۆژ هەبووە ٨ هەزار گەشتیار ڕووی لەم شارە کردووە**

سەبارەت بەوەی بۆچی لەوەرزی گەشتیاری بەتایبەتی کە شوێنە گەشتیارییەکان قەرەباڵغ دەبێت گەشتیار ئیستغلال دەکرێت و نرخی ئۆتێل

## لەساڵی ڕابردوو لە شەقڵاوە بەبڕی (٤٠) ملیۆن دۆلار دەست بەئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاریی کراوە

و مۆتێل و شـــوێنی حەوانەوە بە گەشـــتی چەند بەرامبەر زیاد دەبێـــت، دلاوەر ئۆمەر قایمقامی قەزای شـــەقڵاوە وتی: ئەمەش هاوکێشـــەیەکی ئابوورییە کە پەیوەندی بە خستنەروو و داواکارییەوە هەیە، لە هەموو دنیادا ئەگەر خواست لەسەر هەر کاڵا و کەلوپەلێك زیاتر بێت ئەوە نرخی بەرز دەبێتە، شاری شەقڵاوەش شارێکی گەشتوگوزاری خۆش و ناسراوە دیمەن و سروشتەکەی ڕوحی گەشتیار بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بەمەش خەڵکێکی زۆر لە گەشـــتیار ڕووی تێدەکەن، بەڵام شارەکە توانای وەرگرتنـــی تەنیا (٥) هەزار گەشـــتیاری هەیە، گەرچی ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ ڕۆژ هەبووە پتر لە (٨) هەزار کەس ڕووی لە شـــەقڵاوە کردووە، لە ئەنجامدا شـــوێنی حەوانەوە زۆر بە زەحمەتی دەســـت دەکەوێت، بۆیە لەو کاتەشدا خاوەن ئۆتێل و مۆتێلەکان نرخیان بـــەرز کردۆتەوە بە هەلیان زانیوە ئیستغلالی گەشتیارانیان کردووە، هەر بۆیە ئێمە ساڵانە چەند جارێك لەگەڵ خاوەن ئۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە و. تاد کۆ دەبینەوە ڕێنماییان دەکەین و پێیـــان ڕادەگەیەنین کـــە نرخەکان لە ئاستی دیاریکراو بەرزنەکەنەوە هەوڵدەن گەشتیار بۆ لای خۆیان ڕابکێشن تاوەکو گەشتیار لە بری ئـــەوەی هەفتەیەك بمێنێتەوە با ماوەی پتر درێژە بە گەشـــتەکانیان بدەن، واتە با خاوەن کارو ئۆتێل و مۆتێلـــەکان کەم خۆری دایم خۆربن، لەلایەکی تر نرخ بە وەرزی ســـاڵ و ڕۆژ دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە ئەو خانووەی لە وەرزی زستان مانگانە بە دوو سەد دۆلار بە کرێ دەچێت لەبەهار و هاوین دا هەمان خانـــوو نرخی دەگاتە هـــەزار دۆلار، هاوکات بەرزبوونەوەی نرخـــەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەمـــی پرۆژەی گەشـــتیاری بەتایبەتی ئۆتێل و مۆتێـــل، بۆیە لێرەدا بە پێویســـتی دەزانم داوا لەلایەنی پێوەندار بکەین کە ئاسانکاری زۆرتر و باشتر بۆ وەبەرهێنەران بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی دەیانەوێت خزمەت بە بواری گەشـــتیاری بکەن، نەك وەکو ئێســـتا پرۆژەی گەشتیاری ڕابگرن و سستی بخرێتە ناو مامەڵە و کارەکانیان بەبیانووی جیاجیا.

### گەرچی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کار لە پاککردنەوەی شەقڵاوە دەکات، بەڵام گرفتی زبڵ و خاشاك هەر ماوە

کۆکردنەوەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵ و خاشاك یەکێکە لە گرفتەکانی شـــاری شەقڵاوە، ئەگەر ڕۆژانـــە بەتایبەتی لە وەرزی گەشـــتیاری دا گوزەرێك بە کوچە و کۆڵان و سەنتەری شار بکەین دەبینیت چەند زبڵ و خاشاك کۆبوونەتەوەو شارەکە چەند پیس و زبڵی تێدایە، لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای شـــەقڵاوە وتی: گرفتی زبڵ و خاشاك لە شەقڵاوە هەیە لە کاتی خۆ ڕزگارکردنیش لە زبڵ و خاشاکەکە گرفتەکە پتر زەق دەبێتەوە، چونکە لە ئەنجامی بۆن و پیسییەکەی خەڵك هەراسان و بێزار دەبن، هەر بۆیە بڕیارە قەزای شەقڵاوە یەکەم یان دووەم شوێن بێت کە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کار و ئیشی پاککردنەوەی دەخاتە ئەستۆی خۆی، ئـــەو کۆمپانیایەش ماوەیەکە کاری پاککردنەوەی قەزای شەقڵاوەی دەســـت پێکردووە، بەڵام لێرەدا کێشـــەیەك هاتۆتە ئاراوە کاتێك کە شەقڵاوە درا بـــەم کۆمپانیایە چەند مەرجێکمان دیاری کردبوو لەوانە ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە زبڵ و خاشاکەکە کۆ دەکەنەوەو دەگوازنـــەوە دەبێت کەپس بن، بەڵام لە کاتی گرێبەستەکە ئیمزا کراوە، ئەو مەرجە دیاری نەکراوە، بۆیە ئێســـتاکە هەندێ لە ئۆتۆمبێلەکان (لۆری و گەلابە و پیکابن) ئەمانەش هۆکارێکن بۆ پەرش و بلاوبوونەوەی زبڵ و خاشاك بەتایبەتی لە کاتی گواستنەوەی زبڵ و خاشاکەکە، چونکە سەری ئۆتۆمبێلەکان بەتاڵەو زبڵ و خاشاکی لێ دەرژێـــت، ئەو دیاردەیە لـــە وەرزی هاوینان زۆر زیاد دەکات، هـــاوکات هەمان کۆمپانیا دەیەوێت کارگەیەکی ڕیسایکلین دابنێن بۆ خۆ ڕزگارکردن لە زبڵ و خاشـــاکەکە، بەڵام کێشە لەسەر شوێنی کارگەکـــە هەیە، چونکە گوندەکانی دەوروبەری شەقڵاوە ڕەزامەندییان لەسەر نییە، بەڵام خەریکین ئەو گرفتەش چارەســـەر بکەیـــن، بە دانانی ئەو کارگەیەش شـــەقڵاوەو سنوورەکەی لە گەورەترین کێشە و گرفت ڕزگاری دەبێت.

### پێویستە قەیرانی نیشتەجێبوون لە شەقڵاوە چارەسەر بکرێت

لە دوای ڕاپەڕینی ســـاڵی ١٩٩١ هەموو شار و شـــارۆچکەکانی کوردســـتان ئاوەدانی ڕووی تێکردوو بەرفراوانبوون، شاری شەقڵاوەش یەکێکە لەو قەزایانە کـــە بەرفراوانییەکی زۆر و خێرایی بەخۆوە دیتووە، بەڵام بەرفراوانییەکە پتر لە ســـەر حسابی زێدەڕۆییە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: ماستەرپلانی شەقڵاوە لە قۆناغی کۆتاییدایەو تەواو دەبێت، فراوانبوونی شـــەقڵاوە زیاتر بەرەو ڕێگای هەریر دەڕوات.

بێگومان دیـــاردەی زێدەڕۆیی هەیە، ئەمەش لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکـــی تایبەتەوە کراوە، ئەو زێدەڕۆییـــە زیاتر لە بناری چیای ســـەفینە، بۆ چارەســـەرکردن و پێش گرتنەوە لەم دیاردەیە کار و ئیجرائات کراوە، بەڵام نەمانتوانیوە لە(١٠٠٪) چارەســـەری بکەین، هەر بۆیـــە خەڵکێکی زۆر گلەیی دەکـــەن، بەتایبەتی ئەوانـــەی خانوویان نییـــەو کرێچین و پارەی کرێیەکەشـــیان زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوێت، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانـــم ئاماژە بەوە بکەین کە لەســـەرمان ئەرکە چارەســـەری قەیرانی نیشـــتەجێبوون بۆ خێزانە هەژارو کـــەم دەرامەتەکان بکەین، چ لە ڕێگەی پێدانی زەوی و سولفەی خانووبەرە، چ لە ڕێگەی پرۆژەی نیشـــتەجێبوون کە بگونجێت لەگەڵ بار و گوزەرانی خەڵکەکـــە، چونکە ئەو خانووانەی ئێستـــا لە ڕێگـــەی دەســـتەی وەبەرهێنانەوە لە شـــەقڵاوە دروســـت دەکرێت، ئەو خێزانە هەژار و کەم دەرامەتانەی کرێچین سوودی لێ وەرناگرن، چونکـــە نرخەکەی زۆرە نەدەتوانن پێشـــەکییەکە بدەن، نەقیستی مانگانە بدەن.

### پرۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوەی (مەسیف سەڵاحەدین و کۆڕێ و شەقڵاوە)لە ژێر جێبەجێکردنە

یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی زۆربەی گەڕەك و دانیشـــتوانی قەزای شەقڵاوە دەبێتەوە، کەمئاوییە. ئایا بۆ ئەولایەنە گرنگەی ژیان چـــی کراوە، لەمبـــارەوە قایمقامی قەزای شـــەقڵاوە پێی وابوو گرفتی ئـــاوی خواردنەوە لە ســـەنتەری قەزا هەیە، بەڵام ماوەی ســـاڵێکە پرۆژەیەکی ستراتیژی بە گوژمەی (١٧٥) ملیار دینار لـــە ژێر جێبەجێ کردن دایـــە کە لە زێی قەندیلەوە ئاو دەهێنێت بۆ (مەســـیف سەڵاحەدین و کۆڕێ و شـــەقڵاوە) و هەندێ گوندی ســـەر ڕێگای پرۆژەکەش ســـوودی لێ وەردەگرن، بە وتەی قایمقامـــی شـــەقڵاوە بەتەواوبوونی ئەو پرۆژەیە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ گرفتی کەمئاوی لە شەقڵاوە نامێنێت.

### لە ناوچەکە(١٠) تلیفریکیش هەبێت باشە و هیچ گرفتی نییە، شارەکە و ناوچەکەش دەرازێنێتەوە

بڕیار بوو تلیفریك لە چیای ســـەفین دروســـت بکرێت بۆچی ئەو پرۆژەیە دواکەوتووە یان دەستی پێ نەکردووە، لەمبارەوە قایمقامی شەقڵاوە وتی: ئەو تلیفریکە لەگەڵ دیزاینی شارە گەشتیارییەکەی ســـەر ســـەفین دانرابـــوو، ماوەیەك پێش ئێســـتا هاووڵاتییەك بەهـــاوکاری کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بۆ دانانی ئەو تلیفریکە داواکاری پێشکەشـــکرد، بەڵام ئـــەو داواکارییەش لەلایـــەن بەڕێز وەزیری شـــارەوانی و گەشتوگوزار ڕاگیراوە مۆڵەتی پێ نەدا، لەبـــەر ئەوەی گوایە ئەو پرۆژەی شـــاری گەشتیاری سەر چیای سەفین پرۆژەی تلیفریکی لەگەڵدایە، بـــەڵام من ئەو ڕاگرتنە بەهەق نازانم، بەڵکو پێویســـتە مۆڵەت بەو پرۆژەیـــە بدرابوایە، چونکە لە ناوچەکە(١٠) تلیفریکیش هەبێت، باشە و هیچ گرفتێك نایەتە پێش.

### بەپێویستی دەزانم بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئاسانکاری زیاتر بۆ کاروپرۆژەی گەشتیاری بکات

## ڕێگاوبانی سنوورەکەمان زۆر خراپ و بێسەروبەربووە

وەکو دەزانین ڕێگاوبان بۆ هەموو شار و شارۆچکە و ناوچەیەك گرنگی تایبەتی هەیە بۆ کاری ڕۆژانە و بازرگانی و بەرەو پێشەوەچوونی وڵات، لەلایەن حکومەتی عێراقی گرنگی زۆر بەمبوارە نەدرابوو، بەتایبەتی ڕێگاوبانە سەرەکی و گوندەکان، سەبارەت بەم بوارەش قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: ئێمەساڵانە بەپێی ئەو بودجەی کە بۆمان دادەنرێت لەگەڵ ئەو کاروپڕۆژانەش کە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە لەسەر بودجەی پەرەپێدان بۆمان دەکرێت، کاروپڕۆژەی قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەری شار و گەڕەکەکانمان ئەنجامداوە، بەڵام ئەمساڵ لە(٧٥٪)ی بەرنامەکەمان ئەنجام داوەو لە(٢٥٪)ی تر کەوتە وەرزی زستان، بۆیە سستی کەوتە ناو بەشێك لەبەرنامەکە، سەرەڕای بەردەوامی پڕۆژەی قیرتاوکردن کەموکوڕی و گرفت هەرماوە، چونکە خێرایی بەرفراوانبوون و زیادبوونی گەڕەکەکان زۆر زیاترە لە بودجە و ئەو بەرنامە و پلانانەی دایدەنێن، لەلایەکی تر ڕێگاوبانی سنوورەکەمان زۆر خراپ و بێسەروبەربوو، بەڵام ئێستا کە زۆربەی گوندەکان ڕێگای بۆچووە، هەروەها ڕێگایەك لە بەستۆرە و بۆ قەندیل دروستکرا کە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری نێوان هەولێر و حاجی ئۆمەران هاتوچۆی لەسەر دەکەن و سوودی لێ وەردەگرن، ڕێگای جووت سایدی (کۆڕی- شەقڵاوە- قەندیل) کە ڕێگایەکی ستراتیژیی و ستانداری جیهانییە و چوار تۆنێلی تێدایە ئێستا لەژێر جێبەجێکردن دایە کە بڕی ئەو پڕۆژەیە(١٧٠) ملیار دینارە، هاوکات ماوەیەکە پڕۆژەی تۆنێلی چیای پیرمام دەستی پێکردووە، بەتەواوبوونی ئەو پڕۆژەیەش ماوەی نێوان هەولێر و شەقڵاوە زۆر کەم دەبێتەوە.

## دەسەڵات دابەش کراوە بەڵام بودجە نییە

ئەگەر دەسەڵات بۆ یەکە ئیدارییەکانی خوارەوە دابەزێت، کار و پڕۆژەکان باشتر و زووتر بەڕێوەدەچن و ڕۆتینیش تا ڕاددەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە، هەر بۆیە لە ساڵی (٢٠١٠) بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئیداری دابەزی، ئایا ئەو دابەزینی دەسەڵاتە کاری پێکراوە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: یەکێك لە کێشە و گرفتەکانی سیستەمی حوکمڕانی ئێمە دانەبەزاندنی دەسەڵاتە، چونکە لەکاتی دابەزاندنی دەسەڵات بۆ خوارەوە دەتوانرێ بەرپرسی کەمتەرخەم دیاری بکەیت و ئەو بەرپرسەی کەمتەرخەمیش نییە دەتوانێ کاروپڕۆژەکان بەباشی و لەکاتی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام وەکو ئێستا لەنێوان من و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان دا کاروئیش و گرفت و کەمتەرخەمییەکان تێکەڵ دەبێت و نازانرێت کامە کەس و بەرپرس هۆکاری کێشە و کەمتەرخەمییەکەیە، بێگومان دابەزاندنی دەسەڵات یەکێکە لە کارە هەرە باشەکان کە دەتوانرێ پتر خزمەتی هاووڵاتیان بکرێت و ئەو کەسانەی کە لە قەزا و ناحیەکان کار دەکەن هەر کەسێك بێت ئەوان زیاتر ئاگادارن لە ئێش و ئازاری خەڵکەکە و دەزانن داواکاری و پێویستی شارەکە چییە. ئەگەر هاتوو دەسەڵات بە تەواوی دابەزێت، ئەو کات بۆ نموونە دەتوانرێ ئەزمەی کرێچیایەتی و نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت و بە کورتی دەتوانین بڵێین تا ئێستا دەسەڵاتی ئیداریی دانەبەزیووە و دەسەڵاتی داراییشمان نییە و هیچ جۆرە بودجەیەکمان لەبەر دەست نییە و بەبێ موجامەلە ئەگەر جەنابی پارێزگار نەبێت کە گوێمان لێ دەگرێت و بەدەنگ داواکارییەکانمانەوە دێت، دەنا زۆر کەمتەرخەم و شەرمەزار دەبین و گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیانمان زۆر دێتە سەر، ئەگەر بۆرییەکی ئاوی خواردنەوە لە گەڕەکێك بشکێت ئێمە ناتوانین بڵێین بڕۆن لە ماوەی یەك کاتژمێر چاکی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی بودجەمان لەبەر دەست نییە، ئەمانەش کێشەیە و ئەرکە لەسەر شانمان دەبێت بۆ خەڵکەکە بیکەین، لەلایەکی تر شارەوانی دەسەڵاتی سەرفی (٣٨) هەزار دیناری هەیە، پەنچەری یەك تایەی شۆفڵ پتر لە (٤٠) هەزار دینارە، بەمجۆرە کارەکان بەڕێوەناچێت و گرفت و کێشە زیاتر دەبێت، بەم دواییانە هەندێك دەسەڵاتی دارایی درا، بەڵام وتیان بودجە نییە، واتە دەسەڵاتەکە لە بۆشایی و هەوایە.

**دیاردەی زێدەڕۆیی لەشەقڵاوە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتەوە کراوەو زیاتر لە بناری چیای سەفینن**

## سوودی زۆر لە بودجەی پەرەپێدان وەرگیراوە

سەبارەت بە بودجە و پڕۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگا قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: لە ساڵی ٢٠٠٩ لیژنەیەکی پەرلەمانی و ئاوەدانکردنەوە هەموو قەزاو ناحییەکانیان بەسەر کردەوەو لە دانیشتنێکدا گفتوگۆکرا و هەر هەموو قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە شار و شارۆچکەکان لە کاروپڕۆژەکاندا سوودی زۆر لە بودجەی پەرەپێدان وەردەگرین و ڕۆتینی کەمترە و ڕاستەوخۆش سوودی گەیاندووە، بۆیە لیژنەکە بڕیاریاندا کە ئەو ڕاوبۆچوونەی هەیە بگەیەنن بە پەرلەمان و حکومەت بۆ ئەوەی هەوڵدرێت بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا زیاد بکرێت، بەڵام بەداخەوە بودجەکە کەمی کردەوە.



**قوتابخانە لە هەموو گوندەکانی سنووری قەزای شەقڵاوە هەیە**

هەموو لایەکمان گرنگی پەروەردەو فێرکردن بۆ کۆمەڵگە دەزانین چییە؟ بۆ ئەوەی بزانین کێشەو گرفتەکانی بـــواری پەروەردە لە چ ئاســـتێکە، قایمقامی شەقڵاوە وتی: پێویستییەکانی بواری پەروەردە ئەوەی ئیستا هەیە بۆی هەیە لە ماوەی ساڵێك تا دوو ساڵ چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێستا لەبەر وێرانکاری پێشــتر کەموکوڕیمان زۆرە کە هەوڵدەدەیـــن ئـــەو کەموکوڕیانـــە پڕبکەینەوە و چارەســـەر بکرێت، لەگەڵ ئەمەش بەرفراوانی و ئاوەدانی لە شـــارەکە و ســـنوورەکە زیاد دەکات، ئەمانە هەمـــووی وایکردووە بـــە کاروپرۆژەکان ڕانەگەین، ئەگەر ئێســـتا لەســـەنتەری شەقڵاوە پێویســـتیمان بـــە دوو بینایـــەی قوتابخانە بێت ساڵێکی تر دوو قوتابخانەی تریش پێویستە، لەبەر ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی شار و سنوورەکە لە زیادبووندایە.

بەڵام بـــۆ چارەســـەری یەکجارەکی بواری پەروەردە پێویســـت بـــەوە دەکات بودجەیەکی زۆر تەرخان بکرێـــت، تاوەکو بەیەکجار چارەســـەری کەموکوڕییـــەکان بکرێت، باوەڕیـــش ناکەم ئەو کارەش بکرێت، لەبەر ئەوەی بودجەی گەورە لەبەر دەســـت نییە، بۆیـــە بەڕاوبۆچوونی من تا(١٠) ســـاڵی تریش کێشـــە و گرفتەکانی پەروەردە لە قەزای شەقڵاوە هەر دەمێنێت، سەرەڕای ئەمەش لە هەمـــوو گوندەکانـــی ســـنوورەکە قوتابخانە هەیە، تەنیا ســـاڵی (٢٠١٠) چـــوارده قوتابخانە دروستکراوە و ئەمســـاڵیش چەند قوتابخانەیەکی تر دروســـت دەکرێت، هەر ئێســـتا لە شـــەقڵاوە قوتابخانەیەکی (٢٤) پۆلـــی لەژێر ئەنجامدانە، لەشاری شەقڵاوە سێ دەوامی لەیەك بینایە نییە و میلاکاتیش تا ڕادەیەك باشە.

**لە نەخۆشخانەی گشتی شەقڵاوە نەشتەرگەری گەورەش ئەنجام دەدرێت**

ســـەبارەت بە بواری تەندروســـتی قایمقامی قەزای شـــەقڵاوە وتی: لە بواری تەندروســـتی شـــەقڵاوە لە زۆربەی قـــەزاو ناوچەکانی تری کوردستان باشترە، لەســـەنتەری قەزا بنکەیەکی تەندروستی و نەخۆشخانەیەکی گشتی بەرفراوانی هەیە، نەخۆشـــخانەکە هەموو جۆرە پزیشکێکی پسپۆڕایەتییەکانی لێیە و نەشتەرگەری گەورەشی تێـــدا ئەنجام دەدرێـــت، هەروەها بـــۆ هەرچەند گوندێکیش لە سنوورەکەدا بنکەیەکی تەندروستی دروستکراوە.

**ساردکەرەوەیەك(بەڕاد) لە قەزای شەقڵاوە بۆ هەڵگرتنی میوەی سنوورەکە زۆر پێویست و گرنگە**

سنووری قەزای شەقڵاوە بەناوبانگە بەجۆرەها میوە، بۆ پاڵپشـــتی جوتیـــاران و یارمەتیدانیان پێویست بەوە دەکات حکومەت یان کەرتی تایبەت کارگەی قوتووبەند لە سنوورەکە دابمەزرێنن، ئایا هیچ جـــۆرە پرۆژەیەکی لەمجۆرە لە شـــەقڵاوە هەیە؟ لەمبارەوە قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: تا ئێستا هیچ کارگەیەکی لەمجۆرە لە ناوچەکە دانەمـــەزراوە، ئـــەم کارەش بەپێی سیاســـەتی حکومەت دەبێ کەرتی تایبەت کاری لەسەر بکات و داواکاریش لەلایەن کەرتی تایبەت هەبوو، بەڵام نازانیـــن بۆ نەهاتوون بەفیعلی کاربکەن، هەروەها (بەڕاد) ســـاردکەرەوەیەك بـــۆ هەڵگرتنی میوەی سنوورەکە زۆر پێویســـت و گرنگە و پاڵپشتی و هاوکاریەکی باشی جووتیارانیشە.

**قەزای شەقڵاوە لەڕووی ئامێرەکانەوە زۆر هەژار و دەست کورتە**

بۆ بـــواری خزمەتگـــوزاری و ڕاپەڕاندنی هەنـــدێ ئیش و کار پێویســـتە هەموو قەزا و ناحییەکان هەندێ ئامێریان لەبەردەســـت بێت، ئایا قەزای شـــەقڵاوە ئامێری پێویستی هەیە، لەمبـــارەوە قایمقامی قەزای شـــەقڵاوە وتی: قەزای شـــەقڵاوە لـــەڕووی ئامێرەکانەوە زۆر هەژار و دەست کورتە، شـــارەوانی شەقڵاوە و هەمـــوو ســـنوورەکە تاکەیەك شـــۆ فەڵی نییە لەکاتی خۆی شۆ فەڵێکمان هەبوو بەناوی تیم دروســـتکردن لێیان وەرگرتینەوە، گەلابەیەکی زۆر بچووکمان هەیە، ئەگـــەر یەك مەتر قوم و چـــەوی تێبکرێت ناتوانێ بە شـــەقامەکاندا بڕوات، لەبەر ئەوەی توانـــای کارکردنی زۆر کەمـــە و بۆ چاککردنـــەوەی گرفتی کارەبا و ڕووناك کەرەوەکانمان ســـەلەی کارەبامان نییە، لەکاتی پێویســـتی دەبێ داوا لە هەولێر بکەین بۆ ئەمەش دەبێ نۆرە بگرین.

لە کۆتاییشدا قایمقامی قەزای شەقڵاوە وتی: بێگومان لەلای من چارەســـەرکردنی ئەزمەی نیشـــتەجێبوون بەتایبەتی بۆ ئەو کەســـانەی کرێچیـــن و داهاتێکـــی کـــەم و دیاریکراویان هەیە گەورەترین کار و پرۆژەیە، بۆیە پێویستە حکومـــەت ئەم کارە بخاتە بەرنامە و ئیشـــی لەســـەر بکات، چونکە خێزانـــە کرێچییەکانی شەقڵاوە زۆر هەژار و مەغدورن.

هەروەها پێویستە وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان لەبواری گەشتوگوزاری گرنگییەکی تایبەتی بە شـــەقڵاوە بدەن و ئاسانکاری بۆ ئەو کەسانە بکەن کـــە دەیانەوێت پـــرۆژەی وەبەرهێنانی گەشتیاری ئەنجام بدەن.

**ماوەیەکە پرۆژەی تۆنێلی چیای پیرمام دەستی پێکردووە، بەتەواوبوونی ئەو پرۆژەیەش ماوەی نێوان هەولێر و شەقڵاوە زۆر کەم دەبێتەوە**

